ڕوانگەیەکی نوێ لەپێناو ئاسایش
لە کەنداوی عەرەبیدا

سوپاکانی ئاسیای ناوەڕاست
برەو بە هەماهەنگیی ناوچەیی دەدەن

چارەسەرێکی فرەنەتەوەیی
بۆ ئاسایشی دەریای سوور

# UNIPATH



## ئاسایش لە ڕێگەی هەماهەنگییەوە



سەردانکەران لە شاری ئەلولا لە سعودیە وێنەی مەڕایا (ئاوێنە) دەگرن، گەورەترین بینای ئاوێنەیی لە جیهاندا، کە لەلایەن فلۆریەن بۆجەوە دیزاینکراوە.

AFP/گێتی ئیمەیجس

# گرتەکانی سەرەتا



ڤیستیڤاڵی کۆلارە هەڵدانی 2025ی قەتەڕ لە مانگی کانونی دووەم، ئاسمانی بەندەری کۆنی دۆحەی هەمەڕەنگ کرد.

AFP/گێتی ئیمەیجس

# پێڕست


**6** **هەماهەنگی لە قەیرانەکاندا**
مەشقی سەربازیی هەماهەنگیی ناوچەیی 24 سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست، پاکستان و مەنگۆلیا بۆ سەقامگیرکردنی وڵاتێکی خەیاڵی کە لە ژێر هێرشدایە بەشداری پێدەکات

**10** **سەرکەوتن بەسەر حوسییەکاندا بۆ پاراستنی ناوچەکە**
**موعەمەر ئەلعریانی،** وەزارەتی زانیاری، کلتوور و گەشتیاریی یەمەن

**12** **هێزە چەکدارەکانی لوبنان ناوچەی باشووری وڵات دەپارێزن**

**14** **سعودیە هەوڵی ئاسایشی ناوچەیی دەدات**
یەکخستنی ئابووری کۆمەڵگای ئاوەدانتر و سەقامگیرتر بنیات دەنێت
**خاوەن پایەی شاهانە شازادە فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعوود،** وەزیری کاروباری دەرەوە، شانشینی سعودیە

**16** **بنیاتنانی جەنگاوەری هاوچەرخ**
ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەمی ئەردەن ڕاهێنانی بە زیاتر لە 100,000 کردووە

**20** **شێرەکانی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی عێراق**
**دکتۆر حسێن عەلاوی،** ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق و ئەندامی شانەی ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق

**22** **فەرماندەییکردنی هاوپەیمانییەکی دەریایی**
هێزی دەریایی کەنەدا بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری لە هێزی ئەرکی یەکخراوی 150 دەکات
**فەریق ستیڤ بۆیڤین،** فەرماندە، فەرماندەیی چالاکییە هاوبەشەکانی کەنەدا

**26** **ئاشتیپارێزانی کازاخستان پشتیوانی لە سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن**
لە یەکەم فەرماندەیی سەربەخۆی ئاشتیپارێزی وڵاتەکە، هێزەکانی کازاخستان لە بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر دەبن
**عەقیدی هێزی دەریایی عەزمەت مورزابێکۆڤ،** هێزی دەریایی کازاخستان، نوێنەری باڵای نیشتمانیی پێشووی کازاخستان لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

**28** **ڕوانگەیەکی نوێ**
ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو ڕۆڵێکی چالاک لە بنیاتنانی ئاشتی ناوچەییدا دەگرێتە ئەستۆ
**دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلعوەیشق،** یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری سیاسی و دانوستان، ئەنجومەنی هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو

**32** **پاراستنی ڕێڕەوە دەریاییەکان**
وڵاتان بۆ پاراستنی بازرگانیی جیهانی لە بەرامبەر ئاڵنگارییە ئاسایشییەکاندا بە یەکدەگرن

**34** **عێراقییەکان باڵاترین تیرۆریستەکان دەستگیردەکەن**
ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بە سەرۆکایەتی دەزگای دژەتیرۆری عێراق، سەرکردایەتیی داعش لە عێراق لەناو دەبات
**وەزیری بەرگریی عێراق**

**38** **قەیرانی یەمەن پرسێکی جیهانییە**
هەتا توندوتیژی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا هەڕەشەکان بۆ سەر کەشتیوانیی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبن

**40** **ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژی**
ئەگەری بەکارهێنانی نەخۆشییەکان بۆ ناسەقامگیرکردنی کۆمەڵگاکان پێویستی بە وریایی، وەبەرهێنان و هەماهەنگیی زیاتری وڵاتان هەیە
**عەلی عاتف حەسەن حەسەن،** ناوەندی میسر بۆ توێژینەوەی ستراتیژی

**44** **گۆڕانکاریی ئاشتییانە لەڕێگەی سەرکرایەتیی سیاسی**
**سامح شوکری،** وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، میسر


**46** **هەماهەنگیی مەزنتر واتە ئاسایشی بەهێزتر**
**دکتۆر ئەنوەر قەرقاش،** ڕاوێژکاری دیپلۆماسیی سەرۆک، ئیمارات

**50** **دەرچەیەک بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
گەلانی عەرەب ڕۆڵێکی گەورەیان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە هەرێمەکەدا لەبەردەستدایە

**52** **پرۆفایلی سەرکردەی باڵا**
عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکینانی، دەزگای دژەتیرۆری عێراق

**58** **لە سەرانسەری ناوچەکە**


**لەسەر بەرگ**
هەماهەنگیی سەربازی یەکێکە لە باشترین گەرەنتیکەرەکانی ئاسایشی ناوچەیی.
شێوەسازی یونیپاس




# UNIPATH

**ئاسایشی هەماهەنگ**
بەرگی 13، ژمارە 2
هاوینی 2025


**فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا**
فەریقی یەکەم براد کووپەر،
هێزی دەریایی ئەمریکا


**پەیوەندیمان پێوە بکە**

**Unipath**
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

**CENTCOM.**
**UNIPATH@MAIL.MIL**



**یونیپاس** گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕبەندێك بۆ ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێنە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی یونیپاس ـەوە نووسراون، بە ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت، وەزیری بەرگری ئەوەی ڕونکردوەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی داواکراوە لە وەزارەتی بەرگری بەگوێرەی یاسا.

# پەیامی سەرەکی سەرۆک



لە چارەکی سەدەی ڕابردوودا، لەژێر سەرکردایەتیی خاوەن شکۆ شا حەمەد، شانشینی بەحرەین ماندوونەناسانە بۆ بەشداریکردنی بنیاتنەرانە لە سەرانسەری ناوچەکەمان و دەرەوەیدا بۆ بەهێزکردنی ئاسایش، پاراستنی سەقامگیری و قووڵکردنەوەی خۆشگوزەرانی کاری کردووە.

لەو کاتەوە، بە بوونی خاوەن پایەی شاهانە شازادەی جێنشین و سەرۆک وەزیران وەکو هێزی پاڵنەر لەپشت ئەم بەرەوپێچوونە گرنگەی لە بەرەنگاربوونەوەی پرسە ناوچەییە هاوچەرخەکان، بەحرەین لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تری بەهێزی هەنگاوی ناوە.

لە چەقی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بەحرەیندا، پابەندبوونێکی چەسپاو بە بنەماکانی دیالۆگ، پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی هاوبەش، درێژکردنی دەستی دۆستایەتی و هەماهەنگی بۆ دۆست و هاوبەشە هاودیدەکان بوونی هەیە، لە کاتێکدا ئێمە بەدوای دەرئەنجامی بەردەوام و سوودمەندبوونی هاوبەشدا دەگەڕێین بۆ ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە.

بە دیاریکراوی سێ پرس کاریگەری زۆرییان هەیە. یەکەمیان بریتییە لە ململانێی غەززە، کە بەحرەین داوای ئاگربەستی دەستبەجێ، ئازادکردنی بارمتە و دەستبەسەرکراوان و گەیاندنی بێ بەربەستی هاوکاریبە مرۆیی و بنیاتنەروەکان دەکات.

یەکێکی تریان بریتییە لە ململانێی لوبنان، کە تێیدا داوامان لە هەموو لایەنەکان کرد پەیڕەوی ئاگربەستەکە بکەن و بەگوێرەی بڕیارنامەی 1701ـی ئەنجومەنی ئاسایش و یاسا نێودەوڵەتییەکان پابەندبن بە ئەرکەکانیان.

وە لە کۆتاییدا سوریا لە ئارادایە، وەکو سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی، ئێمە بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە پارێزگاری لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵات بکات، ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی بپارێزێت و یارمەتیی سوریا بدات تا ڕۆڵێکی تەواو و بنیاتنەر لە ناوچەکەدا بگێڕێت، بانگەشە بۆ هەموو دەستپێشخەرییەکانی ناو لوتکەکە دەکەین.

ئەم ڕێبازە بنیاتنەرە نموونەی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی بەحرەین بووە. بۆ نیشاندانی تەنها یەک نموونە، ئێمە شانازیمان بە میوانداریکردنی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی کرد لە مانگی ئایاری 2024، بۆنەیەک کە تەنها بریتی نەبوو لە کۆبوونەوەی سەرکردەکان بەڵکو بەڵگەی ئیرادەی پێکەوەییمانبوو بۆ باشترکردنی ژیانی گەلەکانمان. بۆیە ئێمە بە پەرۆشەوە کاردەکەین بۆ دڵنیاییدان لەوەی کە لوتکەکە نەک تەنها قسە بەڵکو دەرئەنجامی کرداریی بەرهەم دەهێنێت.

لە ئەنجامدا، جاڕنامەی بەحرەین لەلایەن سەرکردە عەرەبییەکانەوە دەرکرا، کە لە پێنج دەستپێشخەریی سەرەکی پێکهاتووە کە لەلایەن شانشینەکەوە پێشنیارکران و لەلایەن لوتکەکەوە پەسەندکران. شانبەشانی هەنگاوەکانی دەستەبەرکردنی چاودێریی تەندروستی و پەروەردە بۆ ئەو کەسانەی زیان بەرکەوتوو بەهۆی ململانێکانەوە و بۆ قووڵکردنەوەی هەماهەنگیی عەرەبی سەبارەت بە داهێنان، دەستپێشخەری سەرەکی بریتی بوو لە کارکردن بە ئاراستەی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی فرەبابەتی و بەرفراوان بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی ململانێی غەززە بە شێوەیەکی گشتگیر.

ئێمە بەردەوامدەبین لە پابەندبوون بەم پێشنیازە و ئەو باوەڕەی کە مسۆگەرترین ڕێگەچارە پێشکەش دەکات تا لە کۆتاییدا ئاشتی بۆ ناوچەکەمان بهێنێت و هیوا بۆ ملیۆنان کەسی زیانلێکەوتوو بگەڕێنێتەوە.

بە هەمان شێوە هاوبەشیی دوولایەنە و فرەلایەنە ڕۆڵێکی گرنگ لە ستراتیژی ئێمەدا دەگێڕن، بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی هەرە گرنگی نەزمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاساکان لەپێناو خۆشگوزەرانی درێژخایەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆسەیە لە ساڵی 2023، بەحرەین و ئەمریکا ڕێککەوتنێکی گرنگییان بۆ یەکگرتنی گشتگیر و ئاوەدانیی ئاسایشیی گشتگیر واژۆکرد (C-SIPA)، کە قووڵکردنەوەی ئاسایش و ئاوەدانی لە سەرانسەری جیهان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی ڕاستەقینەی یەکتر لە نێوان بەشداربووان کردبووە ئامانج.

C-SIPA نەک وەکو ڕێکخستنێکی دوولایەنە بەڵکو وەکو سەرەتای چوارچێوەیەکی فرەلایەنە داڕێژراوە کە ئامانجەکەی بریتییە لە کۆکردنەوەی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لە دەستەبەرکردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی. لەم چوارچێوەیەدا دەبینین شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بە فەرمی لەلایەن شانشینی بەحرەین و ئەمریکاوە بانگهێشت دەکرێت تاکو ببێت بە سێهەم ئەندامی C-SIPA.


ئێمە وەک پێزانینێک بۆ وتەکانی خاوەن پایەی شاهانە شازادەی جێنشین و سەرۆک وەزیران کە لە کۆبوونەوەی 2024ـی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، ئەم کارەمان ئەنجامداوە: "ئاڵنگارییە جیهانییەکان نەک هەر بەردەوامبوون بەڵکو چڕتربوونەتەوە. بەهۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتییە گەورەکان لە نەزمی جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا، خۆمان لە کاتێکی زۆر مەترسیدارتر و پێشبینینەکراوتردا دەبینینەوە. هەمان ئەو سیستێمانەی کە بۆ پاراستنی نەزمی نێودەوڵەتی داڕێژراون، کەوتوونەتە ژێر فشارەوە."

بۆ گەشتکردن بە ناو ئەم ئاوە پەشێوانەدا، پێویستە شەفافیی سیستەم و بەها نێودەوڵەتییەکانمان بپارێزین و ڕێبازێکی کرداریی و پراکتیکی بگرینەبەر. ڕێبازێکی لەم شێوەیە دەبێت، بە نیەتێکی باشەوە، فرەلایەنی لە ناوەڕۆکی خۆیدا بپارێزێت، بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان، کەمکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە لەگەڵ ئەو هاوبەشانەی کە خاوەن خواست و بەرژەوەندی هاوبەشن بەشداربێت.

گەلانی عەرەب بە تەنها گرنگی بە هەماهەنگی ناوچەیی نادەن. ئەوان چالاکانە هەوڵ دەدەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەیەکی مەزنتری جیهاندا جێگیر بکەن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر پەرەسەندنی کۆدەنگییە لە نێوان سەرکردەکانمان هەیە کە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بەردەوام نەک تەنها پشت بە ڕێوشوێنی ئاسایشیی دەستبەجێ دەبەستێت، بەڵکو پشت بە گەشەپێدان، ڕێزگرتنی دوولایەنە و وابەستەیی بەیەکتر دەبەستێت.

**د. عەبدوللتیف بن ڕاشید ئەلزەیانی**


وەزیری کاروباری دەرەوە، شانشینی بەحرەین



# هەماهەنگی لە قەیرانەکاندا

دەستەی یونیپاس

وێنەکان لەلایەن عەریفی تەکنیککار دانێڵ ڕۆبێڵس/هێزای ئاسمانیی ئەمریکا



# مەشقی سەربازیی هەماهەنگیی ناوچەیی 24 سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست، پاکستان و مەنگۆلیا بۆ سەقامگیرکردنی وڵاتێکی خەیاڵی کە لە ژێر هێرشدایە بەشداری پێدەکات

**نەتەوەی** خاکی سور (ڕێد لاند) کە پیلانگێڕی بۆ پێکهێنانەوەی ئیمپراتۆریەتی پێشووی خۆی کە 30 ساڵ پێشتر هەڵوەشابووەوە، بەکرێگیراو بۆ هەراسانکردنی یەکێک لە دەوڵەتە دەستکردەکانی ژێردەستەی پێشووی کە ناوی خاکی شین (بلو لاند) بوو بەکرێ دەگرێت.

بە ئاگاداربوونەوە لەوەی کاتێک بەکرێگیراوانی خاکی سور سنووری نێودەوڵەتی خاکی شین دەبەزێنن و ناوچە درێژبووەوەکان داگیردەکەن، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان فەرمان بە هاوپەیمانییەکی سەربازی فرەنەتەوەیی دەکات بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی خاکی شین، وە ئەگەر پێویست بوو هێزەکانی پاڵپشتیکراو لەلایەن خاکی سوور بەدەربنێت.

ئەرکی ئاشتیپارێزی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە ئەرکییەکان کە پێکهاتوون لە سەربازانی کازاخستان، کۆماری قرگستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان، ئۆزبەکستان و ئەمریکا. ئەفسەرە باڵاکانی ئەم وڵاتانە یەکدەگرن و دەبن بە ئەفسەرانی دەستەی بارەگایەک بۆ ئاڕاستەکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ بەرگریکردن لە سەروەریی خاکی دۆست (بلو لاند).

هەماهەنگیی ناوچەیی 24، کە مەشقێکی کۆمەڵیی نمایشییە، کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لە مانگی ئابی 2024ـدا، ئەم سیناریۆ خەیاڵییەی پێشکەش کرد کە تێیدا هێزەکان ڕووبەڕووی ڕووداوی هاوشێوە دەبنەوە لە جیهاندا.

> **"ئامانجی سەرەکی فراوانکردنی زانیارییە دەربارەی هەڕەشەکانی هەنووکەییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهاندا و ئامادەکاریکردنە بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان، فەرمانڕەیی ناوەندی ئەمریکا (CENTCOM ) بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانمان و هاوڕێکانمان و هاوبەشپێکردنی زانیارییەکانمان، سەکۆیەکی ناوازەمان پێدەبەخشێت."**
>
> **~ عەمید ڕەسولجۆن جاباڕۆڤ، ئۆزبەکستان**



سەربازانی کازاخستان، کۆماری قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان، ئۆزبەکستان و ئەمریکا بۆ وێنەیەکی بەکۆمەڵی بەشداربووانی هەماهەنگیی ناوچەیی 24 کۆدەبنەوە.




سەربازانی کازاخستان لە بەشی ئەکادیمی هەماهەنگیی ناوچەیی 24 لەگەڵ هاوتاکانیان لە کۆماری قرغزستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان بەشداری دەکەن.

"ئامانجی سەرەکی فراوانکردنی زانیارییە دەربارەی هەڕەشەکانی هەنووکەییەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهاندا و ئامادەکاریکردنە بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان،" عەقیدی ئۆزبەکی ڕەسولجۆن دجابارۆڤ ڕایگەیاند. "فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (CENTCOM ) بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانمان و هاوڕێکانمان و هاوبەشپێکردنی زانیارییەکانمان، سەکۆیەکی ناوازەمان پێدەبەخشێت."

عەقید جاپارۆڤ لە تیمێکی ئەفسەری باڵادا خزمەتی کردووە کە سیناریۆیان بۆ 250 بەشداربووی مەشقی فرەنەتەوەیی لە فۆنیکس، ئەریزۆنا لە ئەمریکا داڕشتووە. بە هاوکاریی وەرگێڕان، ئەفسەرانی دەستە ئەرکەکانی وەکو کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، پلاندانان، لۆژیستی و ئۆپەراسیۆنەکانیان بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە بەیەکەوەبەستراوەکان ئەنجامداوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی قەیرانە هاوشێوەکراوەکان بۆ سەر ئامادەبووانی مەشقەکە، سەربازەکان پێویستیان بە پرسەرچاوەیی، ڕێکخراوی و پەیوەندیدار بوون هەبوو تا بتوانن سەرکەوتوو بن.

فەرماندەی هێزی ئەرکیی یەکخراوی هاوبەش، عەقید باتزایا ئۆدسورێنی مەنگۆلی بوو. ئەفسەرێکی تایبەتی ئۆپەراسیۆن و تۆپخانە لە ژیانی ڕاستەقینەدا، عەقید ئۆدسورێن شایستەی ئەو ڕۆڵە بوو: ئەو سەربازێکی دێرینە کە لە پێنج ئەرکی فرەنەتەوەیی ئاشتیپارێزی و سەقامگیری لە وڵاتەکانی وەکو عێراق، ئەفغانستان، باشووری سودان و کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ خزمەتی کردووە.

پرسیارە ووردەکانی بۆ سەربازانی ژێردەستی لە هەماهەنگیی ناوچەیی ئاماژەیان بە ئاشنابوونی قووڵ بە پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی سەقامگیری دەکرد.

ئایا سەربازەکانی لەناو کەمپەکانی ئاوارەکاندا ژن و منداڵانیان دەپاراست؟ ئایا سەربازەکانی هەڵمەتی میدیاییان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵکی مەدەنی ئەنجامدابوو؟ ئایا کەرتەکانی بەنداوێکی هایدرۆئەلیکتریکی گرینگیان لە هێرشەکانی دوژمن دەپاراست؟

"ئەمە 10ـهەمین جارە مەنگۆلیا هێزی سەربازی ڕەوانەی هەماهەنگیی ناوچەیی دەکات." عەقید ئۆدسورێن لە شانەی فەرماندەییەکەیەوە ئەمەی وت. "هەندێکجار پەیوەندیکردن لەگەڵ سەربازانی وڵاتانی دیکە ئاڵنگارییە، بەڵام سوودی گرنگ بۆ مەنگۆلییەکان دابیندەکات بۆ ئەوەی لە دۆخ و تەکتیکەکانی جیهانی ڕاستەقینە وانە وەربگرن."

ئەو سەربازانەی کە وەکو ئەفسەری دەستە کاردەکەن، داوایان لێکرا کە وریا و ئاگادار بن و ڕووداوە نائاساییەکان لە زنجیرەی فەرماندەییدا ڕاپۆرت بکەن. ئەوانەی کە ئەنجامیان نەدا سەرزەنشتێکی فەرمی ئاست مامناوەندیان پێدرا.

"تێگەیشتنی هەڵە هەر ڕوودەدات. هیچ ڕێگەیەک نییە کە ئەمە لە ڕوودان

بوەستێنێت." ئەفسەرێکی ئەمریکی بە تیمە فرەنەتەوەییەکانی وت. "بەڵام پێویستە فەرماندەکان ئاگاداربن کاتێک وا دەردەکەوێت شتێک لە نەزم دەرچوویێت."

لە سەرەتای 2001 بۆ هەماهەنگیی ناوچەیی نائاسایی بوو، مەشقەکەی 2024 ئەفسەرانی دەستەی ئەرکانی بۆ ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرییەکان بۆ داماڵینی هێزەکانی دوژمن کە سنوورەکانیان بۆ خاکی دۆست بەزاندبوو، ئامادە کرد. بەگوێرەی ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هێزی ئەرکی خەیاڵی لە ژێر فەرماندا چالاکی ئەنجام دەدات ئەوە روونکراوەتەوە چەکدارانی نافەرمی هەمان ئەو پارێزراوییە تایبەتەیان پێنادرێت کە بە سەربازانی دوژمن دەدرێت.

"ئێوە هەمیشە خۆتان بۆ خراپترین سیناریۆ ئامادە دەکەن و خراپترین سیناریۆش بریتییە لە جەنگ،" ئەنتۆنی لیتۆ، لە دامەزراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی و سەقامگیریی کۆلێژی جەنگیی سوپای ئەمریکا، کە یارمەتی پێکەوەنانی ئەو سیناریۆیانە داوە کە لە هەماهەنگیی ناوچەیی 24ـدا بەکارهێنراون، رایگەیاند.

> **ئێمە باوەڕمان بە ئامانجە سەرەکییەکانی مەشقەکە لەوانە کارکردنی هاوبەش هەیە، وە لە باشترین کردارەکانی یەکترەوە فێر دەبین. پشتیوانیی بەردەوام و جەنگی ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن."**
>
> **~ عەمید ڕوکن عەتیف ئیجاز، بەڕێوەبەری مەشق لە بارەگای دەستەی ئەرکانی هاوبەش**

"بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی سەقامگیری و ئاشتیپارێزی هێشتا نوێنەرایەتی زۆرینەی ئەرکەکانی دەکرد. ئەم مەشقە بەشێوەیەکی بەشیی پێکهاتووە لە هەموو شتێک."

عەقید سامات سێیدالێڤ، فەرماندەی لەشکری کۆماری قرغستان، هەماهەنگیی ناوچەیی وەکو ئامادەکارییەک بۆ قەیرانەکان تەماشادەکات کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی هاوپەیمانییەکی فرەنەتەوەیی هەیە.

"ئێمە لە مەشقەکە فێری مامەڵەکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەبین." عەقید سێیدالێڤ ڕایگەیاند. "بۆ نموونە لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، هەر وڵاتێک دیدگای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا دەتوانین سەرنجمان بخەینە سەر یەک دیدگا و بیکەینە دیدگای خۆمان."

پێکهاتەیەکی تری بەنرخی هەماهەنگیی ناوچەیی بریتی بوو لە یەکگرتنی سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست و مەنگۆلیا لەگەڵ هاوتاکانیان بەرنامەی هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتیی ئەمریکا. ئەم بەرنامەیە ئاڵوگۆڕی سەربازی لە نێوان سەربازانی ئەمریکا و ئەوانەی لە وڵاتانی هاوبەشەوە هاتوون هەماهەنگ دەکات.

یەکگرتنەکان بریتین لە کازاخستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی



ڕاهێنەرێکی ئەمریکا لە میانی بەشی ئەکادیمی هەماهەنگیی ناوچەیی 24ـدا زانیاری بە بەشداربووانی کازاخستان، کۆماری قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان دەدات.

ئەریزۆنا، کۆماری قرغستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا، مەنگۆلیا لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ئالاسکا، تاجاکستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا و ئۆزبەکستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی.

"سوپاکانمان بە شێوەیەکی کەسی ئەزموونەکان وەردەگرن کە دەتوانن لە جیهانی ڕاستەقینەدا بەکاریانبهێنن." عەقیدی کازاخستانی یەرمەک عەبدرەخمانۆڤ، سەبارەت بە ژینگەی فرەنەتەوەیی لە هەماهەنگیی ناوچەیی ڕایگەیاند. "سوپای کازاخستان جیاوازە لە سوپای ئەمریکا، وە ئێمە لە یەکتر فێردەبین."

بە شێوەیەکی ئاسایی پاکستان فەرماندەیەکی باڵا دەنێرێت بۆ هەماهەنگیی ناوچەیی، وە مەشقی ساڵی 2024 بەدەرنەبوو لەوە. عەمید ڕوکن عەتیف ئیجاز، بەڕێوەبەری مەشق لە بارەگای دەستەی ئەرکانی هاوبەش، سەرۆکی شاندی 14 ئەفسەری سوپای پاکستان و هێزی دەریایی بوو.

"ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئەمریکادا بپارێزین و لەوەتەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاتنە ئاراوە، بە هەمان شێوە پەیوەندی سەربازی بۆ سەربازی باشمان لەگەڵ ئەوانیشدا هەبووە." ناوبراو ڕایگەیاند.

عەمید ڕوکن عەتیف وەکو جێگری فەرماندە، لە ژێر سەرپەرشتی عەقید ئۆدسورێن، لە هێزی ئەرکیی یەکخراوی هاوبەش لە هەماهەنگیی ناوچەیی خزمەتی کردووە.

"ئێمە باوەڕمان بە ئامانجە سەرەکییەکانی مەشقەکە لەوانە کارکردنی هاوبەش هەیە، وە لە باشترین کردارییەکانی یەکترەوە فێر دەبین." عەمید ڕوکن ڕایگەیاند. "پشتیوانیی بەردەوام و جەنگی ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن."

هەماهەنگیی ناوچەیی یەکەم مەشقی ئاشتیپارێزی فرەنەتەوەیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکایە لەگەڵ هاوبەشەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست. نزیکەی دوو هەفتە بەردەوام دەبێت و بە شێوەیەکی گشتی ساڵانە شوێنەکانی مەشقەکە دەگۆڕێت. کازاخستان، کۆماری قرغستان و تاجاکستان میوانداری مەشقەکەی ڕابردوویان کرد. ✦

# سەرکەوتن بەسەر حوسییەکاندا بۆ پاراستنی ناوچەکە

**موعەممەر ئەلعریانی**، وەزارەتی زانیاری، کلتوور و گەشتیاریی یەمەن

**جیهان** رووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆریستیی پەرەسەندووی گروپی میلیشیا حوسییەکانی سەر بە ئێران بووەتەوە، کە لە کاتێکدا لەڕێگەی بە ئامانجگرتنی بازرگانی جیهانی، دابینکارانی وزە و بەرژەوەندیی زلهێزەکان هەوڵی فراوانکردنی هەژموونی سیاسی و سەربازیی خۆی دەدات، خەریکە پشێوی لە ناوچەکەدا بڵاودەکاتەوە.

حکوومەتی یەمەن و وڵاتانی ناوچەکە لە دوای کودەتاکەی ساڵی 2014ـەوە، جیهان لە مەترسییەکانی میلیشیا حوسییەکان بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی لە یەمەن، ناوچەکە و جیهان ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام ئەم هۆشدارییانە بۆ چەندین ساڵ بە توندی وەرنەگیران، هەتا ئەو کاتەی جیهان هەستی بە کاریگەرییەکانی شەپۆلی ئەو هێرشە تیرۆریستییانە کرد کە میلیشیاکە لە تشرینی دووەمی 2023 دەستی پێکرد، کە کەشتییە بازرگانییەکان و کەشتییە نەوت هەڵگرەکانی دەریای سوور، بابل ئەلمەندەب و کەنداوی عەدەنی کردە ئامانج.

بە ئەنجامدانی ئەم هێرشانە، حوسییەکان ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یاسای دەریا و بە هەمان شێوە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی پێشێل دەکەن. ئەم جۆرە هێرشانە نوێ نین. لە ساڵی 2016، حوسییەکان لە نزیک باب ئەلمەندەب مووشەکیان ئاڕاستەی کەشتییەکی هێزی دەریایی ئەمریکا کرد، لە ساڵی 2017 بەلەمی بێ کارمەندیان بۆ هێرشکردنە سەر شاری مۆچای سەر دەریای سوور بەکارهێنا، لە ساڵی 2018 هێرشیان کردە سەر کەشتییەکانی سعودیە لە بەندەری حودەیدە، وە بەندەرەکانی ئەلنەشیمە لە پارێزگای شەبوە و ئەلزەبا لە حەزرەمەوت کردە ئامانج. هەروەها لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی 2022، کەشتییەکی نەوت هەڵگریان لە تێرمیناڵی نەوتی قەنات لە شەبوە کردە ئامانج و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سەدان مینی دەرياییيان لە ناوچە ئاوییەکان دانا. حوسییەکان بە بەکارهێنانی بەلەمی تەقەمەنی و درۆن ئۆپەراسیۆنەکانیان فراوانتر کردووە، ئەمەش وایکردووە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی کەشتیوانی ڕێوشوێنی خۆپارێزی گرانبەها بگرنەبەر.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2023ـەوە، بەگوێرەی ئەسۆشەیتد پرێس، حوسییەکان زیاتر لە 90 هێرشیان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان و کەشتییە نەوت هەڵگرەکان ئەنجامداوە، کە بووەتە هۆی پەکخستنی گەورە لە ڕێڕەوە کەشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان و زیادبوونی تێچووی بیمە و گواستنەوەی بار، ئەمە جگە لە خراپترکردنی قەیرانی مرۆیی یەمەن، کە بەگوێرەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە 60%ـی دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژاریدان و نزیکەی 80%ـایان بۆ مانەوەیان لە ژیان پێویستیان بە هاوکاریی فریاگوزاریی مرۆیی هەیە.

لە کاتێکدا ئەوان ئەجێندایەکی ئێرانی بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و



حوسییەکان لە بەرژەوەندیی پشتیوانیکەرە ئێرانییەکانیان هەوڵی توندڕەوکردنی یەمەنییەکانیان داوە، لەوانەش بەشداریپێکردنی منداڵان لە نمایشە سەربازییەکان لە مانگی تشرینی دووەمی 2024. ڕۆیتەرز

بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ دەکەن، چالاکیی تیرۆریستی حوسییەکان بووەتە هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر ڕێڕەوەکانی کەشتیوانی و مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەو ناوچەیەی کە میلیشیاکە بەڕێوەی دەبات. دەسەڵاتی حوسییەکان بەسەر ناوچە ستراتیژییەکانی وەکو بابل ئەلمەندەب، کە خوێنبەرێکی گرنگە بۆ ئابووری جیهانی کە زیاتر لە 12%ـی بازرگانی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، سوودێکی بێ وێنە بە ئێران دەبەخشێت بۆ بەڕێوەبردنی دوو گەرووی گرنگ.

ئێران لە ئێستاوە مەترسی لەسەر گەرووی هورمز دروست کردووە، کە نزیکەی 20%ـی نەوتی جیهان پێیدا تێدەپەڕێت. ئەگەر حوسییەکان بەردەوامبن لە هەراسانکردنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە باب ئەل مەندەب، ئەوا ئێران هەڕەشە بۆ سەر زیاتر لە 32%ـی بازرگانیی جیهانی و نەوت دروست دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی بیمەی دەریایی و نرخی نەوتی جیهانی، پەکخستنی بازرگانیی نێوان ئاسیا و ئەوروپا، هەڕەشە بۆ سەر زنجیرەی دابینکاریی جیهانی و زیادبوونی گرژییە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچەکەدا.

تیرۆریستە حوسییەکان لە خۆیانەوە نەبوون بە هەڕەشەیەکی جیهانی. بەڵکو بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئێران ئەمەیان ئەنجامدا، کە تەکنۆلۆژیای سەربازیی پێشکەوتوو، مووشەکی بالیستی و درۆنی بۆ ئەو گروپە دابینکرد. ئێستا حوسییەکان خاوەنی جبەخانەیەکی مووشەکی بالیستین کە دەتوانن بگەن بە چەندین وڵات لە ناوچەکە. ئەوان پێشتر بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئامانجە مەدەنی و سەربازییەکان درۆنی دروستکراوی ئێرانییان بەکارهێناوە.

بە پشتیوانی ئێران و حزبوڵای لوبنان، تیرۆریستە حوسییەکان لە گروپێکی چەکداریی ناوخۆییەوە گۆڕان بۆ ڕێکخراوێکی سەربازیی بەهێز کە ئۆپەراسیۆنی وەها ئەنجامدەدەن کە بۆ زۆر دوور لەو ناوچانەی بەڕێوەیان دەبەن درێژدەبێتەوە، ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەمە دەردەخات.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی وەکو ئەمریکا بڵاویان کردووەتەوە، تێوەگلانی ئێرانیان لە پڕچەککردنی حوسییەکان بە پێشێلکردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، لەوانە بڕیارنامەی 2216، پشتڕاست کردووەتەوە. ئەم بڕیارنامەیە، پڕچەککردنی حوسییەکان ئیدانە دەکات و چوارچێوەی یاسایی دەدات بە وڵاتان تا وەکو گروپێکی تیرۆریستی دەستنیشانیان بکەن.

کەمتەرخەمیی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تیرۆریستە حوسییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێگەیان پێداون گەشە بکەن و ببنە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی جیهانی و هەڕەشەیەکی مەترسیداری هاوشێوەی "شێرپەنجە" کە لە جەستەی سیستەمی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بڵاوبووەتەوە. ئەمەش دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی هەڵە و شکستە لە چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکە بەرلەوەی پەرەبستێنێت.

هیچ زیادەڕۆییەک نییە لە لێکچواندنی ئەم میلیشیایە بە شێرپەنجە. ئەگەر ئەمە بە بەردەوامی پشتگوێ بخرێت و هەر ئێستادا هەنگاوی بەپەلە و یەکلاکەرەوە نەگیرێتەبەر، ئەوا لە جەستەدا بڵاودەبێتەوە تا دەگات بە قۆناغێکی پێشکەوتوو. پاشان جڵەوکردنی سەختتر دەبێت و دەگات بە قۆناغێکی کۆتایی کە تێیدا بنبڕکردنی نزیک دەبێتەوە لە ئەستەم. ئەم زیانە تەنها سنووردار نابێت بە ناوچەکە. بە هەمان شێوە ئەوروپا و ئەمریکا دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە ئەوان پشت بە ڕێڕەوی کەشتیوانیی سەقامگیر دەبەستن. جیهان بەرەنگاری قەیرانی گەورەی ئابووری و ئاسایشی دەبێتەوە و هەموو لایەک باجی ئەمە دەدات.

دەستنیشانکردنی حوسییەکان لەلایەن ئەمریکاوە وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی تایبەت لە مانگی کانونی دووەمی 2024، بەهۆی هێرشە تیرۆریستییەکانی میلیشیاکەوە بۆ سەر ڕێڕەوەکانی کەشتیوانیی نێودەوڵەتی، ئامرازێکی بۆ فشار خستنەسەر حوسییەکان بۆ ڕاگرتنی چالاکییە نایاساییە سەربازی و داراییەکانیان پێشکەش بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد. ئەمە ئامرازێکە کە ڕێگری دەکات لەوەی میلیشیاکە بەردەوام بێت لە وەرگرتنی پشتیوانی لە ئێران، ڕێگری لە هەڵسوکەوتە تیرۆریستییەکانی دەکات و ئەو پەیامە بەهێزتر دەکات کە هیچ پارێزبەندییەک بوونی نییە بۆ هەر کەسێک کە تاوان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام بدات.

کاتی ئەوە هاتووە کە ستراتیژییەکی تۆکمەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی چالاکییەکانی تیرۆریستە حوسییەکان، دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەلامەتی ڕێڕەوە ئاوییە گرنگەکان، پشتیوانیکردن لە سەقامگیری ناوچەکە و هەنگاوانی یەکلاکەرەوە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دابڕێژرێت. دەبێت سەرچاوە دارایی، سیاسی و میدیاییەکانی حوسییەکان بنبڕ بکرێت. دەبێت سنووردارکردن بەسەر بازرگانیەکەی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا بسەپێنرێن. دەبێت سزا ئابوورییەکان بە دەستگرتن بەسەر سامانەکانیان و قەدەغەکردنی گەشتکردن بەسەر سەرکردەکانیدا بسەپێنرێن. دەبێت توانای پێویست بۆ ئەنجوومەنی فەرماندەیی سەرۆکایەتیی یەمەن و حکومەتی شەرعی کە نوێنەرایەتی هەموو یەمەنییەکان دەکات دابینبکرێت تا بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و توانای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەرز بکەنەوە. هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی توانای پاراستنی کەناراوەکانی یەمەن، پێویستە پشتیوانی لە پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بکرێت.



**کەشتییەک لە مانگی تشرینی دووەمی 2024 لە کەناڵی سوێس تێدەپەڕێت. هێرشەکانی حوسییەکان لە دەریای سوور کاریگەریی لەسەر کەشتیوانی دروستکردووە لە ناوچەکەدا، ئەمەش هەڕەشە دەخاتەسەر بازرگانیی نێودەوڵەتی.** AFP/گێتی ئیمەیجس

دەستنیشانکردنی حوسییەکان وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی پاراستنی ئاسایشی جیهانی بەو پێیەی توانا بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات بۆ ڕێگریکردن لێیان، بنبڕکردنی سەرچاوەی داراییەکانیان، ناچارکردنیان بە بەدەستەوەدانی چەکەکانیان و دەستبەرداربوون لە زمانی توندوتیژی و تیرۆر و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستان و ناردنی پەیامێکی ڕێگریکردنی توند بۆ ئێران کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاو لەوە ناپۆشێت لە بەرامبەر هەوڵەکانی بۆ ناسەقامگیری ناوچەکە، ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە بگرێتەبەر.

تیرۆریستە حوسییەکان بوونەتە هەڕەشەیەکی جیهانی کە ناکرێت لێبووردەییان بەرامبەر بنوێنرێت. بۆیە دەستنیشانکردنی وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی جیهانی بڕیارێکە نابێت دوابخرێت. ئەمە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سەقامگیری بازرگانیی جیهانی.

ئەمڕۆ جیهان لە بەردەم دووڕیانێکدایە: دەکرێت ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە بگرێتەبەر یاخود لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبەڕووی دەرەنجامە وێرانکەرەکان ببێتەوە. ✦


شێوەسازی یونیپاس

# هێزە چەکدارەکانی لوبنان ناوچەی باشووری وڵات دەپارێزن

دەستەی یونیپاس

هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) بەهۆی چەکدامالّین و سەقامگیرکردنی بەشی باشووری وڵاتەکە لە دوای ململانێکانی ئەم دواییە، ستایشی نێودەوڵەتیيان بەدەستهێنا.

لیوای ئەمریکی جاسپەر جێفرز، سەرۆکی ئەوکاتەی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئاگربەست، لە سەردانێکدا بۆ ناوچەی باشووری لیتانی وڵاتەکە یاوەری ئەفسەرانی LAFـی کرد.

گەشتەکەی مانگی کانونی دووەمی 2025 سەردانکردنی ئەلخیامی لەخۆگرتبوو، کە یەکەم ناوچەی سنوورییە لە دوای واژۆکردنی وازهێنانی شەڕ لە 27ـی تشرینی دووەمی 2024، بە تەواوی بگەڕێنرێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی لوبنان. تەنها لە ماوەی مانگێکدا، LAF زیاتر لە 9,800 پارچە کەرەستەی تەقەمەنیی لە زیاتر لە 80 شوێندا پاککردەوە.

"من بە پیشەیی و دڵسۆزیی LAF زۆر سەرسامبووم. ئەوان بەبێ وەستان کار بۆ دابینکردنی ئاسایش و هەڵوەشاندنەوەی پاشماوە نەتەقیووەکان دەکەن تا هاوڵاتیانی لوبنانی بتوانن بە سەلامەتی بگەڕێنەوە ماڵەکانیان،" لیوا جێفرز، سەرۆکی فەرماندەیی ناوەندی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند.

جگە لە بەرگریکردن لە سەربەخۆیی وڵات و پاراستنی هاوبەشیی سەربازی بەهێز لەگەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتانی هاوبەش، LAF لەگەڵ ڕێکخراوە ئاسایشیی و مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ باشتر خزمەتکردنی وڵاتەکەیان کاردەکەن.

لە مانگی ئابی 2024، فەریقی یەکەم جۆزێف عەون، فەرماندەی ئەوکاتەی سوپای لوبنان لە نووسینگەکەیدا لە لوبنان پێشوازی لە سایمۆن ئایشلیمان، سەرۆکی ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی خاچی سور (ICRC) کرد.

کۆبوونەوەکە بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی هەماهەنگیی نێوان LAF و ICRC کۆتایی هات، کە بەهۆیەوە ICRC بەڵێنیدا بۆ کۆکردنەوەی DNA لە پاشماوەی مرۆڤ بۆ ناسینەوەی قوربانیانی شەڕەکانی ڕابردوو لە وڵاتەکەدا پشتیوانیی تەکنیکی پێشکەش بە LAF بکات.

بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کەسانی زیانیان بەرکەوتوو بەهۆی شەڕی چەکدارییەوە پارێزگاری و هاوکاری مرۆییان پێدەبەخشرێت، ICRC لە ساڵی 1967ـەوە لە لوبنان ئامادەیی هەیە و لە ماوەی چەندین قۆناغی شەڕی چەکداریدا کاری مرۆیی لە لوبنان ئەنجامداوە، لەوانەش شەڕی ناوخۆی 1975-1990.

لە مانگی کانونی دووەمی 2025، لوبنان، عەونی وەکو سەرۆکی داهاتووی خۆی هەڵبژارد. عەونی سوێندی خوارد کە "سەردەمێکی نوێ" بۆ لوبنان بهێنێتە ئاراوە، کە



جۆزێف عەون سەرۆکی لوبنان لە سەردانەکەیدا بۆ فەرەنسا لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 باس لە ڕێوشوێنەکانی ئاشتیپارێزی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی دەکات.

AFP/گێتی ئیمەیجس

کاڵبوونەوەی دابەشبوونە تائیفیەکان و جەختکردنەوەیەک لەلایەن LAFـەوە لەسەر مافی تایبەتی خاوەندارێتی چەک لە وڵاتەکەدا لەخۆبگرێت.

لە کارەکەی پێشوویدا وەکو فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، عەون سەربازانی لوبنانی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، کە ساڵانێک بوو لە شاخەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات خۆیان حەشاردابوو، کۆکردەوە، ئۆپەراسیۆنێکی یەکلاکەرەوەی هەفتەیی ئەنجامدا کە ستایشی سەرانسەری جیهاندا بەدەستهێنا.

بۆ یارمەتیدانی پاراستنی ئاشتی لە باشووری لوبنان، هاوبەشێکی تری LAF، هێزی کاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان (UNIFIL)، ئەرکەکەی بۆ ساڵێکی دیکە درێژکردەوە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئابی 2024 بە کۆی دەنگ دەنگی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی بوونی ئەو هێزە لە باشووری لوبنان دا.

لە ساڵی 2006، ئەرکی UNIFIL فراوانتر بوو کاتێک ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕێگەدان بە ئاشتیپارێزان لە یارمەتیدانی LAF تا بەشێک لە باشوور لە چەک یاخود لە کارمەندانی چەکدار پاکبکاتەوە جگە لە چەکەکانی دەوڵەتی لوبنان، بڕیارنامەی 1701ـی پەسەند کرد. ✦

سەرچاوەکان: ڕۆیتەرز، ICRC، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لوبنان

# سعودیە هەوڵی
# ئاسایشی ناوچەیی دەدات

## یەکخستنی ئابووری کۆمەڵگای ئاوەدانتر و سەقامگیرتر بنیات دەنێت

**خاوەن پایەی شاهانە شازادە فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعوود**، وەزیری کاروباری دەرەوە، شانشینی سعودیە

ناوچەکەمان لە گۆڕەپانی جیهانی جیا نەکراوەتەوە، بەو پێیەی ململانێ سنوورەکان دەبەزێنێت و کار دەکاتە سەر ئاسایشی جیهانی و مەترسی بۆ ئابووری جیهان دروست دەکات.

شانشینی سعوودیە هەمیشە بەپەرۆشەوە ڕێگەی سیاسی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان پەیڕەو کردووە. ئێمە وەکو ئامرازێک بۆ یەکخستنی ناوچەکە پشتیوانیمان لە گەشەپێدانی ئابووری کردووە. ئێمە پابەند بووین بە لێبوردەیی ناوچەیی، هەماهەنگی و گفتوگۆ و بەهێزکردنی هاوبەشییەکان.

بەڵام قەیران و جەنگەکان ئێمە بەرەو گۆڕەپانێکی مەترسیدار ئاڕاستە دەکەن. ئەوە بەرپرسیارێتی ئێمەیە، بە هەماهەنگی کۆمەڵگەی جیهانی، بە هاوبەشی خۆمان کۆبکەینەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەو، گەڕانەوە بۆ لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، ڕزگاربوون لە جەنگەکان کە هەزاران قوربانی لە دوای خۆیان بەجێدەهێڵن.

ئامانجی سەرەکیمان بۆ ئاسایشی سیاسی بریتییە لە تیشک خستنە سەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە بەردەم داهاتوویەکی باشتردا بەربەستن. دەتوانرێت ئەم ئامانجە بەدەست بهێنرێت، بەڵام پێویستی بە پابەندبوون، هەوڵ و بوێری هەموو لایەنەکان هەیە، کە دەبێت جەخت لەسەر بەرژەوەندی کەسی یان خۆپەرستی نەکەنەوە.

ئاشتی پێویستی بە بەشداریی دڵسۆزی هەموو لایەک هەیە لە ململانێیەکدا. کاتێک دێتە سەر باسی سعودیە، سەرەڕای ئاستەنگەکان ڕێگای ئاشتی ڕوونە. بۆ پاراستنی متمانە، پێویستە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ وەرگێڕانی وشەکان بۆ کردار بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئاسایش لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی دیکەی دڵسۆز یەکبگرن.

کاتی ئەوە هاتووە هەوڵەکانی ئاشتی زیندوو بکرێنەوە. ئەمەش چارەسەرکردنی ململانێکانی غەززە بە شێوەیەک هەموو لایەک ڕەزامەند بکات و دەستەبەرکردنی ئاگربەست لە لوبنان بۆ ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لە ئازارە مرۆییەکان لەخۆدەگرێت. سەبارەت بە قەیرانەکانی تر، لە شوێنەکانی وەکو سودان و لیبیا، پێویستە لە بەرژەوەندیی چارەسەرێکی سیاسی کە ڕێز لە سەروەری نیشتمانی بگرێت، خۆمان لە توندوتیژی و کردەوەی سەربازی بەدوور بگرین. ئەگەر وا نەکەین، قەیرانە مۆرییەکان سەختتر دەبن و مەترسی دارمانی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە.

ڕوانگەی شانشین پشتگیریکردنە لە گەشەپێدانی بەردەوامی ئابووری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سیاسەتێکی دەرەوە کە دروستکردنی واقیعێکی گەشاوەتری سوودبەخش بۆ هەموو ناوچەکە بکاتە ئامانج. ئێمە لەکاتێکدا نێوەندگیریمان لە هەوڵەکانی ئاشتیدا کردووە، وەبەرهێنانیشمان لە سەقامگیری ناوچەیی و ئاسایشی هاوبەشدا کردووە لەڕێگەی بەهێزکردنی یەکێتیی نێوان گەلانی برا لەسەر بنەمای گفتوگۆی نێودەوڵەتی.



ڕووداوەکانی ئێستا جێگەی نیگەرانین. بەڵام شانشینییەکە بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەی سروشتی زۆری ناوچەکە، کەسانی بەتوانا و نزیکیی جوگرافیایی لە سێ کیشوەرەکە پێشبینی داهاتوویەکی هاوبەش دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکخستنی ئابووری و خۆشگوزەرانی پێویستی بە ئاشتی و سەقامگیری هەیە. ململانێ سیاسییەکان و ستراتیژییەکانی لەسەر بەرژەوەندیی ئەوی تر لەم داهاتووە ڕۆشنگەرەدا جێگەیان نابێتەوە.

ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکی جێگرەوە دەکەین کە بەهۆیەوە بتوانین پێکەوە پێشبکەوین، بەرژەوەندیی تەنگی خۆپەرستانە ڕەت بکەینەوە لەکاتێکدا هەوڵی مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خەڵکی ناوچەکە دەدەین. ✦



شازادە فەیسەڵ بن فەرحان
ئال سعود، وەزیری کاروباری
دەرەوە، شانشینی سعودیە

وێنەی IISS




سەربازەکان لە گۆڕەپانی مەشقەکاندا مەشقی بەئانجگرتن ئەنجام دەدەن.

# بنیاتنانی جەنگاوەری هاوچەرخ

## ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەمی ئەردەن ڕاهێنانی بە زیاتر لە 100,000 کردووە

دەستەی یونیپاس | وێنە لەلایەن ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەمی ئەردەن

**ناوەندی** ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم (KASOTC) لە ئەردەن باشترین ناوچەی ڕاهێنانی وڵاتەکەیە بۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ خواستەکانی ململانێی هاوچەرخ. لەگەڵ زیادبوونی چڕیی ئۆپراسیۆنە تیرۆریستییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان، پێکهێنانی هێزی چالاکتر و جوڵە خێرا بووەتە پێویستییەک بۆ وڵاتان. KASOTC یارمەتی پڕکردنەوەی ئەو ڕۆڵە پێکهێنەرە دەدات. یونیپاش لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی، عەمید ڕوکن نایل ئەلشقیرات لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن گفتوگۆی لەبارەی KASOTCـەوە کرد.

**یونیپاس: ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم لە بنیاتنانی تواناکان و ئامادەکردنی تیمەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. ئایا دەتوانیت باس لە مەنهەج و بەرنامەکانی ڕاهێنانی ناوەندەکە بکەیت؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** ناوەندەکە چەندین بەرنامەی ڕاهێنان و مەنهەج کە پێنج تەوەری سەرەکی دەگرێتەوە، جێبەجێ دەکات:

- تەوەری یەکەم: هێزە تایبەتەکان و دژەتیرۆر
- تەوەری دووەم: هێزی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی کەسانی زۆر گرنگ (VIP)
- تەوەری سێیەم: ڕاهێنانی پزیشکی
- تەوەری چوارەم: سەرکردایەتی و بنیاتنانی تیم
- تەوەری پێنجەم: ڕاهێنانکردن بە ڕێکخراوە مرۆییەکان

هەر تەوەرێک کۆمەڵێک خولی تایبەتمەند لە ئاستی جیاوازدا لەخۆدەگرێت: بنەڕەتی، مامناوەند و پێشکەوتوو.

جگە لەوەش، ناوەندەکە خولی ڕاهێنان بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە تایبەتە هاوبەشەکان کە پێی دەوترێت خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند، دروست دەکات.

هەروەها ناوەندەکە لە چوارچێوەی بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە وڵاتانی برا و دۆست، کار لەسەر بەرزکردنەوەی پلان و بەرنامەکانی هێزی تایبەتی شاهانەی شا عەبدوڵڵای دووەم دەکات. هەروەها بە سودوەرگرتن لە ئاسانکاری و تواناکانی ناوەندەکە بە شێوەیەک کە یارمەتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی نێوان ئەم هێزانە بدات تا باشتر ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە هاوبەشەکان ببنەوە لە داهاتوودا، توانا گونجاوەکان بۆ یەکخستنی چەمکەکان لە نێوان ئەم هێزانەدا دابین دەکات.

**یونیپاس: چەند خول لەلایەن KASOTCـەوە پێشکەش دەکرێت و چەند بەشداربوو لە وڵاتانی دۆست و براوە بەشداری دەکەن؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** لە نێوان ساڵانی 2009 هەتا 2024، ناوەندەکە ڕاهێنان و خزمەتگوزارییە پشتیوانییەکانی ڕاهێنانی پێشکەش بە 124,000 سەرباز لە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی 73 وڵات کردووە، جگە لە 17 ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی.

**یونیپاس: چۆن ناوەندەکە بەرنامەکانی ڕاهێنان و شارەزایی ڕاهێنەران گەشەپێدەدات؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** ناوەندەکە لەم ڕووەوە شێوازێکی کاری دیاریکراو جێبەجێ دەکات. بەرنامەکان بۆ دڵنیاییدان لەوەی کە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە نوێیەکان و هەڕەشە سەرهەڵداوەکان دەبنەوە، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی شانبەشانی نوێترین بەرنامەکانی ڕاهێنان لە ناوچەکانی تری جیهان هەنگاوبنێت، بەشێوەیەکی ماوەیی پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت. ئەمەش بە هاوکاریی هاوبەشە ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی هاوبەشپێکردنی شارەزایی و بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی هاوبەش ئەنجام دەدرێت.

ڕاهێنەران بە هەڵسەنگاندنی ماوەیی و بەردەوامدا تێدەپەڕن بۆ پاراستنی تواناکانیان. بە هەمان شێوە بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی خود بە بەشداریکردن لە خولەکان و هەروەها دەستپێشخەرییەکانی پەرەپێدانی دامەزراوەیی لە ناوەندەکە هاندەدرێن، کە تێیدا بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕاهێنەران بەشداری لە چەندین خولی دەمەزەردکردنەوە و شایستەبووندا دەکەن.

**یونیپاس: ئایا ئێوە لە وڵاتانی دۆستەوە ڕاهێنەر و پسپۆڕ دادەمەزرێنن؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** ناوەندەکە بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوبەشانی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی دۆست کاردەکات. لە ئێستادا ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای IPC لە ئەمریکا، کە تایبەتمەندە لە ڕاهێنان و سیستەمی هاوشێوەکردن و ئامانجە جوڵاوەکان، هاوبەشیمان هەیە. بە

هەمان شێوە ناوەندەکە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تری ئەمریکی کە تایبەتە بە ڕاهێنان لە پرۆسەی واژۆکردنی ڕێکەوتنی هەماهەنگیدایە. ئەم ڕێککەوتنە پسپۆڕان و ڕاهێنەرانی بیانی لەخۆدەگرێت. هەروەها ناوەندەکە بەپێی داواکاری هاوبەش، لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندی و هاوبەشییەوە کە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان هەمانە، دەتوانێت هەر پسپۆڕێکی بیانی بهێنێتە ناوەوە.

**یونیپاس: KASOTC بە پێشبڕکێی ساڵانەی جەنگاوەر ناسراوە. ئەم چالاکییە چۆن پەرەی پێدەدرێت و تیمەکانی دادوەری چۆن هەڵدەبژێردرێن؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** ئێمە لەساڵی 2024ـدا میوانداریی 13هەمین گەڕی پێشبڕکێی جەنگاوەرانمان کرد. هەر گەڕێک جیاوازە و لەسەر بنەمای ئەو سیناریۆیانەی ئەرکەکانی ژیانی ڕاستەقینەی یەکە دەستەبژێرەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا هاوشێوە دەکەن، دامەزراوە. چالاکییە کێبڕکێییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ڕاهێنان لە ئەمریکا دادەڕێژرێن. ئەوان لەسەر بنەمای داواکاریی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکە بۆ داخوازی دارایی لەپێناو بەڕێوەبردن و داڕشتنی ڕووداوەکانی پێشبڕکێکە داواکاری بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکە پێشکەش دەکەن. کۆمپانیای براوە بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی لە بواری ڕاهێنانی یەکە دەستەبژێرکراوەکان و ڕێکخستنی پێشبڕکێ سەربازییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەک کە شەفافیەت، بێلایەنی و بێگەردی پێشبڕکێکە مسۆگەر بکات، هەڵدەبژێردرێت. ئەمانە بریتیین لە بەها سەرەکییەکانی ناوەندەکە، هەر بۆیە کۆمپانیای نێکسوسی ئەمریکی بۆ بەڕێوەبردنی گەڕی 13ـی پێشبڕکێی جەنگاوەر هەڵبژێردرا.

**یونیپاس: ئایا ناوەندەکە بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی دۆست چ بەرنامەیەکی نوێ پێشکەش دەکات؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** چەندین پلان و بەرنامەی نوێ بۆ ئەو دەستە ڕاهێنانانەی کە ناوەندەکە پێشکەشی دەکات زیاد دەکرێن، بەتایبەتی ئەو بەرنامانەی کە پەیوەستن بە تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ لە پرۆسەی ڕاهێناندا بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی زیانەکانی لە ناو هێزە دەستەبژێرییەکان و زیادکردنی دەرفەتی سەرکەوتنیان لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا. ئەمەش تەکنەلۆژیای ڕاستیی خەیاڵی و ژیریی دەستکرد دەگرێتەوە. هەموو ئەمانە لە ڕێگەی هاوکاری و هەماهەنگیی هەمیشەیی و بەردەوام لەگەڵ هاوبەشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێت. ئەم بەرنامانە لەگەڵ بەردەستبووندا لە ڕێگەی ماڵپەڕی ناوەندەکەوە ڕادەگەیەنرێن.

**یونیپاس: چۆن ناوەندەکە مەنهەجەکەی بۆ لەخۆگرتنی پێشهاتە نوێیەکانی جەنگی هاوچەرخ دەگونجێنێت؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** بە هۆی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئەردەن وەکو هاوبەشێکی سەرەکی، ناوەندەکە سەبارەت بە هەڕەشە و پێشهاتە سەرهەڵداوەکان لە ژینگەی ئاسایشیی ناوچەیی و جیهانیدا، و ئەو وانانەی کە لە شیکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازی و ئاسایشییەکانی ئێستا فێربوون، ئاگادارە. ئەم پێشهاتانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و دەخرێنە ناو مەنهەجی



فێرخوازانی KASOTC بە سەر دیوارێکدا هەڵدەگەڕێن.



گۆڕەپانی KASOTC کە لە کانگایەکی کۆنی بەردەڵانەوە هەڵکۆڵراوە، ئاڵنگاریی ناوازە پێشکەش دەکات.

ڕاهێنانەکانمانەوە بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیانی بێت. سەرەڕای ئەوەش، و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، ناوەندەکە توانیویەتی بەشێوەیەکی بەردەوام بەرنامەی نوێی ڕاهێنان پەرەپێبدات و ئەوانەشی کە لە پەیڕەوکردان بە شێوەیەک نوێ بکاتەوە کە لەگەڵ ئەو ژیانە ڕاستەقینەدا بگونجێت کە ئێمە تێیدا دەژین.

**یونیپاس: پێویستە ڕاهێنانەکە هەردوو ڕاهێنانی مەیدانی و تیۆری لەخۆبگرێت. ئایا ڕاهێنانی تیۆری بەرەنگاربوونەوەی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەخۆدەگرێت؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** ئەو مەنهەجە ڕاهێنانانەی کە ناوەندەکە پەسەندی کردووە، هەردوو لایەنی تیۆری و کرداری لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی پلاندانانی تەکتیکی لەسەر ئاستی ئۆپەراسیۆنی و تەکتیکی، بە هەمان شێوەش هەنگاوەکانی پرۆسەی بڕیاردان، و چەندین شیکاری و لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی هەڕەشەکان و توانای گەیشتن بە گونجاوترین بڕیار. سەبارەت بە ڕاهێنانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی، ئەمە لە ڕێگەی هاوبەشە ناوخۆیی و تایبەتمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە تێگەیشتنێکی تەواویان لە ڕاهێنان لەسەر ئەم بابەتە هەیە. ناوەندەکە دڵنیایی ئەوە دەدات کە هەموو داواکارییە پێویستەکان بۆ سەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕاهێنانە بە هاوکاری و هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ هاوبەشی ناوخۆیی دابین دەکرێن.

**یونیپاس: چۆن ڕاهێنان پێویستیی مامەڵەکردنی هێزەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا لەگەڵ لقە سەربازییەکانی تر لەخۆدەگرێت؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** تەوەرە سەرەکییەکانی ڕاهێنان لە ناوەندەکەدا هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، هێزەکانی دژە تیرۆر و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەنە ئامانج، بە پلەی یەکەم بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەم هێزانە خاوەنی هەموو ئەو لێهاتوویی و زانیارییەن کە پێویستن بۆ پێدانی توانا تا ئەرکەکان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن. یەکێک لە لایەنەکانی ئەمە بریتییە لە توانای ئەم هێزانە بۆ کارکردن لە ژینگەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا، بەتایبەتی لەگەڵ هێزی ئاسمانی. ناوەندەکە توانای دەستگەیشتنی بە سەرچاوەی جۆراوجۆر هەیە لە هێزی ئاسمانیدا بۆ مەبەستی ڕاهێنان لەگەڵ هێزە دەستەبژێرییەکان، ئەگەر ئەمە مەرجێکی هاوبەش بێت. بەهۆی هاوبەشییەکەی لەگەڵ هێزە چەکدارەکان، ناوەندەکە دەتوانێت داواکارییە پێویستەکان بۆ هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کە لەلایەن کڕیارێکەوە داوای دەکرێت، لەوانەش ڕاهێنەرانی لقە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکان، دابینبکات.

**یونیپاس: سودەکانی ڕاهێنانکردن لە ژینگەیەکی فرەجۆریی زەوی وەکو خاکی ئەردەن چین؟**

**عەمید ڕوکن ئەلشقیرات:** گومانی تێدا نییە کە ڕاهێنان لە ژینگە و زەوییە جۆراوجۆرەکانی ئەردەن کە هەموویان لە نزیک یەکترەوەن، کات، هەوڵ و تێچووی زۆر پاشەکەوت دەکات. بە هەمان شێوە دەرفەت بۆ سوپاکان دەڕەخسێنێت کە ڕاستەقینەیی ئۆپەراسیۆنەکان بە دانانی سەربازەکان لە بارودۆخێکدا کە تا دەتوانرێت نزیک بێت لە ژیانی ڕاستەقینە و ئەو ئەرکانەی کە ڕەنگە پێیان بسپێردرێت هاوشێوە بکەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی مەودای بەرفراوانی شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان کە زۆرێک لە سوپاکان لە جیهاندا تێیدا کاردەکەن. بەهۆی هاوبەشییەکەی لەگەڵ هێزە چەکدارەکان، ناوەندەکە دەتوانێت بەرنامەکانی ڕاهێنان لە ژینگەیەکی جیاوازی وەکو بیابان، شاخ و دارستانەکان، بە هەمان شێوە ژینگەی دەریایی جێبەجێ بکات، ئەمەش لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی ئازادی بە هەموو گۆڕەپانەکان و ناوچەکانی ڕاهێنانی سەر بەم هێزانە. ✦

# شێرەکانی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی عێراق

**دکتۆر حسێن عەلاوی**، ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق و ئەندامی شانەی ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق



سەربازانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق مانۆڕێک ئەنجام دەدەن.

دەزگای دژەتیرۆری عێراق

**شێرەکانی** وڵات و قەڵغانە نەبەزیووەکەیان سەرکردایەتیی ئۆپەراسیۆنی 'بازی شێر'ـیان بۆ بنبڕکردن و کۆتاییهێنان بە کاری سەرکردە تیرۆریستییەکان کرد، کە بیریان لەوە دەکردەوە بیابانەکان وەکو مەیدانی تاقیکردنەوە بۆ هێرشکردنە سەر پارێزگاکانی عێراق و ناوەندەکانی شار بەکاربهێنن.

شێرەکانی وڵات هەرگیز ڕێگەیان پێنەدان ئەو کارە بکەن. ئەوان ئۆپەراسیۆنێکیان دەستپێکرد کە تامێکی تاڵی دوو لایەنی بە داعش نۆشت: کۆتایی هاتنی چالاکییەکانیان لە بیابان، وە شکست و لەناوبردنی ڕووڕەشترین تۆڕیان لە ناوچەیەکی جوگرافیی زۆر ئاڵۆزدا.

دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی دامەزراوەیەکی گەورەیە، وەکو قەڵغانی دەرەکی خزمەت بە عێراق دەکات. ئێمە گەواهیدەری زۆربەی ئەو شەڕە بووین کە پیاوەکانی بە ئیرادەی تەواویانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ڕووخاندنی تۆڕە تیرۆریستییە دەرەکی و ناوخۆییەکان جەنگان. ئەوان گەورەترین هەستی قارەمانێتی نەتەوەیی لە تێکشکاندنی تیرۆر و لەناوبردنی یەکێک لە گەورەترین تۆڕە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داشی لە بیابانی ئەنبار بەرجەستە دەکەن.

زۆربەی جار ڕاپۆرت و بابەتەکان ئاماژە بە وادی قەزف (دۆڵی قەزف)ـی ئەنبار دەکەن، کە پێشتر پەناگەیەکی سەلامەت بووە بۆ سەرکردایەتیی داعش. لەو کاتەوەی محەمەد شیاع ئەلسودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی گرتووەتە ئەستۆ، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەی هەواڵگری لە عێراق لە بەدواداچوون و لەناوبردنی سەرکردایەتی باڵای داعش دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی پلانێکی نوێ.

یەکێک لە یەکەم ئۆپەراسیۆنە گرنگەکانی لە ڕووی ستراتیژییەوە، بریتی بوو لە لەناوبردنی تواناکانی دابینکردن، جوڵەکردن و گواستنەوەی داعش. بە هەمان شێوە چاودێری ئەو ئاسۆ و گردە دوورانەی دەکرد، کە تارادەیەکی زۆر لە دوورەوە بە سیخوڕیکردنی نەریتی نەبینران. ئێمە بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری، دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و هەڵبژاردنی شانۆکانی داهاتووی ئۆپەراسیۆن پێویستمان بە زیرەکی مرۆیی بوو.

دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی ئامانجەکانی دەستنیشان کرد و هەڵبژارد و لەگەڵ لقی هەواڵگری و بەشی بەئامانجکردنی هاوبەشی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، بە سەرپەرشتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان و سەرۆک وەزیران، لەگەڵ بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ لەلایەن جێگری دەزگای هەواڵگریی نیشتمانییەوە هاوبەشی پێکرد.

ئەوان لە شوێنپێهەڵگرتنی گەورەترین تۆڕی سەرکردەکانی داعش لە یەکێک لە مەترسیدارترین بیابانەکانی جیهان سەرکەوتوو بوون. ئەم بیابانە شوێنی گرنگترین سەرکردە تیرۆریستەکان بووە، کە جوگرافیاکەیان بۆ خۆدزینەوە، خۆحەشاردان و هەڵهاتنیان قۆستبووەوە. ئەوان بەرپرسیارن لە سەرکردایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکان لە بیابانی عەرەبی، وە بە شێوەیەکی بەرفراوان باوەڕ وایە بەشێک بن لە پێکهاتەی فەرماندەیی و بەڕێوەبردنی دەرەکی و جیهانیی داعش.

ئۆپەراسیۆنی بیابانی ئەنبار بریتی نەبوو لە تەنها ئۆپەراسیۆنی گەورە کە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی نیشتمانییەوە لەو ناوچەیەدا ئەنجامدرابێت. ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی تری بە هەمان گەورەیی و گرنگی بەدوای خۆیدا هێنا کە دەکرێت وانەی بەنرخ بۆ دەزگا هەواڵگرییەکان لە سەرانسەری جیهاندا دابین بکات.

عێراق لە بەرەبەیانی 29ـی ئابی 2024، لە بیابانی ئەنبار ئۆپەراسیۆنی 'بازی شێر'ـی دەستپێکرد، کە بارەگا و حەشارگەکانی سەرکردەکانی داعشی کردە ئامانج. ئەمە بەرهەمی چەند مانگێک کۆبوونەوەی ئاسایشی، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، کاری تەکنیکی و مەیدانی لەلایەن دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی عێراق، پاڵپشتی تەکنیکی و لۆژستی و هاوبەشپێکردنی زانیاری هەواڵگری لەلایەن ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی و بەدواداچوونی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان بوو.

ئۆپەراسیۆنەکە لە سێ ئۆپەراسیۆنی زەمینی و نیشتنەوەی هێزی ئاسمانی بە پلاندانان و سەرپەرشتی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان پێکهاتبوو. ئەمە لە لایەن دەزگای دژە تیرۆری عێراق، یەکەی هێزە تایبەتەکان و یەکەکانی لەشکری 5 بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی ئەنجامدرا. هەروەها لەلایەن هێزی ئاسمانی و فڕۆکەوانی سوپاوە پشتیوانی کران و لە لایەن ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە هاوکاری تەکنیکییان پێشکش کرا. ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە کوژرانی 14 تیرۆریستی داعش کۆتایی هات. هەندێک لە سەرکردە تیرۆریستە سەرەکییە تاوانبارەکان بریتی بوون لە:

1. ئەبو سدیق یان ئەبو موسلیم. ناوی ڕاستەقینە: ئەحمەد حەمەد حسێن عەبدولجەلیل زوەین، خۆی بە جێگری پارێزگاری عێراق ناساندبوو.
2. مەنسور ئەبو عەلی ئەلتونسی. ناوی ڕاستەقینە: عومەر بن سوەیح بن سالم قەرا، بە ناو ئەمیری بەرهەمهێنان، گەشەپێدان و کاروباری کیمیایی بوو.
3. ئەبو هیمام. ناوی ڕاستەقینە: سەعد مەحەمەد ناصر، بە ناو بە پارێزگاری ئەنبار دیاریکرابوو.
4. تیرۆریستی تاوانبار شاکر هیرات ئەلنەجدی، بە ناو بە فەرماندەی سەربازیی داعش لە ئەنبار دیاریکرابوو.
5. ئەبو عەبد حەنوب یان ئەبو عەبدولڕەحمان. ناوی ڕاستەقینە: موعەمەر مەهدی خەلەف حسێن، بە ناو بە پارێزگاری باشوور دیاریکرابوو.
6. ویقاس. ناوی ڕاستەقینە: عەلی ڕەباح ڕەجە، بە ناو بە ئەفسەری پەیوەندییەکان دیاریکرابوو کە بە بەرپرسی کاروباری ئابووری و دارایی بوو لە پارێزگای ئەنبار.

دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی کە زیاتر لە 20 ساڵە خزمەت دەکات، هەوڵێکی ئێجگار زۆری داوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق. شانبەشانی برایانی لە هێزە چەکدارەکان، بەگوێرەی پێکهاتە وەزارییەکان، وە بە هەمان شێوە دەزگا ئاسایشییەکانی تر و لەڕێگەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانەوە بۆ شکستپێهێنانی تیرۆر و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی ماددی و مرۆییان خزمەتی کردووە.

ئۆپەراسیۆنە بێشومارەکانی لە دەرەوەی عێراق بوونە هۆی گرتن و ڕادەستکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە تیرۆریستییەکان بە هەماهەنگیی دەزگای هەواڵگریی وڵاتانی دیکە، ئاخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا یان وڵاتانی تر بووبن. لە ناوخۆشدا دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی لە پارێزگا ئازادکراوەکاندا تۆڕە تیرۆریستییەکانی لەناوبردووە، بە هەمان شێوە ئەو ئەرکە هەواڵگرییانەشی کە پێی ڕاسپێردرابوو جێبەجێکردووە. ئەم ئەرکانە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەنجام دەدات و لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و لەناوبردنی تۆڕە تیرۆریستییەکان، هەمیشە لە پێش دەزگا هەواڵگرییەکانی دیکەی ناوچەکەدایە.

ئەم پیاوانە ژیانی بەنرخی خۆیان بۆ عێراق، بۆ پاراستنی گەلەکەی و سیستەمە دیموکراسییەکەی، بۆ پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی عێراق و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق تەرخان کردووە. خودا عەقڵ و دەستی ئەو قارەمانانەی بەشی ئۆپەراسیۆن و سەرجەم بەشەکانی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی عێراق لە بنبڕکردنی تیرۆر لە عێراق بپارێزێت. ✦

# فەرماندەییکردنی هاوپەیمانییەکی دەریایی

**فەریق ستیڤ بۆیڤین،** فەرماندە، فەرماندەیی چالاکییە هاوبەشەکانی کەنەدا



ژان فیلیپ لینتیۆ، چەپ، باڵیۆزی کەنەدا لە شانشینی سعودیە، لەگەڵ فەرماندە ترەیڤس بەین، ئەفسەری فەرماندەی کەشتیی جەنگی HMCS Montréa، لە میانی سەردانێکدا بۆ بەندەرێک لە جددە لەگەڵ میواندۆستانی سعودیە گفتوگۆدەکات. دەریاوانی پلە یەک بڕایان ئنەدەرود/هێزە چەکدارەکانی کەنەدا

# هێزی دەریایی کەنەدا بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوی کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری لە هێزی ئەرکی یەکخراوی 150 دەکات

**ناوچە** ئاوییەکانی دەوروبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا خاوەنداریی بەشێک لە گرنگترین ڕێڕەوەکانی کەشتیوانی جیهان دەکەن. دەریای سوور، کەنداوی عەدەن، زەریای هیندی و کەنداوی عومان شوێنی لەنگەرگرتنی ئەو کەشتیانە دابیندەکەن کە ڕۆژانە نزیکەی 27 ملیۆن بەرمیل نەوت و سێ یەکی گازی سروشتیی شکلراوەی جیهان دەگوازنەوە.

هەمان ئەم ڕێڕەو ئاوییە گرنگانە ڕێڕەوی بەقاچاخبردن بۆ ڕێکخراوە تاوانکاری و تیرۆریستییەکان دابین دەکەن. فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەر و تاوان لە ساڵی 2024ـدا "ڕێگای باشوور"ـی بە بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاویی دەوروبەری نیمچە دوورگەی عەرەب وەکو ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ قاچاخچیکردن بە ماددەی هۆشبەری ئۆپیۆید دەستنیشان کردووە.

هێزە دەریاییە یەکخراوەکان (CMF)، گەورەترین هاوپەیمانییەتی فرەنەتەوەیی دەریایی لە جیهاندا، لەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لایەنە نایاساییە نادەوڵەتییەکان و برەودان بە ئاسایش، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانیاندا پارێزگاری لە نەزمی نێودەوڵەتی دەکات. کەنەدا ئەندامی پێشەنگی ئەم هێزە گرنگە یەکلاکەرەیەوە بووە کە لە بەحرەین جێگیرکراوە. لەناوخۆی CMFـدا، بەرپرسیارێتی بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتیکردن بە ماددەی هۆشبەر و کاڵا نایاساییەکانی تر دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزی ئەرکی یەکخراوی (CTF 150). هەتا 2024، ئەم هێزە دەریاییە فرەنەتەوەییە کەشتی و کارمەندانی ئوسترالیا، کەنەدا، دانیمارک، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، نیوزلەندا، پاکستان، سعودیە، ئیسپانیا، بەریتانیا و ئەمریکای لەخۆگرتبوو.

CMF، لە ڕێگەی شانەی یەکگرتنی نێودەزگایی ماددەی هۆشبەری ناوچەییەوە کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی ئەمریکا و ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی کرا، بە بەهای ملیارەها دۆلار لە ماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا داهاتی بازرگانانی ماددەی هۆشبەریان وەستاندووە و لە ساڵی 2024ـدا بە بەهای 386 ملیۆن دۆلار خەمڵێنراو ماددەی هۆشبەریان لەناوبردووە.

لە دوای پێکهاتنی CTF 150 لە ساڵی 2001، کەنەدا شەش جار سەرۆکایەتیکردنی وەرگرتووە، دوایین جار لە کانونی دوو هەتا تەمموزی 2024 بوو،



ئەندامانی کەشتیی جەنگیی HMCS Calgary وەکو بەشێک لە CTF 150 لە دەریای عەرەبی لە نزیک ماددەی دەست بەسەردا گیراودا ڕاوەستاون.

عەریف لینێتێ ئال دانگ/ هێزە چەکدارەکانی کەنەدا


کیسەی حەشیش لەلایەن CTF 150 دەستی بەسەردا گیرا

هێزی دەریایی یەکخراو

> **هێزە دەریاییە یەکخراوەکان (CMF)، گەورەترین هاوپەیمانییەتی فرەنەتەوەیی دەریایی لە جیهاندا، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لایەنە نایاساییە نادەوڵەتییەکان و برەودان بە ئاسایش، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانیاندا پارێزگاری لە نەزمی نێودەوڵەتی دەکات.**

ئەمەس دوای ڕادەستکردنەوەی لەلایەن هێزی دەریایی فەرەنساوە. هێزی ئەرکی سەرکردایەتیکراو لەلایەن کەنەداوە، کارمەندانی ئوسترالیا، بەحرەین و نیوزلەندای لەخۆگرتبوو.

لە ژێر ئەم فەرماندەییە هاوبەشە بە سەرۆکایەتی کەنەدا، CTF 150 نۆ چالاکیی قەدەغەکردنی سەرکەوتووی ئەنجامدا کە تێیدا لە ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانیدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 11,600 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گرت، کە 8.29 ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە لە گەرووی هورمزەوە هەتاوەکو قۆچی ئەفریقا دەگرێتەوە.

هاوکات، CTF 150 چالاکیی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لە سەکۆکانی سیخوڕیکرد و چاودێریکردنی بۆشایی ئاسمان ئەنجامدا. هەماهەنگیی فرەنەتەوەیی CTF 150 دەرفەتێک بۆ وڵاتانی خاوەن زمان، ئایین و کولتووری جیاواز دەڕەخسێنێت تا بەیەکەوە کار لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسایشی دەریایی بکەن.

ئەو ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتووانەی کە لەلایەن CTF 150ـەوە ئەنجامدراون، کاریگەری تیمەکانی فەرماندەیی هاوبەش لە چاودێریکردنی سامانە فرەنەتەوەییەکان نیشان دەدەن. لە نیسانی 2024، CTF 150 ئۆپەراسۆنی

**CTF 150، لە ساڵی 2024دا لەژێر فەرماندەیی کەنەدا، چالاکی نمایشیی هەوڵی تاوانبارانی ماددەی هۆشبەر بۆ بەقاچاخبردنی لە دەریای عەرەبی ئەنجامدا.** پاسەوانی کەناراوەکانی ئەمریکا





Crimson Barracuda ( کرمسۆن باراکودا)ـی ئەنجامدا، هەڵمەتێکی بەرفراوان بوو لە بەرەنگاربوونەی ماددەی هۆشبەر کە بەشداربووەکانی لە هێزی دەریایی شاهانەی کەنەدا، هێزی دەریایی شاهانەی بەریتانیا، هێزی دەریایی هیندستان، پاسەوانی کەناراوەکانی ئەمریکا و هێزی دەریایی ئەمریکا یەکخست. ئەوان دەستیان بەسەر زیاتر لە 4,900 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گرت.

لەگەڵ هاوڕێیانی ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی کەنەدا، فەرماندەی ئەوکاتەی CTF 150 عەقیدی هێزی دەریایی شاهانەی کەنەدا کۆڵین ماتیۆس بۆ بەهێزکردنی تواناکانی کەنەدا لە ئاوێتەبوون و نیشاندانی متمانەپێکراوییەکەی وەکو وڵاتێکی ئەندامی گرنگ لە نزیکەوە لەگەڵ ئەمریکای هاوپەیمان خزمەتیکرد. لە ژێر فەرماندەیی کەنەدا، CTF 150 دەستی بەسەر بەهای زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلار ماددەی هۆشبەری نایاساییدا گرتوو کە مەبەست لێیان دابینکردنی دارایی ڕێکخراوە تاوانکاری و تیرۆریستییەکان بوو.

دەستکەوتەکانی CTF 150 دڵنیای دەدەن لە تێکدانی کارگە تاوانکارییەکان و پاراستنی نمایشێکی بەهێزی هێز بۆ ڕێگریکردن لە ڕێکخراوەکان لە هەڕەشەکردن لە هاتوچۆی یاسایی دەریایی.

لە کاتێکدا عەقیدی هێزی دەریایی ماتیۆس لە تەمموزی 2024 کۆتایی بە فەرماندەییەکەی هێنا، بۆ بە باشی بەڕێوەبردنی ئەرکەکە پیرۆزبایی لێکرا. کەنەدا فەرماندەیی CTF 150 گواستەوە بۆ فەرماندە عاسم سوهەیل مالیک، ئەفسەری

**هێزی ئەرکی یەکخراوی 150 لە ژێر فەرماندەیی کەنەدا ڕێگری لە کەشتییەکی چاڕۆکەداری هەڵگری ماددەی هۆشبەری نایاسایی کرد.** هێزی دەریایی یەکخراو

سەرۆک ئەرکانی فەرماندەی کەشتیگەلی پاکستان لە بارەگای سەرەکی کەشتیگەلەکە. ئەم ڕادەستکردنەوەیە گەڕی 13ـەهەمین بوو کە تێیدا پاکستان فەرماندەیی CTF 150 گرتە دەست.

ڕێڕەوی ئاویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ڕێڕەوی گواستنەوە بۆ بەشێکی زۆری نەوت و گازی سروشتی جیهان دابین دەکەن. ناتوانرێت لە گرنگیی پاراستنی ئەم ڕێڕەوانەی کەشتیوانییانە کەم بکرێتەوە. ڕۆڵی CMF بریتییە لە پاراستنی ئەم سەرچاوە ئێجگار گرنگە، لەکاتێکدا بەرەنگاری تاوانبارەکان دەبنەوە لە گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر و کاڵا نایاساییەکانی دیکە کە یارمەتی دارایی ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان دەدەن.

فەرماندەیی فرەنەتەوەیی دەرفەتی بۆ ئەندامانی هێزی دەریایی شاهانەی کەنەدا ڕەخساندووە لەکاتێکدا سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەکەن لە نزیکەوە لەگەڵ هاوپەیمانان کاربکەن. کەنەدا لە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکان بۆ بەرزڕاگرتنی بەها هاوبەشەکانمان لە ئاسایشی ناوچەکە و پابەندبوون بە نەزمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاساکان بەردەوام دەبێت. ✦



# ئاشتیپارێزانی کازاخستان پشتیوانی

## لە سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن

### لە یەکەم فەرماندەیی سەربەخۆی ئاشتیپارێزی وڵاتەکە، هێزەکانی کازاخستان لە بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر دەبن

**عەقیدی هێزی دەریایی عەزمەت مورزابێکۆب**، هێزی دەریایی کازاخستان، نوێنەری باڵای نیشتمانیی پێشووی کازاخستان لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

وێنەکان لەلایەن هێزی چاودێرانی کشاندنەوەی هێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان

لە 2024، لە دانیشتنێکی هاوبەشی هەردوو ژووری پەرلەمانی کازاخستان بڕیاری ناردنی هێزی ئاشتیپارێزی کازاخستان بۆ بەرزاییەکانی جۆلان دەرکرا، لە دوای دوو مانگ 139 ئەندامی خزمەت دەستیان بە ئەرکەکەیان کرد. درێژیی ماوەی ئەرکەکەیان بەندە بە بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

جگە لە بەرزاییەکانی جۆلان، هێزەکانی ئاشتیپارێزی کازاخستان بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی باشووری سودان و ئابیێی دەکەن.

ئامانجەکانی ئاشتیپارێزی کازاخستان لە بەرزاییەکانی جۆلان بریتین لە چاودێریکردنی ئاگربەست و سەرپەرشتیکردنی پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەی کشانەوە لە چالاکی.

بڕیاری دەستپێکردنی ئەرکی ئاشتیپارێزی لە دوای بانگهێشتنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هات. لەگەڵ شیکارییەکی وردی ململانێ بەردەوامەکان لە سەرانسەری جیهان، شارەزایانی وەزارەتی بەرگریی کازاخستان گەیشتنە ئەو دەرەئەنجامەی کە ئەرکی ئاشتیپارێزی لە بەرزاییەکانی جۆلان بریتییە لە یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، و سەرکەوتنەکانی لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش نەک تەنها لە ناوچەکە بەڵکو لە جیهاندا یارمەتیدەر دەبێت.

بەشداریکردن لە ئەرکەکانی تری ئاشتیپارێزیدا، لەوانەش لە بیابانی ڕۆژئاوا، کۆت دیڤوار و لوبنان، بواری بۆ سەربازانی کازاخستان ڕەخساندووە لەگەڵ سەربازانی وڵاتانی دیکە خزمەت بکەن. دوای دەیان سوڕ کە تیایاندا هێزەکانی کازاخستان شارەزایی و لێهاتوویی پێویستیان لێوە بەدەست هێنا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەرکێکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی بەئەزموون پێکبهێنرێت.

سەرکردەکانی وەزارەتی بەرگری وەکو بەشێکی گرنگی ڕاهێنانی سەربازەکان دەڕواننە بەشداریکردن لە ئەرکەکانی ئاشتیپارێزی، کە ئەمە یارمەتیدەرە دەبێت بۆ چڕکردنەوەی توانای بەشداریکردنیان لە شەڕە سەربازییەکاندا.

ئاشتیپارێزەکان بە پابەندبوون بە مەرجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساکانی کازاخستان هەڵبژێردران. بەر لە ڕەوانەکردنیان، سەربازەکان لە ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی و ناوەندی داماڵینی مین لە ئەلماتی مەشقی ئەکادیمی و کرداریان وەرگرت.

هەموو ئامێر و کەرەستەی سەربازی پێویست بۆ پاراستنی ئاگربەستەکە گەیەندراوەتە بنکەی جێگیرکردنی ئاشتیپارێزانی وەزارەتی بەرگریی کازاخستان و هێزەکانی کازاخستان بە تەواوی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان ئامادەن.

بە دامەزراندن و دەستپێکردنی ئەرکی ئاشتیپارێزی لە بەرزاییەکانی جۆلان، کازاخستان ئەرکێک جێبەجێ دەکات کە بەشداری لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەکات. بە هەمان شێوە بەشداریکردن لە ئەرکەکانی ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، شکۆ و پێگەی وڵاتەکە لە کاروباری جیهانیدا بەهێز دەکات. ئەرکی بەرزاییەکانی جۆلان هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ ئەوەی کازاخستان ببێتە بەشداربوویەکی تەواو لە هێزەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەدەستهێنانی ئەزموونی سەربازی بە بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزی یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکان. هەموو سوپایەک پێویستی بە ئەفسەری راسپێردراو و نا راسپێردراوی خاوەن ئەزموونی ژیانی راستەقینە هەیە. لە شەڕدا، یەک جەنگاوەری بەئەزموون هێندەی چەندین وەرگیراوی بێ ئەزموون خزمەت دەکات.

## ”به لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزیی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کازاخستان وەکو نموونەی دەوڵەتێکی چالاک و بەرپرسیار دەمێنێتەوە کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزیدا دەکات و هانی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی سەقامگیرتر دەدات، لەوانە... لە بواری بەرپرسیارێتیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا."

~ عەقیدی هێزی دەریایی عەزمەت مورزابێکۆب، هێزی دەریایی کازاخستان

پێشتر ئاشتیپارێزانی کازاخستان لە بەرزاییەکانی جۆلان هەندێک سەرکەوتنی ناوخۆییان بەدەستهێنابوو. بۆ نموونە، هێزی چاودێرانی کشاندنەوەی هێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی جۆلان ستایشی جێگیرکردنی سەربازانی ئاشتیپارێزی کازاخستانی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە "جێگیرکردنی ئۆپەراسیۆنی لە ناوچە کاتی و هەمیشەییەکانی لە کورترین ماوەدا ئەنجامدراوە،"

بە گشتی چالاکییەکانی ئاشتیپارێزی کازاخستان ڕەنگدانەوەی خواستی ئاستانان بۆ بەهێزکردنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی. بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کازاخستان وەکو نموونەی دەوڵەتێکی چالاک و بەرپرسیار دەمێنێتەوە کە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزیدا دەکات و هانی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی سەقامگیرتر دەدات، لەوانە لە بواری بەرپرسیارێتیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا. ✦



لە مانگی ئازاری 2024، هێزی ئاشتیپارێزی کازاخستان دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بەرزاییەکانی جۆلان دەگرێتە ئەستۆ.

### یەکەم

فەرماندەیی سەربەخۆی کازاخستان وەکو هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی سەرکردەکانی بەدەستهێناوە. لە مانگی شوباتی 2025، دەستەیەک کە پێکهاتبوو لە 139 سەرباز و چوار ئەفسەری دەستەی ئەرکان بۆ دەستکەوتەکانیان لە پاراستنی بنکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرزاییەکانی جۆلان، مەدالیایان پێبەخشرا.

فەرماندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایشی دەستەکەی کازاخستانیان کرد بۆ پوچەڵکردنەوەی 200 کەرەستەی تەقەمەنی نەتەقینەوەوە و چۆڵکردنی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دوایین جارلە مانگی کانوونی دووەمی 2024ـدا بوو.

سەرکردەی ئەرکەکان لیوا ئانیتا ئەسما و ژان پییر لاکرۆکسی جێگری سکرتێری گشتی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتی ئاماژەیان بە پابەندی، کاریگەریی شەڕکردن و هێزی ئاکاریی ئاشتیپارێزانی کازاخستانیان کرد.

بە هەمان شێوە ئاشتیپارێزەکان سەرنجی ئەرێنییان لەلایەن دەستەبژێری سەربازیی کازاخستانەوە بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە.

لە سەرەتای ساڵی 2024، لە مەراسیمێکدا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، لیوا سوڵتان کامالێتدینۆڤ، جێگری یەکەمی وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی کازاخستان، ستایشی ئەم هەنگاوە گرنگەی بەشداریکردنی نێودەوڵەتیی کازاخستانی کرد.

"ئەمە بۆ هێزە چەکدارەکانی کۆماری کازاخستان هەنگاوێکی مێژووییە. لە رابردوودا یەکەکانمان بە هاوبەشی لەناو دەستەی هاوبەشەکانماندا جێگیردەکران، ئێستاش بڕیارە یەکەیەک لە ژێر ئاڵای نیشتمانیی خۆماندا ڕەوانەبکەین،" لیوا کامالێتدینۆڤ ڕایگەیاند.

"بەشداریکردن لە ئەرکەکانی ئاشتیپارێزیدا تەنها بریتیی نییە لە بەشداریکردنی کۆماری کازاخستان لە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش، بەڵکو بە هەمان شێوە پێکهاتەیەکی گرنگی مەشقە کە یارمەتی باشترکردنی لێهاتوویی جەنگیی کارمەندانی سەربازی دەدات."

ئاشتیپارێزانی کازاخستان لە بەرزاییەکانی جۆلان لە مانگی ئایاری 2024 بەشداری لە مەراسیمێکدا دەکەن.



# ڕوانگەیەکی نوێ



شێوەسازی یونیپاس

# ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو ڕۆڵێکی چالاک لە بنیاتنانی ئاشتی ناوچەییدا دەگرێتە ئەستۆ

**دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلعوەیشق**
یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری سیاسی و دانوستان، ئەنجومەنی هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو

**ئەنجومەنی** هاوکاریی کەنداو، (GCC) ڕوانگەی خۆی بۆ ئاسایشی ناوچەکە لە ساڵی 2024 بڵاوکردەوە. لە مێژووی 44 ساڵەیدا یەکەمجار بوو کە ڕێکخراوەکە بە ئاشکرا ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە بخاتەڕوو.

لە ڕابردوودا، ڕوانگەیەکی هاوشێوە ڕێنمایی سیاسەتەکانی دەکرد، بەڵام هەرگیز بڵاونەکرابووەوە. پێویستە بڵێم بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی هەموو دەزگا خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی GCC، وەکو دامەزراوە سەربازییەکان، ئاسایشییەکان و وەزارەتی دەرەوە، ئەم ڕوانگەیە نزیکەی سێ مانگ جارێک پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت. و لەم دواییانەدا، دەزگا ئابووری و ژینگەییەکانیش بەشدارییان لە نوێکردنەوەی ئەم ڕوانگەیەدا کردووە.

لەپێناو ئاسایشی ناوچەکەدا پشت بە چوارچێوەیەکی گەورەتر کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، هەروەها هاوکێشەیەکی زۆر گەورەتر لە هەڕەشە هەنووکەیی، ئەگەری و سەرهەڵداوەوەکان و پێشنیاری GCC بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دەبەستێت. بە هەمان شێوە ئەو هاوکێشەیە بڵاو نەکراوەتەوە بەڵام نزیکەی سێ مانگ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

ڕوانگەی بڵاوکراوە ڕێبەرییەک لەسەر چۆنیەتی کارکردنی دەوڵەتانی GCC بۆ گرتنەبەری ڕۆڵێکی نوێ بۆ بەکارهێنانی خاڵە بەهێزە ئابووری و ستراتیژییەکانیان لەپێناو ئاسایش، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی ناوچەکە دابیندەکات. ئەمەش چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکان لە غەززە، ڕێبازێکی نوێ کە لەمساڵدا خرایە کار سەبارەت بە ئێران و پەرەسەندنی ژمارە ململانێ ناوچەییەکان.

هەروەها ڕوانگەکە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی GCC لەگەڵ کۆمەڵێک هەڕەشەی فرەڕەهەندی تەوەری جیاوازی هاوشێوەی تیرۆر، هێرشی ئەلیکترۆنی، ئاسایشی وزە، ئاسایشی خۆراک و ئاو، وە گۆڕانی کەشوهەوا ڕێبەرێک دابین دەکات.

یەکەم بنەمای بنەڕەتی ڕوانگەکەمان بریتییە لە ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی، لەوانەش پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی. ئەمە دووڕوویی ناگەیەنێت، بەڵکو لەبری ئەوە واتای پابەندبوونی توند بە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەگەیەنێت. ئەوەش خاڵی چەسپاو بووە لە چەندین ململانێی ناوچەکەدا، لەوانەش ململانێی غەززە و ناکۆکیەکانمان لەگەڵ ئێران.

دووەم: ڕوانگەی ئێمە فرەلایەنی و ناوچەگەری بەرەوپێش دەبات. ئاشکرایە لە ڕوانگەی ڕێکخراوێکی ناوچەییەوە، ئێمە باوەڕێکی بەهێزمان بە فرەلایەنە هەیە، بەڵام بە هەمان شێوە بە ناوچەگەرییش.



**د. عەبدولعەزیز ئەلعوەیشق وێنەی** IISS

سێیەم: ئێمە ڕێز لە سەروەری، سەربەخۆیی سیاسی و سنووورە نێودەوڵەتییەکان و یەکپارچەیی خاکی دەگرین. ئەوە بە تەنها ئۆکرانیا ناگرێتەوە بەڵکو ئەم ناوچەیەش دەگرێتەوە.

وە ئێمە پشت بە نەریتی دراوسێیەتی باش و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دراوسێکان دەبەستین. هەروەها باوەڕمان بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان

کاتێک دێتە سەر باسی ئاسایشیی ناوچەیی، ئێمە ئامادەیی خۆمان بۆ گرتنەبەری هەنگاوی مەبەستدار و داهێنەرانە لە ڕێگەی هاوبەشی ناوچەیی و بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام ڕادەگەیەنین.


سەربازانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لەگەڵ هاوبەشە ئەمریکییەکان بەشداری لە ڕاهێنانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکەن لە مەشقی پێداگریی هەڵۆی 2025 لە قەتەر. فرۆکەوانی سێر وایرپک/هێزی ئاسمانیی ئەمریکا

بە ڕێگەی ئاشتیانە و خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشە هەیە.

لە کۆتاییدا، ئێمە ئامادەین بەشداری لە ناکۆکییەکاندا بکەین و نێوەندگیری بکەین. وەکو ڕێکخراوێک، ئەمە شتێکی نوێیە بۆ GCC. هەروەها بەرقەرارکردنی ئاشتی وبنیاتنانی ئاشتی بوون بە بەشێک لە ئامرازەکانی گەشەپێدانی GCC. ئێمە ڕێبازی سوودمەندبوونی هەمووان جێبەجێ دەکەین نەوەک سوودمەندبوون لەسەر ئەستۆی لایەنی بەرامبەر، وە هەوڵدەدەین هەمووان بەرە ئەو فەلسەفەیە ڕابکێشین تا ڕێگە نەدەین یەک لایەنی تاک تەواوی دەستکەوتەکە ببات، بەڵکو لە ڕاستیدا گەورەتری بکەین و لەگەڵ هەموو لایەنێکدا هاوبەشی بکەین.

پرسی دواتر بریتییە لە ئاسایشی GCC، واتە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتانی بەشداربوو، ئاسایشی ناوچەکە و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەوەی کە GCC چۆن دەڕوانێتە خۆی لە بەشداریکردنە لە هەموو ئەمانەدا.

کاتێک دێتە سەر باسی ئاسایشیی ناوچەیی، ئێمە ئامادەیی خۆمان بۆ گرتنەبەری هەنگاوی مەبەستدار و داهێنەرانە لە ڕێگەی هاوبەشی ناوچەیی و بەرەو ئاشتییەکی بەردەوام ڕادەگەیەنین. وە لێرەدا ئێمە دوو ڕێککەوتنی گەورە و کۆمەڵێک چارەسەری ترمان بۆ ململانێی ناوچەیی پێشکەش کردووە.

یەکەمین ڕێککەوتنی گەورە بریتییە لە دەستپێشخەری ئاشتی عەرەبی بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی و ئاوێتەکردنی ئیسرائیل لەگەڵ ناوچەکەدا وەکو هاوبەشێک.

ڕێککەوتنی گەورەی دووەم داوا لە ئێران دەکات کە بەپێی بەڵێنەکانی بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بژیت و ڕێز لەو بنەمایانە بگرێت کە پێشتر ئاماژەم پێیاندا. ئەگەر ئێران ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوا GCC ئامادەیە هەنگاوی زیاتر بۆ ئاوێتەکردنی ئێران بنێت و هەماهەنگیی ئابووری، سیاسی و ستراتیژی بۆ ئەو وڵاتە پێشکەش بکات.

GCC پابەندە بە خۆشگوزەرانی هاوبەش، واتە ئێمە لەو باوەڕەداین دەتوانین لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی دراوسێکانماندا بەشداربین. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین پابەندبوونە بەو بنەما زەمینەسازیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

ئێمە بە هەمان شێوە پێمان وایە کە، لەگەڵ دراوسێکانمان، دەتوانین ئاڵنگارییەکانی ئەمڕۆ بگۆڕین بۆ دەرفەتی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی. گرنگ نییە ئاڵنگارییەکان چەندە گەورەن، ئاخۆ لە غەززە، لوبنان، سوریا، یەمەن یان سودان بێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی پابەندبوون بە ڕوانگەی GCC چارەسەر بکرێن. ✦

### هەوڵە هاوبەشەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC)

## لەپێناو بەهێزکردنی ئاسایشی ناوچەکە

1. بەردەوامییدان و بنیاتنان لەسەر هەوڵەکانی دەوڵەتانی GCC بۆ نێوەندگیریی جیاوازییەکان لە ڕێگەی دانوستان، دیپلۆماسی و گفتوگۆوە.
2. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ پێشکەشکردنی سەرکردایەتیی کاریگەر بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکە لە کاردانەوەی جەنگەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ناوچەییەکان، و پشتیوانیکردن لە هەوڵەکانی نێوەندگیریی وەک: داواکردنی جێبەجێکردنی بڕیارنامە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، پاراستنی سەروەری، یەکێتی و ئاسایشی دەوڵەتان لە ناوچەکەدا، وە بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی دەرەکی.
3. چالاککردنی دەستپێشخەریی ئاشتیی عەرەبی و پشتیوانیکردن لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانەی دۆزی فەلەستین.
4. پشتیوانیکردن لە هەوڵە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ پاراستنی ڕژێمی بڵاونەکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و دورخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ناوچەی کەنداویشەوە، لە چەکی کۆمەڵکوژ.
5. پشتیوانیکردنی مافی دەوڵەتان بۆ بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیانە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون بە ستانداردەکانی سەلامەتی ئەتۆمی.
6. پاراستنی ئاسایشی دەریایی و ڕێڕەوە ئاوییەکان، وە ڕێگریکردن لەو چالاکییانەی کە هەڕەشە لە ڕێڕەوی کەشتیوانی دەریایی، بازرگانی نێودەوڵەتی و دابینکاری وزە و بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی دەکەن. دەکرێت ئەمەش بە بەهێزکردنی توانای ناوخۆیی، قووڵکردنەوەی هاوبەشییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، وە پشتگیریکردنی میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ بەرزکردنەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییە هاوبەشەکان ڕوودبدات.
7. باشترکردنی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی بە هەموو شێواز و دەرکەوتنێکیانەوە، داواکردن لە لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی تر بۆ گرتنەبەری ڕێبازێکی هەمەلایەنە کە لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتنی هاوبەشی نێوان وڵاتاندا و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی تیرۆر و توندڕەوی، کە نابێت پەیوەست بێت بە هیچ باوەڕ، خەڵک و گروپێکی نەژادیی دیاریکراووە بنیات نرابێت.
8. کارکردن بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و پاڵپشتییە داراییەکانی، لە هەمان کاتدا چالاکانە بەشداریکردن لەگەڵ هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی تر بۆ بەرەوپێشبردنی چوارچێوە و کردارە یاساییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاڵپشتی دارایی و سپیکردنەوەی پارەی تیرۆریزم.
9. داواکردنی بە تاوانبار ناساندنی ئەو گروپانەی کە کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەبێ گوێدانە پەیوەندییە سیاسی یان تائیفییەکانیان، یاخود پەیوەندییان بە دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە، وە خۆیان لە پشتیوانیکردن، پاڵپشتیکردنی دارایی و چەکدارکردنی میلیشیا تیرۆریستییەکان و گروپە تائیفیەکان بەدوور بگرن.
10. بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.
11. بەرزکردنەوەی ئاستی هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، چارەسەرکردنی قەیرانە درێژخایەنەکان، بەهێزکردنی میکانیزمە یاساییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و دامەزراندنی سەکۆیەک بۆ دانوستانی ڕاستەوخۆ بۆ نزیککردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەو لایەنانەی لە ململانێدان.
12. دڵنیابوونەوە لە سەقامگیری بازاڕەکانی وزەی جیهانی بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران و بەکاربەران، ڕزگارکردنی جیهان لە زیانەکانی هەڵاوسانی بازاڕ و پچڕانی زنجیرەی دابینکاریی جیهانی.
13. چڕکردنی هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەر بۆ ئاڵنگارییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە ڕێگەی ڕێبازێکی ڕاستەقینە، بەرپرسیارانە و هاوسەنگ.
14. جێبەجێکردنی ڕێبازی سوڕیی ئابووریی کاربۆنی، کە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە و باشترکردنی بەکارهێنانی هایدرۆکاربۆنەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای پاکەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەردانی گازی ژەهراوی بەرز دەکاتەوە.
15. ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی داهاتوو بۆ ئاسایشی ئاو و خۆراک.

# پاراستنی
# ڕێڕەوە دەریاییەکان

## وڵاتان بۆ پاراستنی بازرگانیی جیهانی لە بەرامبەر ئاڵنگارییە ئاسایشییەکاندا بە یەکدەگرن


دەستەی یونیپاس

**ئەمریکا** و هاوپەیمان و هاوبەشەکانی دووپاتیان کردووەتەوە کە ڕێڕەوە ئاوییەکان بۆ کەشتیوانیی جیهانی زۆر گرنگن و پێویستە بە کراوەیی بمێننەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، فەرماندەیی هیندی هێمنی ئەمریکا (USINDOPACOM)، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM) و ئەوانی تر هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنی یەکخراوی هاوبەشی سەرجەم تەوەرەکان (CJADO) چڕ دەکەنەوە، کە برتییە لە دەستپێشخەرییەکی نێودەوڵەتیی پابەندبوو بە پاراستنی جووڵەی سەلامەتی کەشتی بارهەڵگر و کەشتییە سەربازییەکان لە ڕێگەی ئۆقیانوس و دەریا گرنگە ستراتیژییەکانەوە.

زیاتر لە 80%ـی ڕێژەی بەرهەکانی جیهان بە کەشتییەکان لە ڕێگەی هێڵەکانی دەریای هیندی و هێمن و خاڵەکانی پشکنین، لە زەریای هیندییەوە بۆ دەریای ژاپۆن و گەرووەکانی لوزۆن، مەلاکا، سەنگافورە و تایوان دەگوازرێنەوە. بە هەمان شێوە بڕێکی زۆر لە بار بە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو کەنداوی عەدەن، دەریای سوور، دەریای ناوەڕاست، گەرووی هورمز و باب ئەل مەندەب، لەگەڵ ئەو ڕێڕەوانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان جیا دەکرێنەوە وەکو ئاوەکانی قۆچی ئەفریقا و کەناڵی پەنەما، دەگوازرێتەوە.

هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی و سوپاکانی هاوپەیمانان و هاوبەشەکان مەشق و ڕۆتینی تێپەڕاندن بۆ دڵنیابوونەوە لە بەردەوامبوونی کرانەوەی ئەم هێڵانەی پەیوەندیی دەریایی ئەنجامدەدەن. ئەوان مانگی دەستکرد، هەستەوەرەکان، درۆنی بێ کارمەندی دەریایی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و تەکنەلۆژیای تر بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی بواری دەریایی بەکاردەهێنن، وە بۆ یارمەتیدانی ئاشکراکردنی خراپەکاری زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن.

فەریقی یەکەم مایکڵ کوڕیلا، فەرماندەی ئەوکاتەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM)، سەردانی کەشتیی فڕۆکەهەڵگری Harry S. Trumanـی ئەمریکیی کرد، کە وەکو بەشێک لە ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکان بۆ پاراستنی ڕێڕەوی ئاویی گرنگی ستراتیژی لە دەریای سووردا خزمەت دەکات.



کەشتی فڕۆکەهەڵگری Dwight D. Eisenhowerـی ئەمریکی و کەشتییە جەنگییەکانی تر لە گەرووی هورمزەوە دەڕۆنە ناو کەنداوی عەرەبی.

ئەفسەری پلە نزم ئاسێ دوو ڕوسکین ناڤاڵ/ هێزی دەریایی ئەمریکا

"گرووپی هێرشبەری کەشتیی فڕۆکە هەڵگری Harry S. Trumanـی ئەمریکی نموونەی هێز، دەرخستنی توانا و لێهاتوویی جەنگیی هێزی دەریایی ئەمریکایە. بوونی گرووپی هێرشبەری کەشتیی فڕۆکە هەڵگر لە ناوچەکەدا شانبەشانی هاوبەش و هاوپەیمانەکانمان، بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەریایی و ڕێگریکردن لە هەڕەشەکان لەسەر سەقامگیری ناوچەکە پابەندبوونمان بەهێزتر دەکات. من سەرسام بووم بەو کارە ناوازەیەی لەلایەن ئەو ژن و



کەشتی فڕۆکەهەڵگری Harry S. Trumanی هێزی دەریایی ئەمریکا لە مانگی کانوونی دووەمی 2024 بۆ پشتیوانیکردن لە ئاسایش و سەقامگیری دەریایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کەناڵی سوێسدا تێدەپەڕێت. هێزی دەریایی ئەمریکا

پیاوانەی کە خزمەت بە نەتەوە و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان دەکەن ئەنجام دەدرێن، لە هەمان کاتدا پشتیوانیی لە ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەکەن،" فەریق کوڕیلا ڕایگەیاند.

بەڵام هێشتا لایەنە خراپەکارەکان بەردەوامن لە هەڕەشەکردنە سەر ڕێڕەوە دەریاییە نەریتییەکان. بۆ نموونە لە مانگی حوزەیرانی 2024، هێرشبەرانی چین هێرشیان کردە سەر ئەو بەلەمانەی کە لە دورگەی تۆماس شۆڵی دووەم لە دەریای باشووری چین دابینکارییان بۆ بنکەیەکی سەربازی فلیپینیان دەکرد، بە چەقۆ ناوپۆشی بەلەمە پڕ لە هەواکراوەکانیان دڕاند، ئامێرەکانیان لەناوبرد، دەستیان بەسەر چەکدا گرت و ئەندامانی تیمی دابینکردنەوەکەیان بریندارکرد. دەریاوانێکی فلیپینی لەم شەڕەدا پەنجە گەورەی لەدەستدا. هێرشەکە سەرەڕای بڕیارێکی فەرمیی دادگای نێودەوڵەتی لە ساڵی 2016 لەوەی کە ناوچەکە لە ناوچەی ئابووری تایبەتی فلیپیندایە ئەنجامدرا. چین بڕیارەکە ڕەتدەکاتەوە و بەشێوەیەکی نادروست زۆربەی دەریای باشووری چین وەکو خاکی خۆی هێشتووەتەوە.

پشگوێخستنەکەی چین بۆ سەروەری یاسا لە کردارە شەڕانگێزەکانی یاخیبووانی حوسییەکان لە یەمەن دەردەکەوێت کە لە کەنداوی عەدەن هێرشیان کردووەتە سەر کەشتییەکان، لەنێویاندا نوقمکردنی کەشتییە بارهەڵگری گەورەی MV Rubymar و MV Tutor. هێرشەکانی حوسییەکان، کە بازرگانی جیهانی پچڕاندووە و لانیکەم چوار دەریاوانیان کوشتووە، دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی کردەوەی ئەو لایەنانە نیشان دەدەن کە یاسا نێودەوڵەتییە دەریاییەکان پشتگوێ دەخەن.

"ململانێکە ئانوساتی و حەتمی نییە،" فەریقی یەکەم جۆن ئاکویلینۆ، فەرماندەی ئەوکاتەی USINDOPACOM، لە مانگی ئایاری 2024 بە کۆنگرێسی ڕاگەیاند، "بەڵام نەیارە شاراوەکانی ئێمە تادێت زیاتر شەڕانگێز دەبن و هەوڵدەدەن ئیرادەی خۆیان بەسەر گەلانی هاوبیر بسەپێنن."

هەڵمەتی CJADO بەدواداچوون بۆ ئەم سیناریۆیانە دەکات و داوای بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگیی نێوان فەرماندەیی جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانیان دەکات بۆ پاراستنی ڕێڕەوی ئاویی گرنگی ستراتیژی. بۆ نموونە، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان و USINDOPACOM، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چالاکییە ئەگەرییانە کە مەبەست لێی پچڕانی بازرگانی دەریاییە ئۆپەراسیۆنی کرداریی ئەنجامداوە.

لەم دواییانەدا لە نمایشێکی ڕێگریکردنی یەکخراودا، زیاتر لە 13 کەشتی و فڕۆکە مەشقی هاوکاتی ئازادی جوڵەکردنیان بەدرێژایی نۆ هێڵی دەریایی گرنگ لە سەرانسەری جیهان ئەنجامدا. ✦

# عێراقییەکان
# باڵاترین تیرۆریستەکان دەستگیردەکەن



سەربازانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق دەزگای دژەتیرۆری عێراق




# ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بە سەرۆکایەتی **دەزگای دژەتیرۆری عێراق،** سەرکردایەتیی داعش لە عێراق لەناو دەبات

وەزیری بەرگریی عێراق

**سەرۆک وەزیرانی عێراق** محەمەد شیاع ئەلسودانی ڕایگەیاند کە داواکراوترین کەس لە عێراق لەلایەن یەکەیەکی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دەزگای دژەتیرۆری عێراقەوە کوژراوە.

ئەو تیرۆریستە، جاسم خەلەف داود ڕامید ئەلمەزروعی، لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی داعش بە "حاکم"ـی عێراق دادەنرا، لە کۆتایی ساڵی 2024ـدا لەگەڵ هەشت لە سەرکردەکانی ئەو گرووپە کە لە ئەشکەوتێکدا لە چیای حەمرین خۆیان حەشاردابوو، کوژرا.

بەهۆی سەختیی زەوییەکەی، ناوچەکە حەشارگەی سروشتی و شاراوەی باشی بۆ پاشماوەکانی گرووپە تیرۆریستییەکە و بە هەمان شێوە توانای هاتووچۆ و گەشتکردن بۆ ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکانی سەلاحەدین، دیالە و ڕۆژئاوای کەرکوک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی بە ئامانجگرتنی گوند و ناوچەکانی تەنیشت چیای حەمرین دابین کردووە.

ئەو گۆڕانکارییە تەکتیکییەی لەلایەن داعشەوە بۆ شاردنەوەی سەرکردایەتی گشتیی خۆی گیراوەتەبەر، بەردەستبوونی زانیارییەکانی بۆ جیهانی دەرەوە سنووردار کردووە. هەروەها ئۆپەراسیۆنە ئاسایشییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە ڕێگری لە ڕەوتی گەیشتنی زانیارییەکان کردووە بۆ ئاستی سەرکردایەتی ناوەڕاست و خوارەوەی ڕێکخراوەکە تا لەلایەن دەزگا عێراقی و نێودەوڵەتییە هەواڵگرییەکان نەدۆزرێتەوە و نەکرێنە ئامانج.

هاوکات، داعش بۆ شاردنەوەی ناسنامەی سەرکردە و ئەندامانی خۆی، بەرزترین ئاستی میدیا و نهێنی ئەلیکترۆنی جێبەجێ کردووە. ئەمەش وایکرد ئەرکی هێزە ئاسایشییەکانی عێراق بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و داڕشتنی نەخشەی چالاکییە هەواڵگرییەکانی بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق، لەنێویاندا دەزگای دژەتیرۆری عێراق سەختتر بکات.



**سەرۆک وەزیرانی عێراق محەمەد شیاع ئەلسودانی بەشداری کۆنفرانسی ئاسایشی میونشنی ساڵی 2024 دەکات.** ئەسۆشەیتد پرێس

ئۆپراسیۆنی دەستگیرکردنی بەنرخ وەکو گورزێکی کوشندە بۆ سەر ڕێکخستن و دەروونی ئەندامانی داعش کە شاردنەوەی ناسنامەی سەرکردە باڵاکەیان لە عێراق لە پێشینەی کارەکانیان دابوو، هاتە کایەوە. سەرەڕای ئەم هەوڵانە، لقی هەواڵگریی دەزگای دژە تیرۆر توانی لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، چاودێریکردن، بەدواداچوون و شیکردنەوەوە ئەلمەزروعی، شوێنی بنکەی فەرماندەییەکەی و شێوازی جووڵە و پەیوەندییەکانی دەستنیشان بکات. کەواتە ئەو پیاوەی پێی دەگوترا "دەستگیرکردنی بەنرخ" کێ بوو؟

# دەزگای دژەتیرۆری عێراق

ڕێکار و شێوازی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئامانجە تیرۆریستییەکان، ئەو تۆڕانەی کە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە پێکهێنراون، جۆری ئەو مەترسیانەی کە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دروستی دەکەن و ئاستی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامانجە دەستنیشانکراوەکان پەیڕەو دەکات.



سەربازانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق ئامێرەکان نمایش دەکەن. دەزگای دژەتیرۆری عێراق



ئۆپەراسیۆنی شەوانە یەکێکە لە شارەزاییەکانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق. دەزگای دژەتیرۆری عێراق

ئەو تیرۆریستە، ناسراو بە ئەبو عەبدولقادر، ئەبو عەبدولکەریم و ئەبو حودەیفە، لە ساڵی 1975 لە پارێزگای سەڵاحەدین لەدایک بووە. ناوبراو لە ساڵی 2004ـدا ئەندامی تاقمی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بووە و لە ساڵی 2014 بەیعەتی بە داعش دا. بەرلەوەی بەرپرسیارێتی پارێزگای بەناو باکووری بەغدا بگرێتە ئەستۆ، وەکو "ئەمیری کەرت" لە ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکەدا چالاک بووە. هەروەها لەچوارچێوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی چەتەکانی داعش لە عێراق، سەرپەرشتی بەناو پارێزگای فەللوجە و ئەمارەتی باشووری سەڵاحەدینی کردووە.

دەزگای هەواڵگریی عێراق سەبارەت بە لایەنە تیرۆریستی و توندڕەوەکان و ئەندامانی ئەو گروپانەی کە توندوتیژی بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاردەهێنن، خاوەنی بنکەزانیارییەکی بەرفراوانە. ئەلمەزروعی سەرەتای 2014 دەستگیرکرا و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، بەڵام دوای داگیرکردنی شاری تکریتی عێراق لەلایەن داعشەوە هەڵهات.

لقی هەواڵگریی دەزگای دژەتیرۆر، بە پشتیوانی و هەواڵگریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەدواداچوون بۆ جموجۆڵی "دەستگیرکردنە بەنرخ"ـەکە کرد. داعش نیازی وابوو لە عێراقەوە بیگوازێتەوە بۆ شاری ڕەققە لە سوریا و شارەکانی دیکەی ناوچەکە تا بتوانێت بۆ ماوەیەک لەوێ خۆی حەشاربدات بەر لە گەڕاندنەوەی عێراق.

دەزگای هەواڵگریی عێراق بە یارمەتی دەزگا ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی تر بەردەوامبوو لە بەدواداچوون و چاودێریکردنی جوڵەکانی ئامانجەکە. جوڵە و شوێنە ئەگەرییەکانی لە کۆتاییدا پوختکرانەوە و خرانە ژێر چاودێری مرۆیی و تەکنیکی، ئاسمانییەوە.

دەزگای دژەتیرۆری عێراق ڕێکار و شێوازی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئامانجە تیرۆریستییەکان، ئەو تۆڕانەی کە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە پێکهێنراون، جۆری ئەو مەترسیانەی کە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دروستی دەکەن و ئاستی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامانجە دەستنیشانکراوەکان پەیڕەو دەکات.

دوای دەستنیشانکردنی ئامانجەکە، فەرماندەیی دەزگاکە هەنگاوە هەماهەنگەکان پەیڕەو دەکات و بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک بۆ دەستگیرکردن یان لەناوبردنی ئامانجەکە پێداویستییە ئۆپەراسیۆنییەکان مسۆگەر دەکات.

فەریق کەریم ئەلتەمیمی، سەرۆکی دەزگای دژەتیرۆری عێراق سەرکردایەتی قۆناغی جێبەجێکردنی ئامانجەکەی کرد. بە هەمان شێوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرزترین پلەی ئاسایشی ئۆپەراسیۆن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی بەنرخ و لەناوبردنی فەرماندە تیرۆریستەکان و شانەی سەرکردایەتییەکەی، سەرپەرشتی هەماهەنگیی نێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و یەکەکانی پشتیوانی ئاسمانیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد. شوێنەکەیان بە بەکارهێنانی زانیاریی ورد کە لەلایەن لقی هەواڵگریی دەزگای دژەتیرۆر و دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراقەوە دابینکرابوو، دەستنیشان کرا. پاشان زانیارییەکان بە سیخوڕیکردن و چاودێری ئاسمانی لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە پشتڕاستکرانەوە.

ئۆپراسیۆنی دەستگیرکردنی بەنرخ سەلماندی کە دەزگاکانی ئاسایشی عێراق بە سەرۆکایەتیی دەزگای دژەتیرۆر، خاوەن توانای هەواڵگری و ڕێکخراوەیین بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەخت لە ناوچە جوگرافییە ئاڵۆزەکاندا کە چەتەکانی داعش هەوڵدەدەن وەکو حەشارگە بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە نەگیرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێداگری و ئیرادەی پیاوانی دڵسۆز بۆ عێراق و گەلەکەی، ئەرکەکە بە ئەنجام گەیەنرا. ✦



# قەیرانی یەمەن
# پرسێکی جیهانییە

هەتا توندوتیژی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ نەکرێت
ئەوا هەڕەشەکان بۆ سەرکەشتیوانیی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبن

**گرووپی** تیرۆریستیی حوسییەکان لە ڕێگەی هەڵمەتی توندوتیژی و تۆقاندنی پشتیوانیکراو لەلایەن ئێرانەوە بەردەوامن لە پەرەپێدانی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری لە یەمەن.

سەرەکیترین بێزارکردنی ناوچەکە بریتین لە هێرشە درۆنی و مووشەکییەکان بۆ سەر کەشتییە نێودەوڵەتییەکان لە دەریای سوور.

"حوسییەکان دەیانەوێت لە دەریای سووردا جیهان ناچاربکەن و کردەوە تێکدەرەکانیان لە ژێر پاساوی سیاسیی چەواشەکارانەدا پەردەپۆش بکەن،" دکتۆر ڕەشاد محەمەد ئەلعەلیمی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سەرۆکایەتی یەمەن، لە بەهاری 2025 ڕایگەیاند.

سنووردارکردنی حوسییەکان لە هەڕەشەکردن لە یاسا و ڕێسای ناوچەیی و نێودەوڵەتی پێویستی بە هەوڵێکی یەکەوەیی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانە، سەرۆکی یەمەن ڕایگەیاند، بەڵام ئاماژەی بە دوایین نیشانەکانی "هاوئاهەنگیی نەتەوەیی فراوان"ـی پێکهاتە سەربازییەکان و یەکەکانی ئاسایشی یەمەن کرد بۆ ئەنجامدانی "جەنگێک بۆ ڕزگاربوون" لەپێناو بەدەرنانی تیرۆریستانی حوسییەکان.

سەرۆک دووپاتی کردەوە کە بەردەوامبوونی حوسییەکان لە هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر کەشتییە جیهانییەکان لە دەریای سوور و ڕێڕەوە ئاوییە نزیکەکان بریتیە لە سووکایەتیکردن بە جیهان. ئەوەی ڕۆژگارێک بە تەنها بۆ سەر ناوخۆی یەمەن مەترسی بوو، ئێستا فراوانتر بووە و بە بەهای سەدان ملیار دۆلار مەترسی لەسەر ڕەوتی بازرگانیی نێودەوڵەتی دروست کردووە. ناوبراو حوسییەکانی بە یەکەم گرووپی یاخیبوو لە مێژوودا ناوزەدکرد، کە مووشەکی بالیستی و درۆن لە دژی کەشتییە بازرگانییە مەدەنییەکان بەکاربهێنن.

ئەم شێوازە لە پەرەسەندنی بێباکانە لە وەڵامی داخوازی بۆ ئاشتی، پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سیاسەتی توند بۆ ڕێگریکردن لە میلیشیاکان لە زیانگەیاندنی زیاتر بگرێتەبەر. ئەم هەوڵانە بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی حوسییەکان لە دوای پەسەندکردنی بڕیارنامەی 2216ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 2015، بەردەوامن. دکتۆر ئەلعەلیمی ڕایگەیاند حوسییەکان پێشێلکارییەکی گەورەی مافەکانی مرۆڤیان ئەنجامداوە، لەنێویاندا دەستگیرکردنی دەیان کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم دواییانە، لەگەڵ هەزاران ژن، منداڵ و گەنج و بەساڵاچووی بێتاوان کە ساڵانێکە لە زیندانەکاندا دیارنەماون.

گێڕانەوەی سەقامگیری سیاسی و ئابووری بۆ یەمەن بە تەنها پرسێکی نیشتمانی نییە بەڵکو ناوچەیی و جیهانیشە. سەقامگیرییەکەی بۆ پاراستنی ئاشتی، ئاسایشی ناوچەکە و مافی گەشتکردن لە دەریای سوور و عەرەبی و ڕێڕەوی ئاوی دەوروبەریدا، لەوانەش کەناڵی سوێس، زۆر گرنگە.

سەقامگیری یەمەن پەیوەستە بە قەدەغەکردنی ڕۆیشتنی چەکی ئێران و بنبڕکردنی ئەو سەرچاوە داراییانەی کە ململانێکانی درێژکردووەتەوە. هەتا ئەو کارە ئەنجام نەدرێت، حوسییەکان خواستی زۆر کەمیان دەبێت بۆ وازهێنان لە ناچارکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەستکردن بە دانوستان لەپێناو ئاشتییەکی هەمەلایەنە و دادپەروەرانە، سەرۆک کۆماری یەمەن ڕایگەیاند.

> **"حوسییەکان دەیانەوێت لە دەریای سووردا جیهان ناچاربکەن و کردەوە تێکدەرەکانیان لە ژێر پاساوی سیاسیی چەواشەکارانەدا پەردەپۆش بکەن."**
>
> ~ **د. ڕەشاد محەمەد ئەلعەلیمی**، سەرۆکی یەمەن

حکومەتی دەستووری بە پاڵپشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندکردنی خۆی بۆ هاندانی حوسییەکان بۆ بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ئاشتی پێشکەش کرد. هەوڵەکان ڕەتکرانەوە.

"میلیشیاکان بە ڕفاندنی سێ فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی یەمەن، هێرشکردنە سەر دامەزراوەی نەوتیی سەفەر لە پارێزگای مەریب و دەرکردنی یاسا و ڕێسای ڕەگەزپەرستانەیان بۆ ئەوەی فەرمانگەی گشتی گرنگی بر پۆلێکی تایبەتی چەکدارە دڵسۆزەکانی بدات، دیارترینیان دەسەڵاتی دادوەرییە، کە ئاماژەیە بۆ ڕێوشوێنی سەرکوتکەرتر، وەڵامیان داوەتەوە،" د. ئەلعەلیمی ڕایگەیاند.

پرۆسەی ئاشتی بریتییە لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی هێزە میانڕەوەکان لە ناوچەکە بە سەرۆکایەتی شانشینی سعودیە کە لەگەڵ هاوبەشەکان لە هاوپەیمانانێدا بۆ پشتیوانیکردن لە دەستوور لە یەمەن بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لە بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان، درێژکردنی دەستی هاوکاری و کردنەوەی دەرگاکانیان بە ڕووی قوربانیانی ململانێکان لە ئەستۆ گرتووە.

"بەبێ هاوپەیمانێتییەکە بە سەرۆکایەتی سعودیە، حوسییەکان و ئێران دەستیان بەسەر هەموو یەمەندا دەگرت، هەتا سنوورەکانیش لەگەڵ عومان." سەرۆکی یەمەن ڕایگەیاند. "بە هاوکاری هاوپەیمانێتی توانیمان 70 لە سەدی خاکەکە ئازاد بکەین." ✦ سەرچاوەکان: دێر شپیگل و ئەلشەرق ئەلئەوسەت

**دکتۆر ڕەشاد محەمەد ئەلعەلیمی سەرۆک کۆماری یەمەن لە میانی 79هەمین کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان قسە دەکات.** AFP/گێتی ئیمەیجس




# ڕووبەڕووبوونەوەی
# تیرۆری بایۆلۆژی

**ئەگەری بەکارهێنانی نەخۆشییەکان بۆ ناسەقامگیرکردنی کۆمەڵگاکان پێویستی بە وریایی، وەبەرهێنان و هەماهەنگیی زیاتری وڵاتان هەیە**

**عەلی عاتف حەسەن حەسەن**
ناوەندی میسڕ بۆ توێژینەوەی ستراتیژی

شێوەسازیی یونیپاس



سەربازانی میسر لە بنکەی سەربازیی محەممەد نەگویب کەرەستەی بەکارهێنراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە کیمیایی، بایۆلۆژی و تیشکییەکان نمایش دەکەن.

عەریف. دەیڤد کامپۆس کۆنترێراس/سوپای ئەمریکا

# تیرۆری

بایۆلۆژی ئاماژەیە بە بەکارهێنانی وردە زیندەوەران یان بەرهەمە بایۆلۆژییەکان وەکو ئامرازێک بۆ تیرۆرکردن و زیانگەیاندن. ئەم جۆرە لە تیرۆریزم بە تواناکەی لە دروستکردنی ترس و وێرانکارییەکی بەربڵاو دەناسرێتەوە کە هاوکات شوێنپێهەڵگرتنی سەرچاوەی هێرشەکە و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی بەرپرسیارن سەخت دەکات. تیرۆری بایۆلۆژی لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری تیرۆر:

- **سروشتی ماددەکە:** وردە زیندەوەرەکان یان ژەهرەکانیان بەکاردەهێنرێن، لەکاتێکدا تیرۆری ئاسایی پشت بە چەکی ئاسایی وەکو بۆمب و تفەنگ دەبەستێت.
- **شێوازی بڵاوبوونەوە:** دەتوانرێت ماددە بایۆلۆژییەکان بە شێوازی جیاواز بڵاوبکرێنەوە، وەکو هەوا، ئاو یاخود خۆراک، وە نیشانەکانی هەوکردن لەوانەیە کاتێکی زۆری پێبچێت تا دەربکەون.
- **کاریگەرییە درێژخایەنەکان:** ڕەنگە چەکی بایۆلۆژی زیان بە تەندروستی مرۆڤ و ژینگە بگەیەنێت.
- **سەختی لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردن:** ڕەنگە لە سەرەتادا ناسینەوە و دەستنیشانکردنی خێرای هێرشێکی بایۆلۆژی سەخت بێت، ئەمەش وەڵامدانەوەی هێرشەکە ئاڵۆزتر دەکات.
- **ترس و تۆقین:** هێرشە بایۆلۆژییەکان، بە دروستکردنی نادڵنیایی، توانای بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیان ئاستی بەرزیان هەیە لەنێو خەڵکدا.

وڵاتان بە ڕادەیەکی زیاتر ئاشنای ئەو مەترسییانەن کە چەکی بایۆلۆژی دروستی دەکات، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی. لە ماوەی ساڵانی 1990ـدا، ڕووداوگەلێکی نەخوازراو ڕوویاندا، لەوانە هێرشەکانی مەزهەبی ئاوم شینریکیۆ لە ژاپۆن، کە گازی ژەهراوییان بەکارهێنا و هەوڵیاندا میکرۆبی دوومەڵ وەکو چەکێک بەکاربهێنن.

هێرشەکانی 11ـی ئەیلوولی 2001، بە بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆژی، تۆقینەری تارمایی تیرۆریستانی بەرزکردەوە. دەستبەجێ دوا بە دوای ئەوە، ئەمریکا تووشی هێرشی نەخۆشییە دوومەڵییە نێردراوەکان بووەوە، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ بڵاوکردەوە و ڕێوشوێنی ئاسایشی بایۆلۆژی بەرزکردەوە. لەم دواییانەدا، نیگەرانییەکان لەسەر پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی پەرەی سەندووە کە دەکرێت بۆ پەرەپێدانی چەکی بایۆلۆژی کوشندەتر و کاراتر، ئاسانکاری بۆ تیرۆریستان بکات لەگەڵ پێشکەوتنی بوارەکانی وەکو ئەندازیاری بۆماوەیی و بایۆلۆژی دەستکرد، ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی بایۆلۆژی قورستر دەبێت.

بڵاوبوونەوەی خێرای تەکنەلۆژیا شانبەشانی بەرزبوونەوەی هۆشیاری و ئامادەکاری لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، لەگەڵ توندکردنەوەی ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی ماددە بایۆلۆژییەکان و پەرەپێدانی ستراتیژییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشە بایۆلۆژییەکان هەنگاو دەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تیرۆری بایۆلۆژی وەکو هەڕەشەیەکی شاراوە دەمێنێتەوە کە پێویستی بە وریایی بەردەوام و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی هەیە.

ئەو ماددە بایۆلۆژییانەی کە تیرۆریستان دەتوانن بەکاری بهێنن بریتین لە بەکتریا، ڤایرۆس و ژەهرەکان کە هەریەکەیان دەتوانن ببنە هۆی نەخۆشیی جیاواز. ئەمانە چەند نموونەیەکی سەرەکیین:

1. **میکرۆبی دوومەڵ (ئەنسراکس):** بەهۆی بەکتریاکانی باسیلۆس ئەنتراسیەوە دروست دەبێت، دەکرێت لە ڕێگەی هەڵمژین، بەرکەوتنی پێست یاخود خواردنەوە بگوازرێتەوە: هەڵمژینی هەرە مەترسیدارترینە، چونکە بەبێ بوونی هیچ ئەگەرێکی چارەسەری پێشوەختە دەکرێت بەخێرایی ببێتە هۆی مردن.
2. **تاعوون:** بەهۆی بەکتریای یێرسینیا پێستیسەوە دروست دەبێت، دەکرێت لە ڕێگەی ئاژەڵ یاخود شێداریی هەواوە بگوازرێتەوە و سێ جۆری هەیە: تاعونی دۆمەڵی (کوشندەترین)، تاعونی سییەکان و تاعونی پێست.

**مەترسییەکانی تیرۆری بایۆلۆژی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە زانیاری کە دەرفەتی کوشندەتر بۆ تیرۆریستان دەهێنێتە ئاراوە، گەشە دەکات. دەکرێت ژینگەیەکی لاوازی ئاسایش ببێتە هۆی بەڕێوەبردنێکی نەشیاو بەسەر ماددە بایۆلۆژییەکان و دەکرێت دەستکەوتنی ئەو جۆرە ماددانە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان ئاسانتر بکات.**

3. **ڤایرۆسی تای خوێنبەربوون (وەکو ئیبۆلا):** ئەمانە دەبنە هۆی خوێنبەربوونی توند و ڕێژەی مردن بەهۆیانەوە بەرزە. ئەوان لە ڕێگەی بەرکەوتن لەگەڵ شلەکانی جەستە بڵاودەبنەوە و بەهۆی گواستنەوەی خێرایانەوە ئاڵنگارییەکی گەورە لە هەوڵدان بۆ جڵەوکردنیان دروستدەکەن.
4. **ژەهری بایۆلۆژی (وەکو بۆتولینۆم):** ژەهری بۆتولینیۆم بە یەکێک لە بەهێزترین ژەهرە سروشتیەکان کە تا ئێستا ناسرابن دادەنرێت، تەنانەت بڕێکی کەمیش دەتوانێت ببێتە هۆی کوشتن. کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار دەبێت و دەکرێت ببێتە هۆی ئیفلیجبوون.
5. **ئاوڵە:** ئەم ڤایرۆسە زۆر درمییە خەریکە بە تەواوی بنبڕبکرێت بەڵام بەهۆی ڕێژەی بەرزی مردن و بڵاوبوونەوە خێراکەی وەکو چەکێکی بایۆلۆژیی نیگەرانکەر دەمێنێتەوە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان

مەترسییەکانی تیرۆری بایۆلۆژی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە زانیاری کە دەرفەتی کوشندەتر بۆ تیرۆریستان دەهێنێتە ئاراوە، گەشە دەکات. دەکرێت ژینگەیەکی لاوازی ئاسایش ببێتە هۆی بەرێوەبردنێکی نەشیاو بەسەر ماددە بایۆلۆژییەکان و دەکرێت دەستکەوتنی ئەو جۆرە ماددانە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان ئاسانتر بکات.

ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی نائارامی سیاسی یان ململانێ دەبنەوە، زیاتر لەبەردەم ئەو مەترسیانەدان کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆژییەوە سەرهەڵدەدەن، لەکاتێکدا ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستییان لاوازە مامەڵەکردنی کاریگەرانە لەگەڵ هێرشە بایۆلۆژییەکان سەخت دەبێت بۆیان. بە هەمان شێوە جیهانگیری و جووڵەی نێودەوڵەتی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ماددە بایۆلۆژییەکانی لە سەرانسەری سنوورە نیشتمانییەکاندا زیاد کردووە. ڕەنگە گرژییەکانی نێوان دەوڵەتان یان گروپە نادەوڵەتییەکان ببێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان پەنا بۆ چەکی بایۆلۆژی ببەن.

ستراتیژ بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هێرشە بایۆلۆژییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان بوونی هەیە. یەکەم: پێویستە دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزایی و پەرەپێدانی سیاسەتی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژی هەماهەنگی بکەن.

پێویستە هەوڵەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری بۆ دۆزینەوەی ئەگەرەکانی چالاکییەکانی پەیوەست بە چەکی بایۆلۆژی گروپە تیرۆریستییەکان بەهێزتر بکرێت.

هەروەها پێویستە توانا تەکنەلۆژی و زانستییەکانی پەیوەست بە دۆزینەوە و بەرەنگاربوونەوەی هێرشە بایۆلۆژییەکان پەرەپێبدرێت، وەکو گەشەپێدانی تەکنیکەکانی دۆزینەوە و شیکردنەوەی خێرای نمونە بایۆلۆژییەکان.


پێویستە کارمەندانی پزیشکی و ئاسایش، وە خەڵک بە گشتی، لە مەترسییەکانی تیرۆری بایۆلۆژی ئاگادار بکرێنەوە. پێویستە بۆ ناسینەوەی نیشانە سەرەتاییەکانی نەخۆشییە درمییەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی شیاو لە حاڵەتی نائاساییدا ڕابهێنرێن. هەروەها ئەوەش مانای بەهێزکردنی ژێرخانی تەندروستی و تاقیگە پزیشکییەکان دێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندییان بە هێرشی بایۆلۆژییەوە هەیە.

پێویستە حکومەتەکان لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، وەکو کۆمپانیاکانی دەرمان و تاقیگە پزیشکییەکان، بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و گەشەپێدانی ئەو تەکنەلۆژیا و توانایانەی کە پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژی هاوبەشی دروستبکەن.

حکومەتەکان بە هەمان شێوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژی و بە تاوانکردنی چالاکییە پەیوەندیدارەکان پێویستیان بە گەشەپێدانی سیاسەت

## ماددەی بایۆلۆژی

1. بەکتریای دوومەڵ
2. بەکتریا یێرسینیا پێستیس (تاعون)
3. ڤایرۆسی ئیبۆلا (ڤایرۆسی تای خوێنبەربوون)
4. بەکتریای بۆتولینۆم (ژەهری بایۆلۆژی)
5. ڤایرۆسی ئاوڵە (جۆری ئاوڵەی مەیمون (مۆنکیپۆکس) نیشاندراوە)





سەربازانی ئەمریکیی جێگیرکراو لە کوێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده کیمیایی و بایۆلۆژی و تیشکییەکان، چالاکی کرداریی پاقژکردنەوە ئەنجام دەدەن.
عەریف جۆسێپ بڵاک/سوپای ئەمریکا

و یاسای توند هەیە. ئەمە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا نێودەوڵەتییەکانی وەکو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونەکان و گەشەپیدانی ستراتیژی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژی لەخۆدەگرێت.

پێویستە دەوڵەتان ڕێکاری توند بۆ چاودێریکردنی جوڵەی مادده کیمیایی و بایۆلۆژییەکان، پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی بەکارهێنانی ڕەوایان جێبەجێ بکەن.

ئەگەر وا دەرکەوت کە هێرشێک لە ئارادایە، ئەوا پێویستە دەوڵەتەکان بۆ دەستوەردانی خێرا ئامادەبن. پێویستە بەرلەوەی خراپترین شت ڕووبدات، گرنگی بدەن بە ئامێر و ڕاهێنان و سیستەمێکی پەیوەندی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بۆ خەڵک و دامەزراوەکان دابین بکەن. بە هەمان شێوە خۆپاراستنیش گرنگە.

ئەمانە هەندێک ستراتیژی گشتین کە دەتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی مەترسییەکانی تیرۆری بایۆلۆژی بگیرێنەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە گرنگی بە جێبەجێکردنی ستراتیژی تایبەت بدرێت کە لەگەڵ هەر هەرێمێک یان وڵاتێکدا بگونجێت.

## دەرەنجام

ئاشکرایە کە تیرۆری بایۆلۆژی هەڕەشەیەکی توندە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی بە گشتی، لەگەڵ توانا بەرفراوانەکەی بۆ زیانگەیاندنی زۆر بە مرۆڤ و ژینگە بەشێوەیەکی هاوتا.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە تیشک دەخەنە سەر پێویستیی بەپەلە بۆ بەهێزکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان، گەشەپێدانی سیستەمی ئاسایش و تەندروستی، و باشترکردنی میکانیزمەکان بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەختە و وەڵامدانەوەی دەستبەجێ بۆ هەر هەڕەشەیەک کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی مادده بایۆلۆژیەکانەوە سەرهەڵدەدات.

بە هەمان شێوە پێویستە یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان کە لەم چوارچێوەیەدا پەسەند دەکرێن ڕەنگدانەوەی خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بن بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و ئاکاری کە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆژی سنووردار بکات و بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەیان بەڕێوەبردنی توند بچەسپێنێت.

ئاڵنگارییەکان لە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئازادیی زانستی و توێژینەوەکان و پێویستی ئاسایش و خۆپاراستن لە مەترسیدا دەمێننەوە. وەڵامدانەوەی کاریگەر بۆ تیرۆری بایۆلۆژی پێویستی بە هەماهەنگیی بەرفراوانی نێوان کەرتە جیاوازەکان هەیە، لەوانە تەندروستیی گشتی، دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی، توێژینەوەی زانستی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی. پێویستە وڵاتان ستراتیژی گشتگیر کە ڕێگریکردن، دەستنیشانکردن، وەڵامدانەوەی خێرا و چاکبوونەوە لە هێرشە بایۆلۆژییەکان بگرێتەوە، گەشەپێبدەن و جێبەجێی بکەن.

هەروەها پەروەردە و هۆشیاری لە بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ لە دژی تیرۆری بایۆلۆژی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. پەروەردەکردنی خەڵک لە مەترسییەکانی چەکی بایۆلۆژی و چۆنیەتی وەڵامدانەوە لە دۆخە فریاگوزاریەکاندا دەتوانێت جیاوازیەکی گەورە لە کەمکردنەوەی زیانەکان و ڕزگارکردنی ژیاندا دروست بکات.

جگە لەوەش، پێویستە وڵاتان بۆ دۆزینەوەی پێکوتە (ڤاکسین) و چارەسەری کاریگەر دژی نەخۆشییە بایۆلۆژییەکان وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش کاریگەرییە وێرانکەرەکانی هەر هێرشێکی ئەگەری کەم دەکاتەوە. هەروەها پێویستە سیستەمی چاودێری و سیخوڕی بەهێز بۆ دەستنیشانکردن و بەدواداچوونی نەخۆشییە درمییەکان دابنرێت، ئەمەش بریتییە لە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەختە و خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان، ئەگەر وەکو چەک بەکاربهێنرێن.

لە کۆتاییدا، هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بەردی بناغەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بایۆلۆژییە. پێویستە وڵاتان بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاری و بەهێزکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە بڵاوبوونەوەی چەکی بایۆلۆژی دەکەنە ئامانج پێکەوە کاربکەن. دیپلۆماسی کاریگەر و پابەندبوونی درێژخایەنی هەموو لایەنەکان بۆ مسۆگەرکردنی جیهانێکی سەلامەتتر پێویستە. ✦

وەشانێکی ئەم بابەتە لە لایەن هاوپەیمانیی سەربازیی دژەتیرۆری ئیسلامی لە سعودیە بڵاوکراوەتەوە.



# گۆڕانکاریی ئاشتییانە
# لەڕێگەی سەرکرایەتیی سیاسی

**سامح شوکری**، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، میسر

لە ماوەی حەوت بۆ هەشت دەیەی ڕابردوودا، ئەم ناوچەیە نووقم بووە لە ئاڵنگاری و ململانێ. هەمووومان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی دیپلۆماسیەوە، لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانەوە کە ئامانجیان یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانە، هەوڵمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر داوە.

ئەوەی لەم دەستپێشخەرییانەدا کورتی هێناوە بیرتییە لە ئیرادەی سیاسی بۆ چەسپاندنیان، تا هەنگاوی ڕاستەقینە بنێن بۆ خستە جووڵە و بەدەستخستنی پلەی پێویستی نەرمی نواندن و کۆدەنگیی لایەنەکانی دانوستانکار کە ببێتەهۆی چەسپاندنیان.

پێویست دەکات ئەوە بڵێم کە ئەمە لە زۆر بۆنەدا تا ڕادەیەک بێهیواکەرە، هەندێک لەم دەستپێشخەرییانە لە مێژەوە هەن، بەجۆرێک لە جۆرەکان، چارەسەرێکی ئەگەریی تراویلکەییان پێکەشکردووە. ئەوان دەرفەتیان بۆ چەقبەستوویی و پاراستنی دۆخی ئێستا ڕەخساندووە وەک لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییانە.

ئەم دەستپێشخەرییانە لەسەر ئاستی نیشتمانی لە لایەن دەوڵەتە کاریگەرەکانەوە یاخود لەسەر ئاستی دامەزراوەیی لە لایەن ڕێکخراوەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمکاری عەرەبی یان یەکێتی ئەوروپاوە سەرچاوەیان گرتووە. لە زۆر بۆنەدا، ئەم دەستپێشخەرییانە سەرلێشێوێنەر و ناکاریگەر بوون.

پێموایە پرسەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایا ئیرادەی سیاسی بۆ دەستکردن بە چەسپاندن یان جێبەجێکردن هەیە. لایەنی نێودەوڵەتی هەن کە خاوەن توانا، ئامراز و سەرچاوەی تەواو بۆ کارکردنە سەر دۆخەکە و بەدەستهێانی نەرمی نواندن و کۆدەنگی پێویست هەیە.

بەڵام هەموو ئەمە بۆ ئیرادەی سیاسی و توانای ئەوانە دەگەڕێتەو کە برەو بەو دەستپێشخەرییانە دەدەن بۆ جێبەجێکردنیان. ئەمە لە ململانێی غەززەدا ڕاستە، کە چارەسەری سیاسیی بۆی شتێکی زەحمەتە.

پێموایە هەمان شت لە ململانێکانی تردا بوونی هەیە، وەک لە لیبیا، کە دەستپێشخەرییە پشتیوانییکراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری سکرتێری گشتی نەیانتوانیوە کۆدەنگی بۆ دابینکردنی گفتوگۆیی نێوان لایەنە ناوخۆییەکانی لیبیا بەدەستبهێنن.



چارەسەری ناکۆکیی سیاسی لە نێوان بەشداربووانی جۆراوجۆری ململانێی لیبیا، بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لە بەرژەوەندی گەلی لیبیا، بەردەوامە لە دورخستنەوەی هەوڵەکانی دانوستانکارانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

هەر لەبەر سروشت و چەقبەستوویی ململانێکانی ناوچەکەیە کە دەستپێشخەری جۆراوجۆر، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یان ناوچەیی بن، لەلایەن دەستپێشخەرەکان یان لایەنەکانی ململانێکانەوە تووشی نەبوونی ئیرادەی سیاسی بوون.

ئێمەی پسپۆڕانی ئاسایش، کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکەین، تەنیا دەتوانین لە داکۆکیکردن لە بنەمای چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان بەردەوام بین و بەدوای دەستپێشخەرییەکدا بگەڕێین کە نەک تەنها پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕاستیدا بتوانرێت بچەسپێنرێن.

چەسپاندن لە ڕێگەی کاریگەری ئەو کەسانەوە دەبێت کە پشتیوانیی دەستپێشخەری ئاشتیی دەکەن یاخود ڕەزامەندی بەشداربووانی ململانێیەکیان بەدەستهێناوە. ✦

**ئێمەی پسپۆڕانی ئاسایش، کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکەین، تەنیا دەتوانین لە داکۆکیکردن لە بنەمای چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان بەردەوام بین و بەدوای دەستپێشخەرییەکدا بگەڕێین کە نەک تەنها پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕاستیدا بتوانرێت بچەسپێنرێن.**

~ سامح شوکری، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، میسر



فەرماندەیەکی میسری، ڕاست، لە مانگی نیسانی 2025 فەرماندەیی هێزی ئەرکی یەکخراوی 153 دەگرێتە ئەستۆ. میسر بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە، پشتیوانی لە ڕێکخستنە ئاسایشییە هاوبەشەکان. ئەفسەری پلە نزم ئاسقی 2 نایۆمی جۆهانسۆن/هێزی دەریایی ئەمریکا

# هەماهەنگیی مەزنتر
# واتە
# ئاسایشی بەهێزتر




**دکتۆر ئەنوەر قەرقاش**
ڕاوێژکاری دیپلۆماسیی سەرۆک، ئیمارات

وێنەی IISS

**هێشتا** ناوچەکە و جیهان لە کاتێکی سەخت و گرژدان. ئێمە لە دەوروبەرمان قەیران دەبینین، لە غەززە، لە لوبنان، لە سودان، ئۆکرانیا و پێشهاتە بەرچاوەکان لە سوریا. هەموو ئەمانە کاریگەری تووندیان لەسەر گەلانی ناوچەکە، لەسەر ئابوورییەکان، لەسەر سەقامگیری دەوڵەتەکان و ئاسۆکان بۆ داهاتوو هەیە.

ساڵێک ئێمەی بە کوێ گەیاند؟ هەروەک لە ناونیشانی دانیشتنەکەماندا دەردەکەوێت، ئاسایشی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتدا بەیەکەوە گرێدراون، بۆیە دەبێت دان بە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەدا بنێم. زۆر شت لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕان، بەڵام سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر هەمان ئەو ڕێڕەوە بەردەوامە کە ساڵێک لەمەوبەر لە مەنامە باسمان لێوە کرد.

بەهۆی گەشەسەندنی فرە جەمسەری و هەڕەشەکردن بۆ سەر پێوەندە نێودەوڵەتییەکان، کەوتووەتە ژێر کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکەوە، جا ئاخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەی زەریای هیندی و زەریای هێمن یاخود شوێنەکانی تر. ئەمڕۆ ژینگەی ئاسایشیی جیهانی تا دێت ئاڵۆزتر و نادیارتر دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ڕێڕەوی ئێستای نەزمی جیهانی، خواستێکی ڕەوایە کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵی پاراستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی سەربەخۆیی ستراتیژی بدەن.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەیرانە کەڵەکەبووەکاندا نوقم بووە، کە بۆ دروستکردنی ئازارێکی بێئەندازەی مرۆڤ یەکدەگرن. هێشتا نادڵنیایی سەبارەت بە شێوازی چارەسەری ئەم قەیرانانە بوونی هەیە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە دەبێت ئێمە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەکی چڕەوە هەوڵی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بدەین و ڕێگربین لەوەی ببن بە جەنگی بێکۆتا.

پێویستە ئێمە بۆ تێکشکانی سووڕی پشێوی و توندوتیژی لە ناوچەکەدا بە سەختی کاربکەین. بە هەمان شێوە پێویستە بنیاتنەرانە بڕوانینە ئەوەی کە دەتوانین بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی سووڕی توندوتیژی چی بکەین. زۆر پێویستە ئێمە بەپەلە کار بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانە بکەین کە لە بارودۆخی نائومێدیدا دەژین، ئەوانەی کە ئازار دەچێژن و پێویستییەکی زۆریان بە هاوکاری پزیشکی، خۆراک و شوێنی نیشتەجێبوون هەیە. ململانێ لە ناوچەکەدا ژیانی هاوڵاتییانی وێرانکردووە.

هەروەها ڕووداوە پەرەسەندووەکانی سوریا ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شکستی سیاسی و سروشتی تێکدەرانەی ململانێ و پشێوی.

ئەمریکا لە مێژوودا ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گێڕاوە و ئەو ڕۆڵەش وەکو جاران بە گرنگی دەمێنێتەوە. پێویستە ئێمە چاوەڕێ بکەین و بزانین ڕۆڵی ئەمریکا چۆن پەرەدەستێنێت و ئەمە بۆ پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان چی دەگەیەنێت. وەکو هاوبەش و هاوپەیمانی نزیک، ئیمارات (UAE) لەگەڵ ئەمریکا لەسەر گرنگترین ئەو پرسانەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکەمان و جیهان دەبنەوە کاردەکات.

من دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر کۆمەڵێک پرس کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بووەتەوە و بڕوانینە ئەو شتانەی کە توانای ئێمە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پێکەوەیی بۆ کێشە سەختەکان باشتر دەکات.

دەستەی یەکەمی بابەتەکان پەیوەندیدارە بەو وانەگرنگەوە کە لە ململانێکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فێربووین، ئەویش ئەوەیە کە کاتێک کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی جێهێڵران، ئەوا خراپتر دەبن. وە ئەو لایەنانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کار دەکەن هەوڵی قۆستنەوەی دۆخەکە دەدەن.

گرنگە دووپاتی بکەینەوە کە نابێت دەرفەت بە لایەنە نادەوڵەتییەکان بدرێت بۆشایی سیاسی بقۆزنەوە. ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو جارێکی تر ئەوەیان نیشاندایین کە تا چ ئاستێک ئەو لایەنانە دەتوانن ڕۆڵێکی وێرانکەر بگێڕن و بەهێزکردنی ڕۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێز بە هەمان شێوە ڕۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی چەندە گرنگن.

پێویستە بە دیاریکراوی ئەرکە بەرگری و سەربازییەکان بە تەواوی و تەنیا لە ژێر بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بن. نابێت ئەم ئەرکانە بە میلیشیاکان و سوپای تایبەت بسپێردرێن. بینینی هێرشەکان

"ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەیرانە کەڵەکەبووەکاندا نوقم بووە، کە بۆ دروستکردنی ئازارێکی بێئەندازەی مرۆڤ یەکدەگرن. هێشتا نادڵنیایی سەبارەت بە شێوازی چارەسەری ئەم قەیرانانە بوونی هەیە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە دەبێت ئێمە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەکی چڕەوە هەوڵی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بدەین و ڕێگربین لەوەی ببن بە جەنگی بێکۆتا."

لە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناچارمان دەکات لە ساڵانی داهاتوودا جارێکی تر هەڵسەنگاندن بۆ مانای سەروەری بکەین لە ناوچەکەماندا.

پرسی دووەم کە دەمەوێت سەرنجی بۆ ڕابکێشم بریتییە لە مەترسی توندڕەوی. لە ململانێی غەززەدا توندڕەوەکان لەسەر بنەمای هەستی توندڕەوی برەویان بە گێڕانەوەکاندا. وە لەبەرئەوەی ململانێکە بەرەو دروستکردنی فرە جەمسەر دەچێت، مەترسییەکی ڕاستەقینە لە ئارادەیە لەوەی کە دەکرێت کاریگەرییەکانی تەشەنەکردن لە سەرانسەری ناوچەکە وزە بە توندڕەوەکان ببەخشێت.

ئیمارات هەمیشە بە ڕوونی خواستی خۆی دەربڕیوە: دۆزینەوەی زەمینەیەکی بێ لایەن پێویستییەکی ستراتیژییە، بە هەمان شێوە پێویستیی دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ گفتوگۆ و هەماهەنگی.

ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دەتسەی سێیهەم لە پرسەکان. لەپێناو گۆڕانکارییەکی بەرفراوانتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە پێویستە، هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان، بە هەمان شێوە هەماهەنگییەک کە گفتوگۆی بەرهەمدار لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و دراوسێ سەرەکییەکانی ناوچەکە، لەوانەش ئێران و تورکیا لەخۆبگرێت. لە ناوچەیەکدا کە بریتییە لە هێڵێکی گەرمی سەرەکی لە ئاسایشی جیهانیدا، بە هەمان شێوە ئەم هەوڵانە پێویستیان بە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییە متمانەپێکراوەکان هەیە.

ڕەنگە گەیشتن بە هەندێک ئامانج سەخت بێت، بەتایبەتی کە نیگەرانییە ئاسایشییەکان لەم سەردەمی نادڵنیاییەدا گەورەن. سەرڕای ئەوەش، لە کاتێکدا پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی جێگەی نیگەرانییەکی گەورەیە، نابێت ئەم ئامانجە لەسەر ئەستۆی ئاسایشی دەوڵەتانی تر یاخود لەسەر ئەستۆی وەڵامدانەوەی مرۆیی کاریگەر بۆ ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، هەوڵی بۆ بدرێت.

ئەگەر ئێمە پردی نزیکبوونەوە و هاوبەشی بنیات نەنێین،

**بارهەڵگرە پڕەکان لە هاوکاری مرۆیی ئیمارات دەگەنە غەززە، ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ کەمکردنەوەی ململانێکان لە ناوچەکەدا.**

عەریفی دەستە مالکۆم کۆهینز، ئاشلی/سوپای ئەمریکا





کرێکاران لە فڕۆکەخانەی ئەلعەریش لە میسر مامەڵە لەگەڵ بارەکانی ئیمارات دەکەن کە لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 ڕادەستی غەززە کران.

گێتی ئیمەیجس

"ئیماڕات بەردەوام هاوبەشێکی پابەند بووە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ هاوپەیمانان و دۆستانی هاوبیر لە پێناو ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکە، لەپێناو خۆشگوزەرانی، لەپێناو سەقامگیری و لەپێناو هاوکاری مرۆیی کاردەکات."

ئەگەر بە هەماهەنگی کار نەکەین، ئەوا دەکرێت جێگرەوەکە بریتی بێت لە ململانێیەکی بێکۆتایی بێت لەسەر کێشەکانی ناوچەکە. مەترسییەکان لەوە باڵاتر نابن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، زیاتر لە نیوەی خەڵکی ناوچەکە تەمەنیان لە خوار 30 ساڵەوەیە. گەنجانی ناوچەکە بێ ئۆقرەن بۆ چارەسەرەکان، وە تامەزرۆی ئەنجامێکی باشترن. ئەوان پێویستیان بەم دژە ڕوانگەیە هەیە بۆ داهاتووی ناوچەکە.

لە بەرامبەر ئەم ئاڵنگارییانە، ئیماڕات بەردەوام هاوبەشێکی پابەند بووە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ هاوپەیمانان و دۆستانی هاوبیر لە پێناو ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەکە، لەپێناو خۆشگوزەرانی، لەپێناو سەقامگیری و لەپێناو هاوکاری مرۆیی کاردەکات. ئێمە بە تەواوی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانمان ئامادەین. لە لایەکی دیکەوە پێم باوەڕم وایە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بە سەرکەوتوویی شێوازێکی متمانەداریان بنیات ناوە کە بتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ ناوچەکە و خواستەکانی نەوە گەنجەکان لەبەرچاوبگرێت.

لە ناوچەیەکدا کە لە وڵاتانێکی لاواز لەبەردەم قەیرانی کەشوهەوا، نائاسایشی خۆراک و ئاودان، لە ناوچەیەکدا کە ئابوورییەکان پێویستیان بە گۆڕانکاری دەستبەجێ هەیە، دەتوانین کارنامەی هاوبەش بۆ سوودمەندیی گشتی پەیڕەو بکەین. تەنانەت لە کاتێکدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی ئێستاماندا دەکەین، دەرفەتی بێئەندازە بۆ هەماهەنگی بوونی هەیە.

چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە ئەرکێکی زۆر سەخت دەبێت بۆ حکومەتەکانی ناوچەکە، بەڵام لە کۆتاییدا ئاسایش و خۆشگوزەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپرسیارێتی ئێمەیە. هەڵبژاردنی سەقورس ڕووبەڕووی ئێمە و هاوبەشەکانمان دەبێتەوە. ڕۆڵی پێشەنگی ئەمریکا هاوشێوەی پێشوولە ڕۆژانی داهاتووی تاقیکردنەوەکاندا بەنرخ دەمێنێتەوە.

لە بەرژەوەندی بەکۆمەڵی ئێمەدایە کە لە ڕێگەی گفتوگۆی زیاتر لەسەر بنەمای ئامانجە هاوبەشەکان بە شێوەیەک کە ڕێز لە سەربەخۆیی ستراتیژیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێت پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و هاوبەشە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان فراوانتر بکەین. دەتوانین بەیەکەوە بەردەوام بین لە پشتیوانیکردنی دیپلۆماسی و ناکۆکییەکان بوەستێنین. ✦



دەرچەیەک

# بۆ ئاشتی

لە

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

شێوەسازیی یونیپاس

# گەلانی عەرەب ڕۆڵێکی گەورەیان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە هەرێمەکەدا لەبەردەستدایە

دەستەی یونیپاس

## کۆبوونەوەی

شارەزایانی سەربازی، دیپلۆماسی و ئەکادیمی، لەنێویاندا ئەفسەرانی باڵای فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، گەیشتنە ئەو دەرەئەنجامەی کە گەلانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیریدا بەشێکی گرنگن.

"کردنەوەی گرێی ئەستەم: پێشبینیکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ناونیشانی کۆنفرانسی زانکۆی فلۆریدای باشوور بوو لە مانگی ئەیلوولی 2024. دامەزراوەی ئاسایشی نیشتمانیی و جیهانی زانکۆکە لەگەڵ فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لە شاری تامپا لە ویلایەتی فلۆریدا میوانداری چالاکییەکەی کرد.

"ئێمە لە کاتێکی مەترسیدارداین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،" فەریقی یەکەمی خانەنشین فرانک مەکێنزی، فەرماندەی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند. "بەڵام پێشتر لە شوێنە خراپەکاندا بووین و لەوێشدا شتگەلێکی باش ڕوویانداوە."

لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕی غەززە گێژاوی ناوچەکە قووڵتر بووە. وەکو هێزێکی ئیمپراتۆری داهاتوو، ئێران گەورەترین هێزی ناسەقامگیری بووە لە ناوچەکەدا، مەکێنزی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی ئاسایشی جیهانی و نیشتمانیی USF ڕایگەیاند.

ڕژێمی ئێران هاوپەیمانە توندڕەوە حوسییەکانی خۆی لە یەمەن چەکدار کردووە و هان داوە، وە بەهۆی هێرشە مووشەکییەکانی حوسییەکانەوە باجەکەی بریتی بووە لە قەیرانێکی مرۆیی و پچڕانی بازرگانی دەریایی لە دەریای سوور.

هێرشەکانی حوسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هاتوچۆی کەشتیوانی لە ڕێگەی کەناڵی سوێسەوە کەمکردووەتەوە و بەندەری بازرگانیی عەقەبەی ئەردەن زۆربەی کات بێ جوڵەیە، لیوا براندۆن تێگمایەر، سەرۆکی ئەوکاتەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند.

"هەموو ئەم هۆکارانە ناسەقامگیری ئابووری زیاد دەکەن" بۆ میسر و ئەردەن، فەریقی یەکەم تێگمایەر لە کۆنفرانسەکەدا بە ئامادەبووانی وت.

حکومەتی ئێران ستراتیژییەکی "جەنگی سێبەری"ـی گرتۆتەبەر کە لەڕێگەیەوە دەتوانێت ناسەقامگیری بەرپابکات و هاوکات لۆمەی ئەنجامەکان لەسەر خۆی لاببات. یاریکردن بە هێزە چەکدارە بەکرێگیراوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێران یەکێک لە بەشەکانی لەم جەنگە سێبەرەیە.

سەرەڕای مەترسییەکانی پەرەسەندنی گرژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە ڕێکەوتنەکانی ئەبراهامیان وەکو بناغەیەک بۆ سەقامگیریی زیاتری ناوچەکە بە نموونە هێنایەوە. ڕێککەوتنەکان بریتیین لە زنجیرە ڕێککەوتنێک کە لە باشترکردنی پەیوەندییەکان، کە زۆربەیان پەیوەستن بە بازرگانی و وەبەرهێنانەوە، لە نێوان ڕکابەرە جیۆپۆلیتیکییەکانی پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یارمەتیدەر بوون.

شێخ عەبدوڵڵا ئال خەلیفە، باڵوێزی بەحرەین لە ئەمریکا، کە لە کۆنفرانسەکەدا بە گرتەی ڤیدیۆیی دەرکەوت، داوای هەماهەنگیی لە ناوچەکەی کرد. ناوبراو وەکو بنەمایەک بۆ یارمەتیدانی سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بە جاڕنامەی مەنامە کرد، کە بەیاننامەیەکی لایەنگریی ئاشتییە لە مانگی ئایاری 2024 لەلایەن سەرکردە عەرەبییەکانەوە دەرکرا.

دەنگە ناوچەییەکان بۆ ئاشتی، وەکو بەحرەین، ئەردەن، سعودیە و ئیماڕات، لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا بەردەوام دەبن گێڕانی ڕۆڵی مەزن، قسەکەرانی کۆنفرانسەکە ڕایانگەیاند. مەکێنزی سعودیەی بۆ گرتنە ئەستۆی پێگەی سەرۆکی هاوپەیمانیی دژ بە ئێران بەربژێرکرد. سعودیە بەرەو بە پێگەی جوگرافی، سەرچاوەکان و دەسەڵاتی ئاکاریی خۆی دەکات تا ڕۆڵێکی لەو شێوەیە بگێڕێت، فەرماندەی گشتی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی ڕایگەیاند.

ئەوانی تر ئاماژەیان بە گەشەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئیماڕات لەگەڵ ئیسرائیل کردووە، کە دەتوانێت سوودمەندیی سیاسیی بۆ کەمکردنەوەی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت. وەک یەکێک لە پێشکەشکارانی کۆنفرانسەکە ڕایگەیاند: ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام " بریتیین لە شتانێک کە دەتوانرێت داهاتوو لەسەریان بنیات بنرێت".

قسەکەران لە کۆنفرانسەکە ئەوەیان بەبیر ئامادەبووان هێنایەوە کە خوێناویترین جەنگ لە مێژوودا، جەنگی جیهانی دووەم، بوو بە هۆکاری دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ و زەمینەی بۆ ئاشتیی بەردەوام لەنێوان دوژمنە نەریتییەکاندا ڕەخساند. ماندووبوون لەگەڵ جەنگدا دەتوانێت بارودۆخێکی هاوشێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕەخسێنێت. ✦

# پیشەیی بوون لە دەزگای دژەتیرۆر

## عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکینانی فەرماندەیی دەستەبژێری هێزەکان دەکات لە دەزگای دژەتیرۆری عێراق

دەستەی یونیپاس



دەزگای دژەتیرۆری عێراق

**کاتێک** ئەفسەرانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، ئەوا ئەو زاراوانە بەکاردەهێنن کە لە هیچ شوێنێکی تردا بەکارنەهێنراون. ئەمە وەکو ئەوە وایە ئەم قارەمانانە زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئەوان بە ژمارەی ئەو شەڕانەی کە کردوویانە و ئەو برینانەی کە لەم ڕووبەڕووبوونەوە توندانەی دژ بە باندە تیرۆریستییەکان تووشی بوون یەکتر دەناسن، ئەو شەڕانەی کە لە شەڕی داستانە کۆنەکان دەچن.

کۆبوونەوەکانیان تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگای عێراقی، کورد، عەرەب، تورکمان و ئاشووری لەخۆدەگرێت، کە لە ژێر ئاڵای عێراقدا یەکگرتوون. عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکەنانی، جێگری فەرماندەی یەکەی یەکەمی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکانی دەزگای دژەتیرۆر، بەم جۆرە باس لەو پیاوە ئازایانە دەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا خزمەت دەکەن.

ژیاننامەی عەمید ڕوکن عەلی پڕ لە قارەمانێتییە. لە ساڵی 1999، پەیوەندی بە ئەکادیمیای سەربازی عێراقەوە کردووە، لەوێ دوای تەواوکردنی مەشقی سەرەتایی هێزی پیادە، بەدوای مەشقی تایبەتمەندیدا

**"بەشێکی زۆر لە سوپاکانی جیهان لەڕێگەی ڕاهێنان و چەندین ساڵ لە مەشقی سەربازی و جوڵەکردن لەنێوان یەکە جیاوازەکاندا شارەزایی بەدەستدەهێنن، بەڵام لە عێراقدا ئێمە لە هەفتەی یەکەمی ڕاهێنانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ هەڵدەبژێردرێین."**

~ عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکینانی



دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تواناکانی خۆی نیشان دەدات. دەزگای دژەتیرۆری عێراق

"فەرماندەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بە بەرزڕاگرتنی شەرەف و دەستپاکیی سەربازی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەبێتە نموونەیەک بۆ سەربازەکانی. ڕەنگە تووشی چەندین خواستی ئەنجامدانی کاری هەڵە ببێت، بەڵام دەبێت هەمیشە سوێندەکەی بۆ خودا و وڵاتەکەی لەبیربێت."

~ عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکینانی



قەناسبەدەستانی دژەتیرۆری عێراق لە میانی ڕاهێناندا نمایشی تەکنیکەکانی خۆ ونکردن دەکەن. دەزگای دژەتیرۆری عێراق

دەگەڕێت لە شەڕی گەریلا و شاخدا. لە دوای ساڵی 2003، هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی دەستەبژێری یەکەمی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی عێراقەوە بکات و لە ناوەندی مەشقی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم لە ئەردەن مەشقی پێشکەوتووی وەرگرت. خولەکان لەلایەن ڕاهێنەرانی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکران.

"بەشێکی زۆر لە سوپاکانی جیهان لەڕێگەی ڕاهێنان و چەندین ساڵ لە مەشقی سەربازی و جوڵەکردن لەنێوان یەکە جیاوازەکاندا شارەزایی بەدەستدەهێنن، بەڵام لە عێراقدا ئێمە لە هەفتەی یەکەمی ڕاهێنانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ هەڵدەبژێردرێین،" عەمید ڕوکن بە یونیپاسی ڕاگەیاند.

"یەکەم ئەرکم کە پێمسپێردرا لە دوای ساڵی 2003 بریتی بوو لە فەرماندەی لیوای 3ـی پیادە بە پلەی مولازمی پلە یەک لە کەرتی موسڵ - تەلعەفەر لە ساڵی 2004. لەو کاتەدا، قەزای تەلعەفەر لەلایەن ئەلقاعیدەوە کۆنترۆڵکرابوو و عێراق لە سوڕێکی توندوتیژی و شەڕی تیرەگەریدا نوقم ببوو. من و سەربازانی پەلەکەم چەندین ڕۆژی سەختمان بەسەر برد و شەڕی خوێناویمان بەرامبەر باندە تیرۆریستییەکان ئەنجامدا. سەرەڕای تاریکی ئەو ڕۆژانە و نادڵنیایی لەبارەی داهاتووەوە، کە وەکو خزانێکی مەترسیدار بۆ ناو شەڕێکی تائیفی و نەژادی وابوو، من خەریکی چاندنی ڕۆحی نیشتمانپەروەری بووم لە سەربازەکاندا و دڵنیام دەکردنەوە کە عێراق سەردەکەوێت."

عەمید ڕوکن عەلی باوەڕی وایە شەڕی ڕاستەقینەی فەرماندەیەک لە بەرزڕاگرتنی شەرەفی سەربازی، دەستپاکی و نیشتمانپەروەریدایە چونکە ئەمانە نیشانەی فەرماندەیەکی نەبەردن.

"فەرماندەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بە بەرزڕاگرتنی شەرەف و دەستپاکیی سەربازی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەبێتە نموونەیەک بۆ سەربازەکانی. ڕەنگە تووشی چەندین خواستی ئەنجامدانی کاری هەڵە ببێت، بەڵام دەبێت هەمیشە سوێندەکەی بۆ خودا و وڵاتەکەی لەبیربێت،" عەمید ڕوکن عەلی ئەمەی وت.

"ڕێزگرتنی سەربازێک بۆ فەرماندەکەی لە توندوتیژی و دەسەڵاتەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی دەستپاکی و دادپەروەری فەرماندەکەوە بەرامبەر بە سەربازەکانی دروست دەبێت. سەرکردەیەکی گەندەڵ ناتوانێت بوێری هەبێت و ناتوانێت ڕێزی سەربازەکانی بەدەستبهێنێت. هەر لەبەر ئەمەشە سەرکردە سەرکەوتووەکان پیاوی خۆنەویست و دەستپاکن."

عەمید ڕوکن عەلی جەخت لەسەر گرنگیی هەواڵگریی باش دەکاتەوە لە شەڕی دژ بە باندە تیرۆریستییەکان، کە لەناو خەڵکی مەدەنیدا خۆیان حەشاردەدەن. ئامانجکە بریتییە لە پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی و خۆپاراستن لە گیان لەدەستدان و زیانەکانی بارمتە.

"لە دوای شەڕەکانی تەلعەفەر لە ساڵی 2004، من لە هاوتا هاوپەیمانەکانمانەوە فێری گرنگی هاوبەشییێکردن [و ڕێگریکردن] لە هەواڵگری بووم، کە کلیلی سەرکەوتنە. ڕەنگە بتوانیت بە تانک هێرش بکەیتە سەر گوندێک و حەشارگەکانی تیرۆریستان خاپوور بکەیت، بەڵام زیانێکی ناپێویست لە سەربازەکانت دەدەیت و ژیانی خەڵکی مەدەنی دەخەیتە



ئەندامێکی دەزگای دژە تیرۆری عێراق لە میانی مەشقی شێری تامەزرۆ لە ئەردەن لە ساڵی 2024، لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی وڵاتانی هاوبەش هەڵمەتی شەوانە ئەنجام دەدات.

عەریف دەستە براندۆن وایت/ سوپای ئەمریکا

مەترسییەوە،" ناوبراو ڕاگەیاند. "دانیشتوانی مەدەنی سەرچاوەیەکی بەبەهان کە پێویستە هێزە سەربازییەکان بیپارێزن. کاتێک دانیشتووان متمانەت پێدەکەن، ئەوا زانیاری بەنرخت بۆ دابیندەکەن بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان سەربکەویت."

جەستەی بە چەندین جێ برینی ئەو شەڕانەی کە کردوویەتی نەخشێنراوە، شانازی بە جێ پەڵەی برینەکانییەوە دەکات. هەر جێ برینێک چیرۆک و یادەوەری تایبەت بە خۆی هەیە. سەرەڕای برینداربیەکانی ئەو بڕیارییدا لە بەرەکانی جەنگدا بمێنێتەوە، چونکە پێیوابوو سەربازەکانی لەوێ پێویستیان پێیەتی هەتا ئەو کاتەی جەنگەکە کۆتایی دێت.

"من لە ساڵی 2003ـوە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کار دەکەم، وە زۆر شتتیان لێوە فێربووم، هەروەک چۆن ئەوان زۆر شت لە ئێمە فێربوون. کارکردن لە ژینگەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی تەکتیکی و فێربوونی شێوازی نوێی ئەنجامدانی کارەکان گرنگە."

~ عەمید ڕوکن عەلی هاشم ئەلکینانی



هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە عێراق، لوبنان، ئەردەن و فەرەنسا لە مەشقی شێری تامەزرۆدا ڕاهێنانی گەڕان و ڕزگارکردنی شەڕ ئەنجام دەدەن. عەریفی دەستە کریستۆفەر ستۆڵزە/هێزی ئاسمانی ئەمریکا

"من لە شەڕی ئازادکردنی تەلعەفەر لەساڵانی 2004 بۆ 2005 شەڕم کردووە، لەوێ دەرگا بە دەرگا و لە کوچە و کۆڵانەکاندا کە پڕبوون لە تەڵەی کوشندە و خۆکوژەکان شەڕمان کردووە. هەمیشە مردن چەند چرکەساتێک دوور بووە لێمان. بۆ تیرۆریستان، تەلعەفەر ئەو هێڵی ژیانە بوو کە چەکدارانی بیانی، چەک و تەقەمەنی لەڕێگەی سوریاوە پێیدا تێدەپەڕین. هەر لەبەر ئەمەش بوو زۆر بە سەختی شەڕیان لەپیناودا کرد،" عەمید ڕوکن عەلی دەیهێنێتەوە یاد.

"سەرەڕای برینداربوونم، بەڵام ڕەتمکردەوە ئەوێ جێبهێڵم، چونکە من فەرماندەی سەربازانی پەلەکە بووم و دەبوو سەرکەوتن بەدەستبهێنم، لە هەمان کاتدا ژیانی سەربازەکانم بپارێزم کە ئیرادەیان لە من وەرگرتبوو."

ساڵی 2007 قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، کاتێک شەڕی تائیفی لە لوتکەدا بوو و تەرمی مردووەکان لە شەقامەکاندا کەوتبوون. ئەوە بوو کە حکومەتی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان بە ناوی ئۆپەراسیۆنی چەسپاندنی یاسا دەستپێکرد. عەمید ڕوکن عەلی لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشداریی کرد. ئەمە چارەنووسی عێراقی نوێی دیاری دەکرد.

"وەکو ئەرکی نیشتمانیم باوەڕم بە ئۆپەراسیۆنی چەسپاندنی یاسا هەبوو. لەو ڕۆژەدا، بەر لە چوون بۆ کەرتی بەرپرسیارێتیمان لە گەڕەکێکی بەغداد، پیاوەکانم کۆکردەوە و لەسەر گرنگی ئەم ئۆپەراسیۆنە قسەم بۆیانکرد، تێیدا پێم وتن کە لە سەرووی هەموو پەیوەندییە نەژادی و ئاینییەکانەوە دەبێت ئێمە سەربازانی دڵسۆزی عێراق بین، چونکە هەر لایەنگرییەک لە بەرژەوەندی هەر مەزهەبێک یان لایەنێک کاردانەوەی گەورەی دەبێت." ناوبراو ڕایگەیاند.

"سەرەڕای مەترسییەکانی ئەو ئەرکە، توانیمان متمانەی دانیشتووان بەدەستبهێنین و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بکەین، کە ئێمە لە ناوچە تایبەتەکاندا قەتیسمان کرد، کە تێیدا تیرۆریستان یان گیران یان کوژران. هاووڵاتیانی عێراقی زانیاری دروستیان لەسەر حەشارگەی چەکداران و باندە تاوانکارەکان بە ئێمە بەخشی، بەمەش توانیمان لە ماوەی چەند مانگێکدا ئاسایش لە بەغدا بنیاتبنێین. ئەم ئەرکە مەزنە بناغەی عێراقێکی دیموکراسی بوو کە ئازادی بیروڕا و فرە ئایین و لێبوردەیی لە ئامێز دەگرێت."

گومانی تێدا نییە کە جڵەوکردنی بەشێکی زۆری خاکی عێراق لەلایەن داعشەوە وەکو هەژانێک بوو بۆ هێزەکانی ئاسایش. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند یەکەیەکی دەستەبژێری دژە تیرۆر پێگەی خۆیان لە کەمپی غەزلانی، بنکەی ئاسمانی سپایکەر و پاڵاوگەی نەوتی بێجی پاراست. عەمی ڕوکن عەلی بۆ ئەوەی پێگەی بەرگری خۆی بپارێزێت وەک لە ڕادەستکردنی پاڵاوگەی بێجی بۆ باندە تیرۆریستییەکان، سەرکردایەتی شەڕێکی قارەمانانە و مەزن کرد.

"شەڕەکانی پاڵاوگەی بێجی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر من هەبوو، چونکە ئێمە بۆ ماوەی نۆ مانگ بەردەوام بووین لە پارێزگاریکردن، لە هەموو لایەکەوە بە تەڵەی کوشندە و قەناس بەدەستەکان دەورە درابووین. ئەوەی بێجی جیادەکردەوە، هەمەجۆریی نەژادی و ئایینی سەربازان بوو، کە هەموویان لە ژێر ئاڵای عێراقدا یەکیانگرتبوو،" عەمید ڕوکن عەلی ڕایگەیاند.

"هەموو ئایین و مەزهەبێک لە عێراقدا گۆڕستانی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام، لە عێراقدا یەک گۆڕستان هەیە بۆ هەموو ئایین و مەزهەبەکان. ئەوە ئەو گۆڕستانە بچووکەیە کە ئەو کەسانەی تێیدا نێژراوە لە شەڕی بێجی گیانیان لەدەستدا، وە لەسەروویانەوە ئاڵای عێراق بە بەرزی دەشەکێتەوە. هەستی سەرکەوتن دوای ئەوەی هەموو هیوای مانەوەمان لەدەستدابوو، شکۆمەند بوو. بەڵام ئەوە خۆڕاگری سەبازان بوو لە بەرامبەر دڕندەترین هێرشەکاندا کە ئەم شەڕە ئەفسانەییەی کردە شەڕێکی ڕاستەقینە."

عەمید ڕوکن عەلی لە پلە سەربازییەکانی فەرماندەی پەلەوە بەرزبووەوە بۆ پێگەی ئێستای، کە لەوێدا ئەزموونە کەڵەکەبووەکان کۆدەبنەوە تا بەیەکەوە لێهاتوویی فەرماندە مەیدانییەکان بنیات بنێن.

لە شەڕی تەلەعفەردا وەکو فەرماندەی پەل دەستی پێکردووە، پاشان وەکو جێگری فەرماندەی لق بۆ ماوەی دوو ساڵ خزمەتیکردووە بەرلەوەی ببێتە فەرماندەی لقێکی هێزی تایبەت لە ئۆپەراسیۆنی چەسپاندنی یاسا. لە ساڵی 2008، وەکو جێگری فەرماندەی فەوجێکی دژە تیرۆر بەشداریی شەڕی سەولات ئەلفورسانی کرد. لە ساڵی 2018، پۆستی بەڕێوەبەری بەشی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەر بە دەزگای دژە تیرۆر وەرگرتووە.

دوای گواستنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئۆپەراسیۆنەکان پلەکەی بەرزبووەوە بۆ سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی یەکەمی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان بەرلەوەی لە ساڵی 2022 ببێتە جێگری فەرماندە. لە ئێستادا فەرماندەی فەرماندەیی یەکەمی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانە.

عەمید ڕوکن عەلی لەبارەی گرنگی هەبوونی هاوپەیمانێتی بەهێزی نێودەوڵەتی کە ڕێز لە پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان بگرێت قسەیکرد.

"من لە ساڵی 2003ـوە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کار دەکەم، وە زۆر شتیان لێوە فێربووم، هەروەک چۆن ئەوان زۆر شت لە ئێمە فێربوون. کارکردن لە ژینگەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی تەکتیکی و فێربوونی شێوازی نوێی ئەنجامدانی کارەکان گرنگە،" ناوبراو ڕایگەیاند.

"جەنگەکانی ڕزگارکردنی شارەکان لە دەستی داعش گرنگیی کارکردنی هاوشان لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ پچڕاندنی پاڵپشتی دارایی و پێداویستییەکانی دێوەزمە تیرۆریستییەکە بە تۆڕە فراوانەکەی کە جیهان دەگرێتەوە، خستووەتە ڕوو. هاوپەیمانییەکە ڕۆڵێکی گەورەی لە پرچەککردن و ئامێربەندکردنی هێزە چەکدارەکانمان هەبووە و بەشێوەیەکی بەردەوام پشتیوانی ئاسمانی لە کاتی شەڕەکانی ڕزگاریخوازیدا پێشکەش کردووە. ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردنی پێکەوەیی بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی تیرۆر."



وەزیرانی دەرەوەی کۆمکاری عەرەبی، لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای نێودەوڵەتیی تر، لە بارەگای کۆمکار لە مانگی ئەیلولی 2024 لە قاهیرە کۆبوونەوە. AFP/گێتی ئیمەیجس

# میسر ڕۆڵی باڵا دەگێڕێت لە سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دەستەی یونیپاس

**بە** سەرکردایەتیکردنی هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا، میسر لە مانگی ئەیلوولی 2024، لە بارەگای کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە، میوانداری ئەنجومەنی وەزیرانی کۆمکاری عەرەبی کرد.

لەگەڵ وەزیرانی کاروباری دەرەوەی دەوڵەتانی عەرەبی، چەندین بەرپرسی دیاری نێودەوڵەتی بەشدارییان کرد، لەوانە هاکان فیدانی وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا، جۆزێپ بۆرێلی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، کۆمیساری گشتی فریاگوزاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و سیگرید کاگ ڕێکخەری مرۆیی و ئاوەدانکردنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ غەززە.

بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکی خستە سەر ململانێی غەززە، وە بابەتەکان بریتی بوون لە:

- داواکردن لە لایەنەکانی ململانێی غەززە کە دان بەخۆیاندا بگرن، ڕێگری لە ئاڵۆزبون بکەن و بەشداری دانوستان بکەن تا کۆتایی بە دوژمنایەتی بهێنن.
- گفتوگۆکردن لەبارەی ڕێگاکانی ڕێگریکردن لە دەرەنجامی ئاسایشی و مرۆیی کارەساتبار کە لە ئەنجامی کاریگەریی تەشەنەکردنی ململانێی ئەگەری لە ناوچەکەدا پەیدادەبن.
- داواکردن لە لایەنەکان بۆ پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە ناسەقامگیرکردنی زیاتری ئاسایشی ناوچەکە.
- داواکردن لە لایەنەکان بۆ پابەندببوون بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کە هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاریگەرییەکانی شەڕی چەکداری دەپارێزێت.
- داواکردن بە ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم دیل و زیدانییەکانی جەنگ و ڕێگەدان بە چوونە ناوەوەی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ناو غەززە.

داواکردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر لایەنە شەڕکەرەکان تا دوژمنایەتیەکان بوەستێنن، ئەحمەد ئەبولغیت سکرتێری گشتیی کۆمکاری عەرەبی ڕایگەیاند: "ئاگربەست چیتر داواکارییەکی عەرەبی نییە، بەڵکو داواکارییەکی جیهانییە. ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ململانێکان بۆ ناو ناوچەکە ئامانجێکی ستراتیژیی پێویستی مرۆیی و ئاکارییە."

هەتا سەرەتای 2025، زۆرێک لە ڕاسپاردەکانی کۆمکاری عەرەبی لەگەڵ کەمبوونەوەی کێشەی غەززە خەریک بوو بەدیدەهێنران.

سەرچاوەکان: ئەشرەق ئەلئەوسەت، Aljazeera.net



# هێزی ئاسمانیی پاکستان پشتیوانی هاوتا عێراقییەکان دەکات

دەستەی یونیپاس

پاکستان لە مانگی ئابی 2024، میوانداری شاندێکی سەربازی عێراقی کرد، کۆبوونەوەیەک کە تیایدا تیشک خرایە سەر بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی نێوان هێزە ئاسمانییەکانی هەردوو وڵات.

> **فڕۆکەکانی پاکستان و ئەمریکا بۆ بنکەی ئاسمانی موشەف بۆ 'چنگی هەڵۆ' جێگیر دەکرێن.**
>
> فەرماندەیی هێزی ناوەندیی ئاسمانیی ئەمریکا

فەریق داود سەلمان، سکرتێری گشتیی سەردانی فەریقی ئاسمانی زاهیر ئەحمەد بابەر سیدو، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئاسمانیی هێزی ئاسمانیی پاکستانی کرد.

ئەو بابەتانەی کە جێگەی سەرنجی هەردوولابوون کارنامەکانییان پرکردەوە، لەوانە فراوانکردنی مەشق و هەماهەنگیی نێوان هەردوو سوپا، بەتایبەتی لە بواری فڕۆکەوانیدا. فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عێراق فەریق شەهاب جاهید عەلی بەشێک بوو لە شاندەکە.

فەریقی فڕۆکەوان سیدو پشتیوانی پاکستانی بۆ دابینکردنی تواناسازیی هێزی ئاسمانیی عێراق دووپاتکردەوە. پاکستان لەم دواییانەدا فڕۆکەی ڕاهێنانی سوپەر موشەکی گەیاندە عێراق.

فەریق سەلمان خواستی خۆی بۆ باشکردنی پەیوەندییە سەربازییەکان لەگەڵ هێزی ئاسمانیی پاکستان بۆ یارمەتیدانی پێشکەوتنی مەشقی تەکتیکی، لەخۆگرتنی تەکنەلۆژیای سەرهەڵداو و باشترکردنی تواناکانی ئۆپەراسیۆن دەربڕی. پاکستان لەسەر هاوکاریکردنی عێراق لە ڕاهێنانی فڕۆکەوانی، بەرگریی ئاسمانی و تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی ڕەزامەندی خۆی دەربڕی.

هەروەها شاندەکەی عێراق بۆ سەرنجدان بە پەرەپێدانی پرۆژە فڕۆکەوانییەکان سەردانی باخچەی نیشتمانی زانست و تەکنەلۆژیای ئاسمانیی پاکستانی (NASTP) کرد. فەریق سەلمان پێزانینی خۆی بۆ ئەو توێژینەوە و داهێنانانەی دەربڕی کە لە NASTP بەڕێوەدەچن.

بە هەمان شێوە پاکستان گەشەسەندنی پیشەسازی فڕۆکەی ناوخۆیی خۆی پیشان دا و عێراق ئارەزووی خۆی بۆ بەدەستهێنانی 12 ڕاهێنەری تری سوپەر موشەک دەربڕی.

هەروەها سەردانەکەی عێراق کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ فەریق ساهیر شەمشاد میرزا، سەرۆکی لیژنەی هاوبەشی دەستەی ئەرکانی پاکستان لەخۆگرت.

سەرچاوەکان: پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان دەزگا خزمەتگوزارییەکان، پاکستان، عەرەب نیوز

# دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لەسەر کێڵگەی گازی دەریایی پشتیوانی لە سەرەوەریی کوەیت دەکەن

دەستەی یونیپاس

**لە** کۆتایی 161ـەمین کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە مانگی ئەیلوولی 2024 لە ڕیاز، سعودیە بەڕێوەچوو، ئەنجومەنی وەزیرانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە بەیاننامەی کۆتاییدا دووپاتیکردەوە کە کوەیت و سعودیە بۆ بەکاربردنی سەرچاوە سروشتییەکان لە کێڵگەی غازی ئەل دورا خاوەنی مافی تایبەتی هاوبەشن.

بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنی نێوانیان، کێڵگەکە بە تەواوی لە ناو ئاوی خاکی دەوڵەتی کوەیتدایە، کە دەکەوێتە تەنیشت ناوچەی بێلایەنی دابەشکراوی کوەیت و سعودیە.

ئەنجومەن بە توندی داواکاری مافەکانی هەر لایەنێکی تر، بە ئاماژەدان بە ئێران، بۆ دەستوەردان لەم بوارەدا ڕەتکردەوە.

عەبدوڵڵا بن زاید، وەزیری دەرەوەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی جەختی لەسەر پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ سەروەری کوێت بەسەر کێڵگەی ئەل دورا و مافی وڵاتەکەی بۆ ئەو سامانە سروشتییانەی کە لە بنی کەنداوی عەرەبیدان، کردەوە.

خاوەندارێتیی ناوچەکە لە نێوان سعودیە و کوێتدا هاوبەشە.

وە وەزیر ڕایگەیاند بە تەنها ئەوان مافی تایبەتیان بۆ هەر سامانێکی سروشتی هەیە، ئەمەش بەگوێرەی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە نێوان هەردوو وڵات ئەنجامدراون و کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

کوەیت و ئێران بۆ چەندین ساڵ لەسەر ئەو ناوچەیە سنوورییە دەرییایە کێشەلەسەر و دەوڵەمەندە بە گازی سروشتی گفتوگۆیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەو دانوستانانە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. کوەیت و سعودیە پێشتر ڕایانگەیاندبوو کە ئەوان تەنها خاوەنی کێڵگەی غازی دەریایی ئەل دورەن، ئەمەش وەڵامی هەڕەشەیەکی ئێرانی دایەوە بۆ بەردەوامبوون لە ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان لە ناوچە کێشە لەسەرەکە.

لەنێو کێڵگە سەرەکییەکانی وزەی جیهاندا، وادادەنرێت کە یەدەگە سەلمێنراوەکەی ئەل دورا بگاتە 20 تریلیۆن پێ سێجا غاز و تا 300 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەبێت.

لە مانگی ئازاری ساڵی 2022، کوەیت لەگەڵ سعودیەدا بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی ئەل دورا ڕێککەوتنێکی واژۆکرد، ڕێگەی بە بەرهەمهێنانی یەک ملیار پێ سێجا غاز دەدات بە یەکسانی لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

سەرچاوەکان: alaraby.co.uk، aljazeera.net، دەزگای دەوڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە واشنتۆن

# تاجاکستان هاوبەشي ئاسایش لەگەڵ کوەیت بەهێزدەکات

دەستەی یونیپاس

سەردانێکی فەرمیی سەرۆکی تاجاکستان ئیمۆماڵی ڕەحمان بۆ کوەیت لە مانگی تشرینی دووەمی 2024 فراوانکردنی هەماهەنگییە ئاسایشییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی مسۆگەرکرد.

ئامانجی سەرەکی سەردانەکە بریتی بوو لە بەشداریکردنی بەرپرسانی تاجاکستان بوو لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئاسایشی سنوورەکان، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆک ڕەحمان ئەو بۆنەیەی بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کوەیت عەبدوڵا ئەلیەحیا بەکارهێنا.

کوەیت لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی کوەیتەوە پشتیوانیی خۆی بۆ پڕۆژەکانی ژێرخانی تاجاکستان دووپاتکردەوە. کوەیت یارمەتی دابینکردنی دارایی بۆ باشترکردنی ڕێگاوبانەکان، بەڕێوەبردنی ئاو و پڕۆژە گرنگە ئابوورییەکانی دیکە پێشکەشکردووە.

کوەیت وەکو ڕێگەیەک بۆ فراوانکردنی شوێنپێی جیۆپۆلەتیکی خۆی بەناوی سەقامگیری ناوچەییەوە، دان بە سنووری درێژخایەنی تاجاکستان لەگەڵ ئەفغانستان و هەڕەشەی دزەکردن لەلایەن توندڕەوە توندوتیژەکانەوە دەڕوانێتە بەشداریکردن لە ئاسیای ناوەڕاست.

تاجاکستان هەوڵی داوە وەبەرهێنەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، کە وڵاتێکە پەیوەندی کولتووری هاوبەشی لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە. گفتوگۆکان تیشکیان خستە سەر وەبەرهێنانی هاوبەش لە بوارەکانی وەکو بەرهەمهێنانی خۆراک، کانزاسازی، کشتوکاڵ و دەرمانسازی.

"ئێمە دەوڵەتی کوەیت بە هاوبەشێکی جێی متمانە لە ناوچەکە و جیهاندا دادەنێین، وە ئامادەین بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵیدا ڕێوشوێنی کرداریی هاوبەشی بگرینەبەر. سەرچاوەکان: وەزیری کاروباری دەرەوەی تاجاکستان



**وەزیری کاروباری دەرەوەی تاجاکستان سیراجەدین موهرەدین، لە لای چەپ، وەزیری کاروباری دەرەوەی کوەیت عەبدواللە ئەلیەحیا و جێگری سکرتێری گشتی فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان ڤلادیمێر ڤۆرۆنکۆڤ لە مانگی تشرینی دووەمی 2024 لە شاری کوێت گفتوگۆ دەکەن.** AFP/گێتی ئیمەیجس

# سعودیە وەبەرهێنان لە کەرتی بەرگریدا هەمەچەشن دەکات

دەستەی یونیپاس

**بە** برەودان بە کەرتی بەرگریی سعودیە، وەزارەتی وەبەرهێنانی سعودیە (MISA) و دەسەڵاتی گشتی بۆ پیشەسازییە سەربازییەکان (GAMI) لە مانگی ئەیلوولی 2024ـدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ ئیلێترۆنیکای گروپی پێشەنگی بەرگریی ئیتاڵیا واژۆ کرد.

سعودیە هەوڵی زیادکردنی بەشداریکردنی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەدات لە بەرهەمی ناوخۆیی شانشینی سعودیە بۆ 5.7%. وە یاداشتەکەی سعودیە و ئیتالیا زیادکردنی بەشداریی کەرتی تایبەتی سعودیە لە بەرهەمی ناوخۆیی سعودیە بۆ ڕێژەی 65% دەکاتە ئامانج. سعودیە ئامانجێکی دەستنیشانکردووە کە تا ساڵی 2030 نیوەی دابینکاریی بەرگریی وڵاتەکە لە ناوخۆدا بەرهەمبهێنێت.

واژۆکردنی ئەم یاداشتە لە میانی بەشداریکردنی MISA لە 50هەمین خولی کۆڕبەندی ئەمبرۆسێتی لە مانگی ئەیلوولی 2024 ئەنجامدرا. ئەمە بریتییە لە کۆنفرانسێکی ساڵانەی ئابووریی نێودەوڵەتی کە لە شارۆچکەی سێرنۆبیۆی ئیتاڵیا لە کەنارەکانی دەریاچەی کۆمۆ بەڕێوەدەچێت.

لە سەکۆکەدا، نوێنەرانی MISA دەرفەتی وەبەرهێنانیان لە سعودیە خستەڕوو، تیشکیان خستە سەر ئەو هاندانانەی کە شانشینی سعودیە پێشکەش بە بەڵێندەرانی بەرگریی بیانی دەکات.

سەرکردایەتیی سعودیە وەکو بابەتێکی لەڕادەبەر پێویست بۆ ئاسایشی جیهانی سەیری هاوبەشیی لەگەڵ ئیتالیادا دەکات و بەمجۆرە لە هەموو ئاستەکاندا بە پەرۆشەوە بۆ چەسپاندنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان کاردەکات. بۆ ئەم مەبەستەش، بەرپرسانی سعودیە و ئیتاڵیا بۆ تونکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرەوپێشبردنی توانا سەربازییەکان، سەردانەکانیان یەکتریان کرد.

لە مانگی تشرینی یەکەمی 2023، گویدۆ کرۆسێتۆ وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا سەردانی ڕیازی کرد و لەگەڵ شازادە خالد بن سەلمان، وەزیری بەرگریی سعودیە کۆبووەوە. هەردوو بەرپرسەکە باسیان لە پێشنیارێکی ئیتاڵیا بۆ دروستکردنی کەشتییەکی جەنگی کرد کە بە سیستەمی بێ کارمەندی ئاسمانی و دەریایی چەکدارکرابێت.

لە بەرامبەردا، تەڵاڵ بن عەبدوڵڵا بن تورکی ئال عوتەیبی یاریدەدەری وەزیری بەرگریی سعودیە لە مانگی ئایاری 2024 سەردانی ئیتاڵیای کرد. ناوبراو لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیا بەرگرییە باڵاکانی ئیتاڵیا کە تایبەتمەندن لە پیشەسازی دەریایی کۆبووەوە و گفتوگۆی لە بارەی هەماهەنگی لەو تەکنەلۆژیا و سیستەمانەی لەو کۆمپانیایانە داوای دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە دەریاییەکانی شاهانەی سعودیە.

لە کۆتایی مانگی ئایاری 2024، کۆمپانیای کەشتیسازیی ئیتاڵی فینکانتییێری SPA بڕیاری دامەزراندنی لقێکی نوێی سعودی بە ناوی فینکانتییێری عەرەبستان (Fincantieri Arabia) ڕاگەیاند. بە گرنگیدان بە پیشەسازی دەریایی، فینکانتییێری عەرەبستان وەکو بەشێک لە بەرنامەکانی هەمەچەشنکردنی ڕوانگەی 2030ـی شانشینەکە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی سعودیە دەکاتە ئامانج.

سەرچاوەکان: tacticalreport.com، fincantieri.com، alarabiya.net

# سەرۆکی کازاخستان برەو بە هەماهەنگیی بەرگریی ئاسیای ناوەڕاست دەدات

دەستەی یونیپاس

**سەرۆکی** کازاخستان قاسم جومرات تۆکاییێڤ بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان هاوبەشەکان بۆ هەر پێنج وڵاتەکە، داوای زیادکردنی هەماهەنگیی بەرگری لە نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کردووە.

تۆکاییێڤ پێشنیاری کرد کە دەوڵەتانی بەناو "C5" کە پێکهاتوون لە کازاخستان، کۆماری قرغستان، تاجاکستان، تورکمانستان و ئۆزبەکستان، دەتوانن بیناسازییەکی ئاسایشیی ناوچەیی بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە زلهێزە دەرەکییەکان پەرەپێبدەن.

ئەم چەمکە لە بەرگری بەکۆمەڵ بوار بە C5 دەدات کە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی تر قەبارە ناوەندی وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو دروست بکات.

سەرکردەکانی ئاسیای ناوەڕاست لەم دواییانەدا بۆ فشار دروستکردن لەپێناو هەماهەنگییەکی زیاتر لەگەڵ هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لوتکەیەکیان لە ڕیاز ئەنجامدا. سەرکردە عەرەبییەکان بۆ گەڕی داهاتووی لوتکەکە گەشت بۆ سەمەرقەندی ئۆزبەکستان دەکەن.



قاسم جومرات تۆکاییێڤ، سەرۆکی کازاخستان، لای ڕاست، لە میانی 11ـەمین لوتکەی سەرۆکانی دەوڵەتانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورکیک لە مانگی تشرینی دووەمی 2024 لە بیشکێک، سڵاو لە سادیر جاپارۆڤ، سەرۆکی کۆماری قرغستان دەکات. AFP/گێتی ئیمەیجس

"دروستکردنی بیناسازییەکی ئاسایشیی ناوچەیی دەبێتە پێویستییەکی بەپەلە، لەنێویاندا لەڕێگەی پەرەپێدانی لیستەیەک بۆ مەترسیە ئاسایشییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لێیان."

تۆکاییێڤ لە وتارێکدا بۆ پێشخستنی بیرۆکەکە ئاماژەی بەوەکرد.

"کازاخستان وەکو بەشداربوویەکی بەرپرسیار لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بانگەشە بۆ پابەندبوونی توند بە بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ڕێزگرتن لە سەروەری و پێشێلنەکردنی سنوورەکان دەکات."

بەرلەوەی سەرۆک تۆکاییێڤ لێدوانەکانی خۆی بدات، ئۆزبەکستان وەکو پێشەنگی لایەنگری بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگیی ئاسیای ناوەڕاست دەرکەوت، کە بریتییە لە پرۆسەیەک کەبەهۆی سەرکەوتنی شەفکەت میرزیۆیێڤ بۆ سەرۆکایەتی ئۆزبەکستان لە ساڵی 2016 بەرەوپێشبرا.

عەبدولعەزیز کامیلۆڤ وەزیری پێشووی دەرەوەی ئۆزبەکستان و ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی بۆ سیاسەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری لە پێشنیارەکەی کازاخستان کرد و تێیدا داوای لە وڵاتان کرد لە "ڕێبازە بەسەرچووەکان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکان" بهێنن.




سەرکردەکانی ئازەربایجان، کازاخستان، تورکیا، تورکمانستان، کۆماری قرغستان، ئۆزبەکستان و هەنگاریا لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییە تورکیەکان و نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە 11ـەمین لوتکەی سەرۆکانی دەوڵەتانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورکیک دەکەن لە مانگی تشرینی دووەمی 2024. AFP/گێتی ئیمەیجس



# ئیماڕات بڕەو بە هاوبەشیی ستراتیژیی دەدات لەگەڵ ئەمریکا

دەستەی یونیپاس

**خاوەن** پایە شێخ محەمەد بن زاید ئەلنەهیان، سەرۆکی ئیماڕات، بۆ باشترکردنی ئاشتی و ئاسایش لەڕێگەی هاوبەشییەکی ستراتیژی بەردەوامەوە، میوانداری مارکۆ ڕوبیو وەزیری دەرەوەی ئەمریکای کرد لە ئەبوزەبی.

بەشداریکردنەکەی مانگی شوباتی 2025 گفتوگۆکانی لەبارەی پرسەکانی ئاسایشی ناوچەیی و نیشتمانی لەخۆگرتبوو، لەوانەش ئاشتی لە غەززە و لوبنان. ڕوبیۆ سوپاسی شێخ محەمەدی کرد بۆ هاوکارییە مرۆییەکانی وڵاتەکەی بۆ دانیشتوانی غەززە و تیشکی خستە سەر ئەو پێویستییەی کە بارمتەکان ئازاد بکرێن.

لە ژێر ڕۆشنایی هێرشەکانی گروپی تیرۆریستی حوسی بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان، هەردوو سەرکردە سەبارەت بە هەڕەشەکانی سەر ئازادی کەشتیوانی لە دەریای سوور قسەیان کرد.

هاوکات لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەدا، هێزە دەریاییەکانی ئیماڕات لە مەشقی دەریایی نێودەوڵەتی لە بەحرەین پەیوەندییان بە ئەمریکا و دەیان هاوبەشی ناوچەییەوە کرد بۆ دەستەبەرکردنی ڕەوتی ئازادیی بازرگانی لە ڕێگەی ڕێڕەوی ئاوی ستراتیژیی وەکو گەرووی هورمز، بابل ئەلمەندەب و کەناڵی سوێس.

بە هەمان شێوە هەردوو وڵات جەختیان لەسەر پێویستیی بەردەوامیدان بە پەیوەندییە ئابوورییەکان کردەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ستایشی وەبەرهێنانە

**فڕۆکەوانێکی ئیماڕات لە ساڵی 2025 فڕۆکەیەکی جۆری F-16E Desert Falcon لە بیابانی نیڤادا لە ئەمریکا دەخاتەکار. هاوبەشیی ئاسایشی ئیماڕات لەگەڵ ئەمریکا ئەم جۆرە چالاکییانەی مەشقکردن لەخۆدەگرێت.** فڕۆکەوانی باڵا جەیکۆب کابانێرۆ/هێزی ئاسمانیی ئەمریکا

بەرچاوەکانی ئیماڕاتی کرد لە بواری تەکنەلۆژیای وەکو ژیریی دەستکرد و زانستی کۆمپیوتەریی کوانتەم.

لە دیدارێکی پێشووتردا لەگەڵ ڕوبیۆ، خاوەن شکۆ شێخ عەبدوڵڵا بن زاید ئەلنەهیان، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیماڕات، ستایشی "سروشتی دینامیکی و پەرەسەندوو"ـی پەیوەندیی ستراتیژیی ئیماڕات و ئەمریکای کرد لەسەر بنەمای مێژوویەکی قووڵی هەماهەنگیی بنیاتنەر کە سوودبەخشە بۆ هەردوو وڵات.

لە سەردانەکەیدا بۆ ئەبوزەبی، ڕوبیۆ سەردانی ماڵی خێزانی ئیبراهیمی کرد، کە ناوەندێکی نێوان ئاینییەکانە لە دوورگەی سەعدیات کە مزگەوت، کڵێسا و پەرستگای جولەکەی تێدایە.

بە گیانی بەڵگەنامەی برایەتی مرۆڤ دروستکراوە کە لەلایەن ئەحمەد ئەلتەیب نوێنەری مزگەوتی ئەلئەزهەر و پاپا فرانسیس نوێنەری کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم واژۆکراوە.

# عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەشە عەرەبییەکان پتەودەکات

دەستەی یونیپاس

**بۆ** بەهێزکردنی هاوبەشیی بەرگریی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی باکووری ئەفریقا، محەمەد شیاع ئەلسودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە یاوەری ئەندامانی کابینەکەی، لە مانگی ئابی 2024 سەردانی میسڕ و تونسی کرد.

لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسڕ، سودانی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە، "عێراقێکی سەقامگیر هێزێکە بۆ هەموو وڵاتانی برا و دۆست لە ناوچەکەدا." لە درێژەی قسەکانیدا وتی وڵاتەکەی لە توانایدایە ببێتە زەمینەی کۆبوونەوەی وڵاتانی هاوبەش بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و کپکردنەوەی جەنگەکان لە ناوچەکە.

بە بەڵێندان لەسەر پشتیوانیکردنی بەردەوام لەپێناو یەکڕیزی، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق، سەرۆک سیسی جەختی لەسەر پەرۆشی حکومەتی میسڕ کردەوە بۆ هەماهەنگیکردنی تەواو لەگەڵ عێراق لە بوارە جیاجیاکاندا، وە ڕایگەیاند کە عێراقێکی بەهێز وەکو پایەیەک خزمەت بە ئاسایشی ناوچەکە دەکات. هەروەها تیشکی خستە سەر بەشداریکردنی میسڕ لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری، گەشەکردن و کرانەوەی ئابووری لەگەڵ ناوچەکە و جیهان بەرز نرخاند. بڕیارە چەندین کۆمپانیای میسری پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بە بەهای سەدان ملیۆن دۆلار لە عێراودا جێبەجێ بکەن.

لە کۆتایی سەردانەکەیدا بۆ میسڕ، شاندی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەلسودانی بە فڕۆکە بەرەو تونس ڕۆیشتن و لەگەڵ قەیس سەعید سەرۆک کۆمار و کەمال مەداوی سەرۆک وەزیرانی تونس کۆبوونەوە.

سەرۆکی تونس ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و گەڕان بەدوای ڕێگای نوێ بۆ هەماهەنگیکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دەربڕی. ئەوانە هاوبەشیی فراوانتر لەگەڵ عێراق لە بوارەکانی گواستنەوەی ئاسمانی، گەشتیاری، ڕۆشنبیری، وزە، کشتوکاڵ و بازرگانی لەخۆدەگرن.

هەژدە ڕێککەوتن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەلایەن فوئاد حسێن وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق و نەبیل عەمار وەزیری کاروباری دەرەوە، کۆچ و تونسییەکانی دەرەوە لە مانگی ئابی 2024 لە بەغدا واژۆ کرا.

سەرچاوەکان: Aljazeera.net ،alquds.co.uk

# ئەردەن ئەرکی پشتیوانیی مەدەنی و سەربازی فراوانتر دەکات

دەستەی یونیپاس

لە چوارچێوەی ئەرکێکی مەدەنی-سەربازی بۆ پشتیوانیکردنی سەقامگیری، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەبی لە ساڵی 2024 نەخۆشخانەی مەیدانی نابلوسیان بۆ چارەسەرکردنی هەزاران دانیشتووی ناوچەکە دروستکرد.

سەرۆکی ئەرکی پزیشکیی ئەردەن ڕایگەیاند تەواوکردنی نەخۆشخانەکە دەکەوێتە چوارچێوەی هەوڵە گشتییەکانی وڵاتەکەی بۆ یارمەتیدانی گەلی فەلەستین. جەختیشی لەوە کردەوە کە دەستەی پزیشکی بۆ پێشکەشکردنی باشترین چاودێری بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی ململانێکانەوە لە نابلوس و گوندەکانی دراوسێی زیانیان بەرکەوتووە، بە پەرۆشەوە کاردەکەن.

جگە لە دامەزراندنی نەخۆشخانەکە لە شاری نابلوس، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب دوو نەخۆشخانەی مەیدانی سەربازی لە غەززە بەڕێوەدەبات، کە دواییینان لە خان یونس لە مانگی تشرینی دووەمی 2023 دامەزرێنرا. نەخۆشخانەکان ئازارەکانی نزیکەی 100,000 دانیشتووی غەززە کە بەرگەی بارودۆخی سەختی ژیانیان گرتووە، کەمکردووە.

بۆ نموونە لە شاری نابلوس، نەخۆشخانەکە کلینیکی پزیشکی لەخۆدەگرێت کە چاودێری تەندروستیی پسپۆڕییە جیاوازەکان پێشکەش دەکەن: پزیشکی منداڵان، پزیشکی ئافرەتان، پزیشکی هەناوی، نەشتەرگەری، پزیشکی ئێسک و جومگەکان، پزیشکی پێست، پزیشکی بینایی، پزیشکی چاو، پزیشکی ددان و پزیشکی گشتی. سێ ژوور بۆ نەشتەرگەری و دوو یەکەی چاودێری چڕ، تاقیگەیەکی تیشکدانەوە و پاقژکردنەوە و دەرمانخانەیەک لەخۆدەگرێت.

هەروەها ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی ئەردەن ئاسانکارییان بۆ ڕەوتی یارمەتییە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ خەڵکی غەززە ئەنجامداوە، ئەمەش وایکردووە ئەردەن ببێتە دەروازەیەک بۆ گواستنەوەی خۆراک، فریاگوزاری و یارمەتییە پزیشکییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی بارودۆخی سەختی ژیان بوون کە بەهۆی ململانێی غەززەوە دروستبووە.

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ چێشتخانەی ناوەندیی جیهانی، نانەواخانەیەکی گەڕۆکی ڕەوانەی غەززە کردووە کە توانای بەرهەمهێنانی 3,500 نانی هەیە لە کاتژمێرێکدا.

ڕێکخراوی خێرخوازیی هاشمیی ئەردەن ڕێکخەرێکی سەرەکی "بانگەواز بۆ کردار" بوو: کۆنفرانسی وەڵامدانەوەی بەپەلەی مرۆیی بۆ غەززە" بوو کە لە مانگی حوزەیرانی 2024 لە ئەردەن بەڕێوەچوو. بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاکان بۆ بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ قەیرانی مرۆیی لە غەززە، کۆنفرانسەکە بە هاوبەشی لەلایەن ئەردەن، میسڕ و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخرا. نوێنەرانی باڵای حکومەت و ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەکو هاوکاریی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی ئەمریکای بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی ئەردەن، alwakeelnews.com، ز جۆردەن تایمز



# عومان و بەحرەین ئاستی هەماهەنگیی سەربازی بەرز دەکەنەوە

دەستەی یونیپاس

سەربازانی عومان و بەحرەین لە مانگی ئەیلوولی 2024 لە میانی پڵنگی عەرەبیی 6 لە ئەلجەبەل ئەخدار لە عومان بە ئاراستەی ناوچەی ڕاهێنان ڕێپێوان دەکەن.
دەزگای هەواڵی عومان

لە مانگی ئەیلولی 2024، هێزی ئاسایشی موسەندەمی سوپای شاهانەی عومان، هێزی ئاسمانی شاهانەی عومان و هێزی تایبەتی شاهانەی بەحرەین مەشقێکی سەربازیی هاوبەشیان بە ناوی پڵنگی عەرەبیی 6 بۆ ماوەی 10 ڕۆژ ئەنجامدا.

بەشداربووان بریتی بوون لە ئەفسەرانی باڵای بەحرەینی و عومانی وەکو لیوا مەتەڕ بن سالم ئەلبەلوشی، فەرماندەی سوپای شاهانەی عومان و عەمید ڕوکن یاسر محەمەد ئەلماویدە، فەرماندەی کەرتی 24ـی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان.

پڵنگی عەرەبیی 6 لە ناوچە شاری و شاخاوییەکانی پارێزگای ئەل دەخیلیە بۆ ئاشناکردنی هێزی تایبەتی شاهانەی بەحرەین بە ئۆپەراسیۆنەکان لە بارودۆخە ماندووکەرەکان ئەنجامدرا. پارێزگاکە دەکەوێتە بناری چیای ئەلحەجەر کە بە بیابان دەورە دراوە.

ئەو سەربازانەی کە لە سیناریۆکانی جیهانی ڕاستەقینەدا ڕاهێنانیان پێکراوە بریتیین لە هێزی پیادە، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و هێزە ئاسمانییەکان بۆ نمایشکردنی شەڕێک کە پێویستی بە کارکردنی پێکەوەیی لقە جیاوازەکانی سەربازی هەیە.

سەربازە بەشداربووەکان چەندین مانۆڕیان لەسەر فەرماندان و بەڕێوەبردن، جێگیرکردن و جێگرتنەوەی خێرا ئەنجامدا و پلانەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە گریمانەییەکان و وەرگرتنەوەی ئەو خاکانەی کە لەلایەن دوژمنەوە داگیرکرابوون جێبەجێکرد.

پڵنگی عەرەبی 6 بەشێکە لە ڕاهێنانی هاوبەشی ساڵانە کە لەلایەن سوپای شاهانەی عومانەوە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ سوپای وڵاتانی هاوبەش پەرەی پێدراوە. مەبەست لێی بەدەستهێنانی کارایی بەرزی شەڕکردنە، بە هەمان شێوە پێدانی ئەزموون بە سەربازەکان لە ئەرکە فرەنەتەوەییەکاندا.

بەحرەین و عومان سوودمەندن لە پەیوەندییە سەربازییە بەهێزەکەیان و بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ئاسایشی ناوچەکەدا هەیە. هەردوولا ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداون. داینامیکی ناوچەیی، وەکو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی هێڵەکانی کەشتیوانیی دەریایی، هەماهەنگییە سەربازییەکانی نێوانیان پێکهێناوە.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی عومان، alroya.om، muscatdaily.com

# ئۆزبەکستان و تورکمانستان سەقامگیری ناوچەکە پتەودەکەن

دەستەی یونیپاس

**وەزارەتەکانی** کاروباری دەرەوەی تورکمانستان و ئۆزبەکستان بە یەکێک لە "کارە لەپێشینە باڵاکان" ناویان برد، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2025 بەرنامەیەکی هەماهەنگیی دوو ساڵەیان واژۆ کرد کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەهێزتر دەکات.

شاندێکی تورکمانستان بە سەرۆکایەتی ڕاسیت مێرێدۆڤی وەزیری دەرەوە بۆ دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئۆزبەکستان بەختیۆر سەیدۆڤ و سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میرزیۆییێڤ، گەیشتە ئۆزبەکستان. هەردوولایەن بەرنامەی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوەی تورکمانستان و ئۆزبەکستان بۆ ساڵی 2025-2026 و پرۆتۆکۆڵی وەبەرهێنان و باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان واژۆ کرد.

هەردوو وڵات باسیان لە پەرەپێدانی وتووێژی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی تورکمانستان و ئۆزبەکستان کرد و بەڵێنیان دا کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناوچەیی و فرەنەتەوەییەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هاوبەشی لەسەر دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی و ئاسایش هەماهەنگی بکەن.

وەزیر سەیدۆڤ ستایشی قووڵبوونەوەی هاوبەشیی ستراتیژی وڵاتەکەی لەگەڵ دراوسێی ئاسیای ناوەڕاستی وڵاتەکەی کرد و ڕێککەوتنەکانی بە "بناغەیەکی تۆکمە و درێژخایەن" ناوبرد. تورکمانستان و ئۆزبەکستان لەسەر ئاڵوگۆڕی چڕ و پڕی دوولایەنە لە هەموو ئاستەکاندا کە بڕیارە لە ساڵی 2025ـدا ئەنجام بدرێت، ڕێککەوتن.

ئەو بوارانەی کە بۆ هەماهەنگی دیاریکراون بریتین لە گواستنەوە، وزە، بەڕێوەبردنی ئاو، کولتوور و بازرگانی، و توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی.

ئیلخۆم مەخکامۆڤ، وەزیری گواستنەوەی ئۆزبەکستان پلانەکانی بۆ فراوانکردنی ڕێگاکانی گواستنەوەی نێودەوڵەتی بە گرنگیدان بە تورکمانستان بەرەوپێدا. یەکێک لەو ڕێگایانە بریتییە لە ڕێڕەوێکی تورکمانستان-ئازەربایجان- جۆرجیا-ئەوروپا کە سوود لە دەریای قەزوین وەردەگرێت. بە هەمان شێوە وڵاتان پشتیوانیان خۆیان بۆ ناوچەی بازرگانیی ئازادی سنوور بڕی شاڤات-داشۆگوز دووپاتکردەوە.

تورکمانستان خاوەنی بەشێک لە گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی جیهانە، کە بە نزیکەی 15 تریلیۆن مەتر سێجا مەزەندە دەکرێت و هەناردەکردنی غازی تورکمانستان بۆ ئۆزبەکستان دەتوانێت لە کەمکردنەوەی پشتبەستنی وڵات بە بەرهەمهێنەرانی تر یارمەتیدەر بێت.

سەرچاوەکان: کاسپیان نیوز، وەزارەتی دەرەوەی تورکمانستان

# حوسییەکان تۆوی ناسەقامگیری و توندوتیژی لە هەرێمەکەدا دەچێنن

دەستەی یونیپاس




پیاوێکی ئاوارەی یەمەن یارمەتی مرۆیی وەردەگرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجەوە لە پارێزگای حجە لە مانگی نیسانی 2024 پێشکەشکرا. AFP/گێتی ئیمەیجس

**میلیشیا** حوسییەکان بەردەوامن لە سەرپێچیکردنی بانگەوازە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی گەلی یەمەن و ڕێزگرتن لە مافی ژیانیان بە شکۆمەندی.

ئەو گرووپە لە مانگی حوزەیرانی 2024 شەپۆلێکی دەستگیرکردنیان ئەنجامدا. دەیان کارمەندی یەمەنی کە لەگەڵ یارمەتییە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە دیپلۆماسییەکان لە یەمەن کاریان دەکرد، لەوانەش ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تۆمەتی سیخوڕیکردن ڕفێنران.

لێکۆڵەرانی حوسییەکان لە ژێر فشاردا دانپێدانیان لە دەستگیرکراوانی بێتاوان وەرگرتووە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو تۆمەتانە بوو لەلایەن گروپەکەوە دژیان دروستکرابوون.

دەستگیرکراوەکان بەڵێنی ئازادکردنیان پێدەدرا ئەگەر دانیان بە تۆمەتە هەڵبەستراوەکاندا بنایە. بەڵام حوسییەکان بەڵێنەکەیان نەبردە سەر، بەڵکو تا پاساو بۆ کردەوەکانیان بهێننەوە ئەو جۆرە دانپێدانانەیان لەگەڵ میدیاکانی پەیوەست بە حوسییەکاندا هاوبەشپێکرد.

لە مانگی ئەیلولی 2024، موعەمەر ئەلعریانی وەزیری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری یەمەن ئیدانەی دەستگیرکردنەکانی کرد و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد فشار بخەنە سەر حوسییەکان بۆ ئازادکردنی هەموو کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دامەزراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و هەروەها نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان کە بە زەبری هێز دەستبەسەرکراون.

"تیرۆریستانی حوسی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، زنجیرەیەک دانپێدانانی بەزۆر وەرگیراوی دەستگیرکراوانی یەمەن بڵاودەکەنەوە، کە بەشێکی زۆریان لەنێو دەستەبژێراندان، لەوانە کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ کە ساڵانێکی زۆریان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی فریاگوزاری مرۆیی و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لە یەمەن خزمەتیان کردووە، وەکو کەرەستەیەک بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی بەکاریان دەهێنن. تاوانێکی قێزەون لەم چەشنە سوکایەتیپێکردنی ئاشکرای گروپەکە بە گەلی یەمەن، بەربەرییەت، دواکەوتوویی و نەبوونی بەها ئاکارییان ئاشکرا دەکات،" ئەلعریانی ڕایگەیاند.

هێزە فرەنەتەوەییەکان وەڵامی داواکەیان داوەتەوە، دیارترینیان ناردنی هێزێکی ئەرکیی فڕۆکەهەڵگری هێزی دەریایی ئەمریکایە بۆ دەریای سوور. لە مانگی کانوونی دووەمی 2025، هێزەکانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا 14 مووشەکی حوسییان تێکشاند کە لەلایەن ئێرانەوە نێردرابوون بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حوسییەکان لە یەمەن بهاوێژرێن.

"کردەوەکانی تیرۆریستانی حوسی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن بەردەوامە لە مەترسی خستنە سەر دەریاوانە نێودەوڵەتییەکان و تێکدانی ڕێڕەوی کەشتیوانیی بازرگانیی لە باشووری دەریای سووری و ڕێڕەوی ئاوییە تەنیشتییەکان." فەریقی یەکەم مایکڵ کوڕیلا، فەرماندەی ئەوکاتەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند. "بەردەوام دەبین لە گرتنەبەری هەنگاوەکان بۆ پاراستنی ژیانی دەریاوانە بێتاوانەکان و هەمیشە گەلەکەمان دەپارێزین."

بۆ چەندین ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیی بێتاوان لەلایەن حوسییەکانەوە تووشی ڕفاندن، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی بوونەتەوە، وە بە بڵاوکردنەوەی وێنە و دانپێدانانەکانیان کە بە زۆرەملێ وەرگیراون ناوبانگیان لەکەدار بووە، وەزیر ڕایگەیاند.

دیالا حەیدەر، لێکۆڵەری یەمەن لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، داوای ئازادکردنی دەستبەجێی ئەو کارمەندانەی کرد کە بە ئارەزووی خۆیان دەستگیریان کردوون، لە مانگی تەمموزی 2024 ڕایگەیاند:

"ئەم شەپۆلە مەترسیدارە دەستگیرکردنە کە مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکاتە ئامانج، بیرهێنانەوەی توندی دیکەی ئەو مەودایەیە کە دەسەڵاتدارانی حوسییەکان دەیبەزێنن لە سەرکوتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. جگە لەوەش، ئەم هەڵمەتانە دۆخی ناجێگیری و خراپی مرۆیی و مافە مرۆییەکان لە یەمەن بەرەو خراپتر دەکەن، چونکە زۆرێک لەوانەی کە دەستگیرکراون کاریان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری یاخود پاراستنی ئەو کەسانە دەکرد کە ئەوپەڕی پێوویستیان بە یارمەتی بوو."

سەرچاوەکان: ئەشرق ئەلئەوسەت، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان.



**خاوەن پایە شازادەی جێنشین سەلمان بن حەمەد ئەلخەلیفە، چەپ، لەگەڵ کیێر ستارمەر، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا قسە دەکات.** AFP/گێتی ئیمەیجس

# هاوبەشیی بەحرەین و بەریتانیا لە گەشەکردنی بەردەوامدایە

دەستەی یونیپاس

لیژنەی هەماهەنگیی سەربازیی هاوبەشی بەحرەین و بەریتانیا لە وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە لەندەن لە ئەیلوولی 2024 بۆ 29هەمین جار کۆبووەوە.

کۆبوونەوەکە بە هاوسەرۆکایەتی فەریق عەبدوڵڵا بن حەسەن ئال نوعەیمی وەزیری کاروباری بەرگریی بەحرەین و سەرۆکی تیمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا کاشیف شاندی بەڕێوەچوو.

تەوەرەکانی گفتوگۆکە تیشکیان خستە سەر بەهێزکردنی هەماهەنگیی سەربازیی هاوبەش لە نێوان هێزی بەرگریی بەحرەین و وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە ڕێگەی بەردەوامیدان بە ئاڵوگۆڕی شارەزایی سەربازی و یەکخستنی بنەما و چەمکی سەربازییەوە.

لە درێژەی شەڕە سەربازییە بەرهەمدارەکاندا، فەرماندەی هێزی دەریایی بەحرەین شێخ عیسا بن سەلمان بن حەمەد لە تشرینی یەکەمی 2024 پێشوازی لە لیوا زاکاری ڕایمۆند ستینینگ، فەرماندەی ئەکادیمیای سەربازیی شاهانەی بەریتانیا ساندهێرس کرد.

شێخ عیسا بۆ ئامادەکردن و شایستەکردنی ئەفسەران، لەنێویاندا بەحرەینییەکان، تا بوتوانن لەگەڵ دوایین پێشهات و داهێنانەکانی بواری سەربازی و بەرگری هەنگاوبنێن، ستایشی ئەکادیمیاکەی کرد.

هەردوو وڵات پەیوەندییەکی بەهێزی مێژووییان لە هەموو ئاستەکاندا هەبووە. بەدرێژایی دەیان ساڵەی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات، پەیوەندییەکان گەشەپێدان و گەشەسەندنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە، کە بە واژۆکردنی چەندین ڕێککەوتن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن گەیشتە لوتکە. ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان بوارەکانی وەکو ئاسایش، سەربازی، تەکنەلۆژیا، ئابووری، ڕۆشنبیری و پەروەردە دەگرێتەوە.

لە ساڵی 2012ـەوە، هەناردەی چەکی بەریتانیا بۆ بەحرەین بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووی لە زیادبوون کردووە. زیاتر لە 400 مۆڵەتی هەناردەکردنی ئامێری سەربازی بۆ بەحرەین بە بەهای ملیارەها دۆلار لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پەسەندکرا.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی بەحرەین، ئەل وەتەن، Shephardmedia.com

# قەتەر سەرکردایەتی هەوڵەکانی GCC دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە داراییەکان

دەستەی یونیپاس

**سەقامگیریی** دارایی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بابەتێکی سەرەکی بوو لە میانی کۆنفرانسی لیژنەی هاوبەشی بەڕێوەبەرانی بانکە ناوەندییەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە مانگی ئەیلوولی 2024.

لە وتارێکدا کە لە کۆنفرانسەکەدا لە دۆحە پێشکەشی کرد، پارێزگاری بانکی ناوەندی قەتەڕ شێخ بەندەر بن محەمەد بن سەعوود ئال سانی، تیشکی خستە سەر گرنگی پەسەندکردنی سیاسەتی دروستی نرخی ئاڵوگۆڕ بۆ مسۆگەرکردنی سەقامگیریی درێژخایەنی دارایی و ئابووری.

ناوبراو پێشنیاری کرد کە پێویستە سیاسەتەکانی ئاڵوگۆڕکردنی نرخ بەگوێرەی بارودۆخی هەر وڵاتێک بە شێوەی تاک بگونجێنرێن. ناوبراو ڕایگەیاند بەستنەوەی دراوەکان بە دۆلاری ئەمریکی وەکو ئامرازێکی دراوی متمانەپێکراو بەردەوامیی دەبێت لە خزمەتکردن، چونکە پشتیوانیی لە سەقامگیری دارایی دەکات و هەڵاوسانی لەناکاوی بەهای دراو کەمدەکاتەوە.

قەتەڕ لە ڕووی بەرزکردنەوەی سیستەمی بانکی و کۆتاییهێنان بە چالاکیە داراییە نایاساییەکان لە ناوچەکەدا ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت. لە ساڵانی ڕابردوودا، دەوڵەتی کەنداوی عەرەبی لە پەرەپێدانی ژێرخانی کەرتی دارایی خۆیدا هەنگاوێکی مەزنی بۆ پێشەوە نا و ڕێگری کرد لە سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتکەرە داراییەکانی تیرۆریستان بۆ چوونە ناو دامەزراوە داراییە گشتی و تایبەتەکانی قەتەڕ.

قەتەڕ سەرکەوتنەکانی لە دژی سپیکردنەوەی پارە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکەی زانیاری دارایی قەتەڕ (QFIU) بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بن عید ئال سانی. QFIU سەکۆیەکی بۆ دامەزراوە داراییە گشتی و تایبەتەکانی قەتەڕ دامەزراند کە تێیدا پسپۆڕان بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە داراییەکان، لەوانەش سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتیکردنی دارایی تیرۆریستان بەشێوەیەکی بەردەوام کۆدەبنەوە.

QFIU بەرپرسیارە لە لێکۆڵینەوە و شیکارکردنی ڕاپۆرتە گوماناوییەکانی مامەڵە داراییەکان و زانیارییەکانی پەیوەست بە سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتیکردنی دارایی تیرۆریستی کە لە دامەزراوە داراییەکان و بازرگانی و پیشە نادارایییە دیاریکراوەکانەوە وەریدەگرێت.

دەزگاکە بەردەوامە لە بەزربوونەوەی پلەبەندی لە پێداچوونەوەکانی هێزی ئەرکی کرداریی دارایی (FATF)، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و ستانداردەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە دامەزراندووە. "قەتەڕ پێشکەوتنی بنچینەیی لە سیستەمەکەیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتیکردنی دارایی تیرۆر ئەنجامداوە،". FATF لە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەیدا ڕایگەیاندووە.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی قەتەڕ، هێزی ئەرکی کرداریی دارایی، یەکەی زانیاریی دارایی قەتەڕ



دۆحە، قەتەڕ



گۆڤاری یونیپاس بەخۆڕایی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

# هاوبەشیپێکردنی زانیاری

## بیبەخشە بە یونیپاس

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی یونیپاس لەCENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

## ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. یونیپاس خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەش کردنیك ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

## مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە ببێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە یونیپاس، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.



بۆ بەشداریکردنی **بێبەرامبەر** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ:
Unipath
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیپیشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU